# گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی گشتیی سەربەخۆیە
کۆمەڵێك ڕوناکبیر لەگەرمیاندا دەریدەکەن
ژمارە ( ٢٠ ) زستانی ٢٠١٣

**خاوەنی ئیمتیازو سەرنوسەر**
مەلا تەحسین گەرمیانی
ژ. مۆبایل ( ٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢ )
malatahsen@yahoo.com

**جێگری سەرنوسەر**
عومەر عەبدولکەریم
omaerteno@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نوسین**
د. ئومێد بەرزان برزۆ
dr.omedbarzan@yahoo.com

**دەستەی نوسەران**
بەناز عومەر — سامان کەریم
ئاسۆ وەهاب — ساڵەح هەلاج
ڕەحمان عەلی — پەخشان محەمەد

**ئینتەرنێت:**
www.dengekan.com
**ئیمەیڵ:**
govarigirfan@yahoo.com
**ناونیشان:**
گـەرمیان ـ کـەلار
**دیزاینی بەرگ:**
ئارام لوقمان
چاپخانەی ڕەهەند

**لەسەر ئەرکی**

**( بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆشنبیریو هونەرو وەرزش و لاوانی گەرمیان )**

**دەردەچێت.**

## پێڕست

جارێکی تر هاتینەوە مەیدان ٥
ئیمتیازی نەوت لەعێراق‌و ناوچە کوردنشینەکانی باشوری کوردستاندا ٩
فەلسەفەی زمان ١٧
پەروەردەو فێرکردن چییە؟ ٢٤
شێوازی بینای چیرۆکی "شیزۆفرینیا" ٤١
ڕەهەندی پیری لەدوو دەقی هێمندا ٥٤
پوختەی بۆچونەکانی ئەفلاتۆن لەسەر ئەدەب ٦٥
چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ٧٧
شەرمی کۆمەڵایەتی ٩٤
جۆرج زمێل و سەرەتاکانی وردە کۆمەڵناسیو
کۆمەڵناسی خۆشەویستی وەك وێنە ١٠٢
درۆکردنی منداڵان ١٠٧
کەشکۆڵ‌و بەهاکانی لەمێژووی نوسیندا ١١٤
پێغەمبەر زەردەشتی کوردو نهێنی سێ وتە بەنرخەکەی ١٢٣
چوار وێستگە لەژیانی شەهید (عەلی حەمدی)دا ١٣٢
گفتوگۆیەك لەگەڵ دەربازبوویەکی ئەنفال لەدووزخورماتوو ١٤٧
من حەزم لەگیرفانی پڕە! ١٥٤

پەیڤی سەرنوسەر

# جارێکی تر هاتینەوە مەیدان

ئەوەی ماوەیەک لەمێشکمدا مابویەوە، سەرلەنوێ دەرکردنەوەی گۆڤاری گیرفان بو، کە ژمارەی سفری لە ٢٠٠٥/١٢/٢٥ بۆ یەکەم جار وەک گۆڤارێکی کەموێنە کەوتە بازارەوە، تا ژمارە (١٩)ی خۆی بەرێکردو بەردەوامبو، بەڵام بەهۆی کەمدەرامەتیو سەرچاوەی گیرفانی خۆمەوە بۆ ماوەی ساڵێک لەدەرچون وەستا،



بەوەستانی ئەم گۆڤارە دەگمەنەی نێو بزوتنەوەی رۆژنامەنوسیی کوردی، بێگومان لەناخەوە ئازاری دەدام، کە لەدوای (٢٠) ژمارەوە بەهۆی نەبونی ماددەوە بوەستێ؟ دیارە پێش وەستانیشی زۆر دەرگای لایەنە پەیوەندیدارەکانم گرت، تا هاوکارمان بن، بۆ ئەوەی ئەم گۆڤارە لەکارکردن نەوەستێت، بەڵام هەوڵەکان بێهودە بون!؟

دوای ئەم وەستانە جارێکی تر کەوتمەوە بیری بەردەوامبونی ئەم پرۆژەیەو دیسانەوە لەپاش گفتوگۆو راوێژ لەگەڵ ستافو هاورێو دۆستانم، جارێکی تر بڕیاماندا بەگروتینو بەعەشقو خۆشەویستییەکی ترەوە، بڕیاری دەرکردنەوەی (گۆڤاری گیرفان) بدەینو بەخۆ سازدانێکی ترەوە ئەم پرۆژە تازەگەرییە چ لەقەبارەو چ لەناوەرۆکدا بخەینەوە کارو ببینەوە بەسەکۆکەی جاران بۆ نوسەرانو خاوەن خامەی بەئەمەک لەدەوری ئەم گۆڤارەدا کۆبکەینەوەو بەوشەو پەیڤی رەسەنو جوانی کوردی خزمەت بەزمانو ئەدەبو رۆشنبیریی تاکی کۆمەڵگەو ئەم وڵاتە بکەین. ئاشکرایە، کە پێشتریش بەم ئامانجەوە کارمان کردوەو هەنگاوی باشمان بریوە، ئەو هەنگاوانەش بەبێ پشتوپەنای ماددی بەرێکراوە، ئەوەی هەبو گیرفانی خۆمانو فرۆشی گۆڤارەکەمان بو، لەگەڵ ئەو خاوەن



پێنوسانەی کە بەبێ بەرانبەر بابەتی خۆیان بۆ دەناردین، تا ئەم گۆڤارە بەردەوام بێت.

ئەوەی جێی دڵخۆشیو ئومێدی بۆ ئێمە گەڕاندەوە، کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیریو هونەرو وەرزشو لاوانی گەرمیان بو، کە لەگەڵ دەستبەکاربونیان یەکێک لەکارەکانیان پشتیوانی کردنی دەرکردنەوەی گۆڤاری گیرفان بون، کە بڕیار وایە بچنە ژێر باری دابینکردنی بوجەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا لەکارو پرۆژەماندایە، کە بۆ داهاتو ئەم گۆڤارە بکرێت بەمانگانە، تا زیاتر خزمەتی خۆی باشتر بگەیەنێت بەخوێنەرو نوسەرانو رۆشنبیران، لەم پەیڤەدا جارێکی تر داوا لەنوسەرانو روناکبیرانو هونەرمەندانی هەمو لایەک دەکەینەوە، کە بەرهەمو بابەتەکانیان بۆ گۆڤارەکەمان بنێرن، تا ئێمەش بەو پەڕی خۆشحاڵییەوە دەرگایان بۆ بخەینە سەر پشتو گۆڤارەکەمان سەکۆیەک بێت بۆ جێکردنەوەی بیری چاکو نوسینی باشو بابەتو رەخنەی ئەدەبیو هونەریو فەلسەفیو مێژویی لەگەڵ هەر بابەتێکی تری کۆمەڵایەتیو زانستیو.... هتد، دڵنیایی هەمو لایەک دەکەینەوە، کە گۆڤاری گیرفان پرۆژەیەکە ئامانجی گەیاندنی رۆشنبیریو هۆشیارییە بۆ هەر تاکێک، کە بیەوێت بخوێنێتەوەو کارکردنیش بەم



قەبارە بچوکە گیرفانییە ئامانجێکی ترە، تا بتوانین هاوڵاتی ئەم وڵاتە پەلکێشی نێو دونیای خوێندنەوە بکەین، چونکە هەڵگرتنو گەیاندنو گواستنەوەی تەنانەت لەو وڵاتانەش کە ئاستی گەشەی بەرچاویان هەیە، خەڵک زیاتر بەم جۆرە نمونەی کیرفانەیان پێیە، کە لەنێو میترۆو قیتاروسەیارەو فڕۆکەدا دەیخوێننەوەو کاتەکەش بەرێدەکەنو زاخاوی مێشکی خۆیانیشی پێدەدەن.

گۆڤاری گیرفانیش بۆ خۆی هەڵگری پەیامێکە بۆ خەڵکو وڵاتەکەیو تایبەتمەندی خۆیشی هەیە، کە لەرابوردوشدا وەک سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵینەوەی زانستیی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان بەکارهێنراوە. با بزانین بۆ داهاتویش چەندمان پێدەکرێت، کە جێی مەبەستمانە بۆ گەیاندنی پەیامەکەمان بەجوانیو بەشێوەیەکی پابەندبونمان بەئاکاریەتیو پرانسیپەتی رۆژنامەنوسییەوە.



# ئیمتیازی نەوت لەعێراقو ناوچە کوردنشینەکانی باشوری کوردستاندا

ئەحمەد باوەڕ

وەک دەبینی وڵاتانی ئەوروپا لەوکاتەوە گرنگی نەوتی عێراقو (ویلایەتی موسڵ)یان بۆ دەرکەوت، کە هێشتا بەناوچەیەکی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی دەناسرا، بەڵام بەماوەیەک پێش بەرپابونی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤–١٩١٨) هەریەک لەوڵاتانی بەریتانیاو ئەڵمانیا لەڕێگای کۆمپانیاو سەرمایەدارەکانیانەوە کەوتنە ئەوەی بەرەزامەندی دەوڵەتی عوسمانی کاری بەدوادا گەڕانو پشکنینیان بۆ



سامانی نەوت دەست پێبکەن، ئەم داهاتەش هەرچەندە بەرادەیەکی زۆر لەژێر کۆنترۆڵی سوڵتانی عوسمانیو بەشێک بون لەخەزێنەو گەنجینەی تایبەتی خۆی. بەڵام لەو دەمانەوە کە تورکانی لاو واتە لایەنگرانی حیزبی (یەکێتیو سەرکەوتن ـــ الاتحاد والترقی) کە لەساڵی (١٩٠٨)ەوە کودەتایان کردەسەر سوڵتانی عوسمانی، ئەمانە بونە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی ئەو پەیوەندییانەی کە لەنێوان بەریتانیاو دەوڵەتی عوسمانیدا سەرچاوەی گرتو هاوکات وڵاتێکی وەک بەریتانیا ئەم گۆڕانکارییەی بەهەلێکی گەورە زانی، کە بەو ئاراستەیەدا دەسەڵاتو نفوزی خۆی لەناوچە نەوتیەکانی (ویلایەتی موسڵو بەغدا)ی ژێردەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بەهێزبکات. دواتر ببێتە مۆڵگەیەکی دەوڵەمەند لەبەردەم چالاکی کۆمپانیەکانیو لەبواری وەبەرهێنانی نەوتیدا، وێڕای ڕاکێشانی بەرژەوەندییەکانی ئەڵمانو دامەزراندنی کۆمپانیای تایبەت بۆ ئەم مەبەستە لەوانە دامەزراندنی (کۆمپانیای ڕۆژهەڵاتی ئەفریقی سنوردار) وەک لەقۆناغی دواتردا ناوەکەی دەبێتە (کۆمپانیای نەوتی تورکی)، لەگەڵ ئەوەشدا بەریتانییەکان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلۆ – فارسی) بەشداربکەن، بەوەی



لەڕێکەوتنامەی (١٤ی ئاداری ساڵی ١٩١٤)دا ئەمەیان بەهەنگاوێکی سەرکەوتو بۆ دەچێتەسەرو دواتریش دەوڵەتی عوسمانی لە ٢٨ی حوزەیرانی هەمان ساڵەوە لەڕێگای سەرۆک وەزیرانییەوە، کە لەودەمانەدا (سەعید حەلیم پاشا) دەبێ لەچوارچێوی یاداشتنامەیەکدا، وەڵامی هەردو باڵوێزی بەریتانیاو ئەڵمانیا لەئەستەمبوڵ دەداتەوەو مافی گەڕانو پشکنین دەداتە (کۆمپانیای نەوتی تورکی) لەهەردو ویلایەتی موسڵو بەغداد. بەڵام ئەوەی کە دەبێتە قۆرتو کۆسپی گەورە لەڕێگای جێ بەجێکردنیدا بەپلەی یەکەم هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی بووە، بەوەی هەریەک لەدەوڵەتی عوسمانیو ئەڵمانیا لەبەرەیەکدا یەکدەگرنەوەو بەریتانیاش دەکەوێتە ڕیزی وڵاتانی هاوپەیمانەوە، کە نەیارێکی سەرسەختی دەوڵەتی عوسمانییە. لەلایەکی تریشەوە وڵاتێکی وەک فەرەنسا لەوانە نەبو، کە لەچوارچێوەی کۆمپانیای نەوتی تورکی بەشداربوبێ، بەڵام کاتێک جەنگ دەستی پێکردو لەماوەی ساڵانی جەنگدا کە ڕێکەوتنامەی نهێنی (سایکس ـ بیکۆ) لە(١٩١٦/٢/١٩) بەسترا، بەپلەی یەکەم داڕێژەری پلانەکە هەریەک لەبەریتانیاو فەرەنسا بونو دواتر هەریەک لەڕوسیاو ئیتالیاش هاتنەپاڵیان، کەچی بەشێکی یەکجار



گەورەو فراوانی ویلایەتی موسڵ بەر وڵاتێکی وەک فەرەنسا کەوت. بەڵام بەریتانیا بۆ ئەوەی فەرەنسا ڕازی بکات لەمەسەلەی دەست هەڵگرتنیان لەوپشکەی کە بەپێی پلانی (سایکس ـــ بیکۆ) بەریان دەکەوێت، کەوتنە ئەوەی کە قەرەبویان بکاتەوە، بەو ڕێژە نەوتەی کە لەوکاتەدا بەر ئەڵمانیا دەکەوتو دەیکردە نزیکەی ٢٥٪ ی نەوتی ویلایەتی موسڵ بۆ فەرەنسا، وەک ئەوەی ئەم هەڵوێستە لەکاتی بەستنی پەیماننامەی (سان ڕیمۆی ١٩٢٠)دا لەبەرژەوەندیی هەردولا یەکلایی کرایەوە، کە ئەمەش ڕویدا بۆ هەمان مەبەستو بەرژەوەندیی خۆی. وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش کەوتە ئەوەی بێتە ناو هاوکێشەکەوەو تەنانەت لەوبارەیەوە نارەزایی خۆی دەربڕی لەمەسەلەی دابەشکردنە نەوتییەکانی عێراقی ئەو کاتەدا، ئەمەش وای لەبەریتانیا کرد، کە هەوڵی ئەوەبدا، کە وڵاتە یەکگرتووەکانیش ڕازی بکات.، وەک ئەوەی لەساڵی (١٩٢٣)دا نیوەی پشکی کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلو ـ فارسی) بۆ کۆمپانیای نەتەوەی وڵاتەیەکگرتووەکان دەستەبەرکراو دوا ڕێکەوتنامەش لەم بارەیەوەو بۆ مەبەستی ناوبراو بەتەواوی لەساڵی (١٩٢٨)دا لەنێوانیاندا یەکلایی کرایەوە، بەسەریەکەوە ئەو نەوتەی کە دەکەوتە چوارچێوەی

ویلایەتی موسڵو بەغداوە بەناوی (کۆمپانیای نەوتی تورکی) یەوە دەستنیشانکرابو، بەسەریەکەوە دو ملیۆن پشکی هەبو، بەم شێوەی لای خوارەوە لەنێوان کۆمپانیاو کەسایەتییەکانی وڵاتاندا دابەشکرا:-

١= گروپی دارسی ٢٣ , ٧٥ = ٤٧٥٠٠٠ پشک

٢= کۆمپانیای نەوتی ئەنگلۆ = سکۆنی ٧٥ , ٢٣٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشک

٣= گروپی فەرەنسی ٧٥ , ٢٣٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشک

٤= گروپی ئەمەریکی ٧٥ , ٢٣٪ = ٤٧٥٠٠٠ پشک

٥= گروپی گوڵبەنگیان ٥٪ = ١٠٠٠٠٠ پشک

بەپێی ئەو پلانو ڕێکەوتنەی کە نەوتی ناوچەکەی لەسەردابەشکرا، دەبینی کۆمپانیای نەوتی تورکی (٥٪) بەر کەسایەتی بەرەگەز ئەرمەنی (گوڵبەنگیان) کەوتوەو بری (٩٥٪ ) بەسەر کۆمپانیا بەناوبانگەکانی بەریتانیا، فەرەنساو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دابەشکراوە، لەلایەکی تریشەوە لەساڵی (١٩٢٤)ەوە کۆمپانیای نەوتی تورکی داواکارییەکی خۆی خستە بەردەم فەرمانڕەواکانی عێراقو لەچوارچێوەی داواکارییەکەیاندا وایان بەفەرمانڕەوایانی عێراق ڕاگەیاندبو، کە پێشترو لەماوەی دەسەڵاتی عوسمانیدا ڕێگەی ئەوەیان دراوەتێ، کە لەهەردو ویلایەتی موسڵو بەسرەدا بەدوای نەوتدا بگەڕێن. جا لەبەرئەوەی حکومەتی



عێراق لەو سەرو بەندەداو لە هەلومەرجێکدا دەژیا، کە هێشتا کێشەی موسڵو مەسەلەی ویلایەتی موسڵی بەتەواوی بۆ یەکلایی نەکرابووەوە، بۆیە دوای چەندین دانیشتنو کۆبونەوەی بەردەوام لە(١٤ی مارتی ١٩٢٥)دا حکومەتەکەی یاسین هاشمی (١٨٨٤-١٩٣٧) ڕازی بو، لەسەر ئەوەی کە ئیمتیازی نەوت بدات بەکۆمپانیای نەوتی تورکی، یەکێک لەو مەرجانەی کە حکومەتەکەی یاسین هاشمی دڵی پێخۆش بو، داواکردنی بو لەبەریتانیا، کە ئەبێ لەمەوبەدوا زۆر بەجیدی کار لەسەر ئەوە بکات، کە لەداهاتودا ویلایەتی موسڵ بخرێتەوە سەر عێراق. تەنانەت ئەمەش بووە جێی ڕەخنەیەکی توندی ڕۆژنامەوانانو وەزیرەکانی حکومەت، لەوانە ڕەشید عالی گەیلانی (١٨٩٢-١٩٦٥) کە وەزیری دادوەری بو لەگەڵ (محەمەد ڕەزا شەبیبی) وەزیری مەعاریفی ئەو کاتەدا، لەدوایشدا هەریەک لەم وەزیرانە دەستیان لەکارکێشایەوە.

کەچی دواتر دەقی بڕیارو ڕێکەوتنامەکە پەسەندکرا، کە لەچەند ماددەیەکی جۆربەجۆر پێکهاتبو، هەروەها ماوەکەشی بە( ٧٥) ساڵی تەواو دەستنیشانکرابو، لەڕۆژی مۆرکردنی ڕێکەوتنامەکەوە، هاوکات لەبری ئەو جیاوک ( ئیمتیاز )ەی کە عێراق دابوی بەکۆمپانیاکە پشکی حکومەتی عێراق بۆ



هەرتەنێک نەوت بەم جۆرە دیاری کرابو، لەوانە:-

١- بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ و تا ئەوکاتەی کە دەتوانرێ لولەی نەوت بگەیەنرێتە سەر یەکێک لەسەرچاوە ئاوییەکان، بەمەبەستی ناردنە دەرەوەی ئەبێ چوار شلن (زێر) بۆ هەرتەنێک نەوت بدرێتە عێراق.

٢- هەر دە ساڵ جارێک لەوماوەیەی کە دیاریکراوە، پشکی عێراق چوار(شلن) زیادو کەم دەکرێت بەپێی بارودۆخو ڕێژەی سەدی لەقازانجی نەوتدا.

دوابەدوای هەمو ئەوانە، کۆمپانیای نەوتی تورکیو لەکۆتاییەکانی (١٩٢٥)ەوە کاروبارە جیولۆجییەکانی خۆی بۆ گەڕانو بەدواداچونی نەوت دەستی پێکرد، بەڵام سەرەتا لەناوچەکانی باشوری ویلایەتی موسڵەوەو لەدەوروبەری حەمرینو تاوغ (داقوق)وپەڵکانەو دوزخورماتو، سەرەڕای ناوچەی کەرکوکو ناوچەی قەیارەو خواروی شاری موسڵ. تەنانەت شافەیسەڵ (١٨٨٥-١٩٣٣)ی عێراق بەخۆی ئامادەی کردنەوەی کارەکانی کۆمپانیاکە دەبێ لەناوچەی پەڵکانەو تەنانەت لەو ڕێوڕەسمەدا پاسەوانی شەرەفی بۆ ئامادە دەکرێ لە(٥ی نیسانی ١٩٢٧)دا و لەوێستگەی شەمەندەفەری (سلێمان بەگ)، کاتێک یەکەم بیری نەوتی لێدەدرێ. بەڵام لەناوچەی



خانەقینو شاری خانەقیندا نەوت بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٢٥داو لەلایەن کۆمپانیایەکی (ئەنگلۆ- فارسی)ەوە دەردەهێنرێت.

لەناوچەی باباگوڕگوڕیش لەمانگی تشرینی یەکەمەوە بۆ جاری یەکەم نەوت دەرهێنرا، بەڵام کۆمپانیاکە دوای ئەوەی کە ویلایەتی موسڵ خرایە سەر عێراق، بەتایبەتی لە(٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٩)ەوە ناوەکەی گۆڕدرا بە(کۆمپانیای نەوتی عێراقی سنوردار- **شركة نفط العراق المحدودة**) بەجۆرێ بڕی وەبەرهێنانی نەوت لەساڵی (١٩٣٤)ەوە گەیشتە زیاتر لە (٣٠٠) هەزار تەنو هەر لەم ساڵەشدا نەوتی عێراق بۆ یەکەم جار لەڕێگای (دەریای سپی ناوەڕاست)ەوە گەیشتە دەرەوەی وڵات.

– ئەم بابەتە درێژەی کتێبێکە سەبارەت بەعێراقی سەردەمی پاشایەتی، لەکاتی خۆیدا ناوی سەرچاوەکانی بڵاودەکەمەوە.

# فەلسەفەی زمـــان

وەرگێڕانی : د. دارا حمید محمد

بەمەبەستی لێکدانەوەو گوزارشتکردن لەفەلسەفەی زمان، دو ڕێگە هەن . یەکەم بریتییە لەفەلسەفە سەبارەت بەزمان، کە دەچێتە خانەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی زمان، وەک پەیوەندیی زمان بەزانستو بابەتەکانی جیا لەزمانەوە، بۆنمونە پەیوەندیی نێوان زمانو بیر (ئایا کامیان پێش ئەویتر دەکەوێت؟ چۆن کارلێک دەکەن؟...تاد). لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گروپێکی سەر بەفەلسەفەی فەرەنسی هەوڵی خستنەڕوی ئەوەیان دەدا، کە دەرکەوتنی واتا بەشێوەیەکی تارادەیەک جێگیر لەهەندێ وشەی لەقاڵبدراو (کامل)دا هۆکارێکە بۆ بڕواهێنان بەبونی هەندێ دۆخی نەگۆڕ لەواتادا، ( ئەم بۆچونە لەواتاسازیدا جێی نابێتەوە، چونکە واتا سرکەو دەستەمۆکردنی گەر مەحاڵ نەبێت، ئەستەمە (وەرگێڕ)). هەروەها گروپێکی سەر بەفەلسەفەی جێرمانی لەسەدەی نۆزدەهەمدا زۆرجار ئەو پرسیارە وروژێنەریان لێکدەدایەوە، کە پەیوەندیی بەڕۆڵی زمان لەمێژوی مرۆڤایەتییەدا هەبو،



هەندێ لەزمانەوانە بەراوردکارەکان دەیانویست، ئەوە بسەلمێنن، کە گۆڕان لەزماندا بەتێپەڕبونی کات ڕودەدات. هەندێ لەفەیلەسوفەکانیش لەوانە (هیگل)و هەندێ زمانەوانی سەر فەلسەفەی هیگڵ وەک شلایشەر (Schleicher) دیسان پشتگیرییان لەو بۆچونانە دەکرد، بەوەی کە مرۆڤ لەڕێی بەکارهێنانی زمانەوە کاریگەریی لەسەر دەوروبەری خۆی دەبێت، ئینجا لەڕێی بەردەوامبون لەیادکردنەوەی ئەو کاریگەرییەوە دەکرێ، مێژو دروست ببێتو دواتر مرۆڤ هەر لەقۆناغی یەکەمی مێژوی خۆیدا هەستی بەگرنگی زمان کرد وەک خودی زمانو گەشەیشی پێدات.

گروپێکی تر لەو فەیلەسوفانەی گرنگییان بەزمان داوە، هەڵوێستێکی تریان هەیە، ئەوەش بریتییە لەوەی کە دەکرێ، زمان لەڕوی پەیوەندییەکانی ناوەوە لێی بکۆڵرێتەوە. بەم شێوەیەش دەتوانرێت، خودی زمان بەبێ پەیوەندییە دەرەکییەکانی دیراسەبکرێت. لەڕاستیدا فەلسەفە هەر



لەسەرەتاوە زیاتر کاری لەسەر ئەم لایەنەی زمانەوانی دەکرد، نە فەلسەفەی شیکاری زمانی واتای وشەکانی پەسەند. وەک گفتوگۆی لاسیش ( Laches) کە تێیدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە، ئایا زۆرانبازی ئازایەتی فەراهەم دەکات یان نا؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سوکرات بۆچونی دەبێتو ڕەهەندێکی فەلسەفی بەپرسیارەکە دەبەخشێ، لەهەمان کاتیشدا دەیکات بەگرفتێکی زمانەوانی، ئەویش بەپرسیارکردن سەبارەت بەوەی کە مەبەست لە(ئازایەتی) چییە؟ ئینجا گەران بەدوای واتا گشتییەکەیدا کە لەهەمو بەکارهێنانەکانی وشەکەدا دەردەکەوێت.

توێژینەوەی زمانەوانی لەگفتوگۆکانی ئەفلاتوندا زۆرجار بێئومێدی بەدواوەیە، یان زۆرجار ڕەخساندنی زەمینەی لەبارە بۆ تێگەیشتن لەچەمک (Sense)، ئەو چەمکەی کە زۆرجار لەڕێی گفتوگۆی وردو چڕوپڕەوە ڕون دەبێتەوە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمداو لەلایەن گروپێک لەفەیلەسووفە ئینگلیزەکانەوە کە ناوی ( فەیلەسوفانی زمان) یان لەخۆیان نابو، لێکۆڵینەوەکانیشیان ناونابو (فەلسەفەی شیکاری). ئەو بڕیارە درابو، کە شیکاری زمانیی تەنها فەلسەفەی ڕاستو دروستە. ئەوانە گەشەیان بەهەندێ



لەکارەکانی زانایانی وەک کارناب (Carnap)و مۆر (More) و ڕاسلو فتگنشتاین (Wittgenstein)دەداو زۆرجار کارەکانی ئەو زانایانە دەبونە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەکانیان.

دەکرێ، گەلێ لەکێشە فەلسەفییەکان لەڕێی شیکارکردنی زمانی دەربڕینەکانەوە چارەسەربکرێن، هەروەها فەلسەفەی ڕەوشت بەهایەکی نامێنێ، کاتێک کە واتای وشەکانی وەک (باش، خراپ، هەڵسەنگاندن ...تد) لەبەکارهێنانە گشتییەکانیاندا لێکدەدرێتەوە. لەم سۆنگەیەوە جیاوازی سەبارەت بەبەهای زمان لەقوتابخانە فەلسەفییەکاندا دێتە ئاراوە. بەلای هەندێکەوە هەڵەی فەیلەسوفەکان بۆ لاوازی زمانی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە، هەروەها بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زمانی گشتی لاوازە، بەڵام فەیلەسوفەکان درکیان بەوەنەکردوە. هەرئەم درک نەکردنە بەماهییەتی زمانو بەهەڵەچون لەبەکارهێنانی زماندا وای لەهەندێ لەفەیلەسوفەکان کردوە، بگەنە ئەو دەرئەنجامەی کە زمان فەلسەفەی شێواندوەو هەندێجاریش داوای دوبارە بونیاتنانەوەی لۆژیکیانەی زمان بکەن. لەو نمونانەی کە ئەو فەیلەسوفانەی گەیاندووەتە ئەو بڕوایە نمونەی ڕاسل دەهێنینەوە، کە دەڵێت: (پاشای فەرەنسا کەچەڵە)، لەڕاستیدا

ئەم ڕستەیە تەنها لەڕووە زمانەوانییەکەیەوە لێکنادرێتەوە، ئاماژە بێت بۆ ئەوەی، کە لەڕۆنانی ڕستەکەدا فۆرمی فۆنەتیکیو فۆرمی لۆجیکی هەیەو پێکهاتە زمانییەکەو واتاکە دەگرێتەوەو هەواڵی کەچەڵی پاشای فەرەنسا دەگەیەنێت، بەڵکو بەلۆژیک پێشگریمانەی ئەوەیشی تێدایە، کە فەرەنسا شانشینەو شای هەیەو شاکەیشی کەچەڵە)، ئەمە لێکدانەوەی فەلسەفی ئەو ڕستەیەیە، بەلاّم قوتابخانە فەلسەفییەکان ئەوەیان بەسەردا تێپەڕیوە.

مەبەستە سەرەکییەکانی قوتابخانەی شیکاری تاڕادەیەک ئاوەژووە، بەتایبەتی لەقوتابخانەی ئۆکسفۆرددا کە لایەنگرانی بەفەلسەفەی زمانی گشتی ناودەبەن، چونکە گرنگیان بەزمان نەدەدا وەک زمان، بەڵکو زمان بەو شێوەیەی کە فەیلەسوفەکان بەکاریان دەهێنا، چونکە سەرچاوەی دروستبونی گرفتی فەلسەفی لەهەڵە بەکارهێنانی وشەکاندایە . بەلای فەیلەسوفەکانی ئۆکسفۆردەوە مانا لەبەکارهێناندایەو لێکدانەوەی واتای وشە لەڕێی بەکارهێنانەکانییەوە دەبێت. یەکێک لەهەڵەکانی فەلسەفە ئەوەیە، کە ئەرکێک بەوشە دەسپێرن جیاوازە لەو ئەرکەی کە زمان بەواتا گشییەکەی پێی دەبەخشێت، بۆ نمونە لەوتەی (ئەمە باشە)، واتە ئەمە



ئاراستەکردنە بۆئەوەی کە ڕو لەمەبە (ئەمە هەڵبژێرە). واتە ئەمەیاشە = ڕو لەمەبە. بەلاّم زمانی گشتی ئەو ڕستەیە بۆ پەسنی دۆخێک بەکاردەهێنرێت. بەمەش ناکرێ بوترێت زمان دیاردەیەکی لۆژیکی نییە، بەڵکو زمان خاوەنی لۆژیکێکی تایبەتەو لەلۆژیکی کردەییەوە نزیکترە وەک لۆژیکی بیرکاری، کە جیاکردنەوەی ئەمەیان بەسەر فەیلەسوفەکاندا تێپەڕیوە، چونکە لەلایەکەوە لەکارەکانی قوتابخانەی ئۆکسفۆرددا، پۆلێنکردنێکی وردی بەکارهێنانەکانی زمان دەبینین، لەلایەکی تریشەوە دەبینین ئەم قوتابخانەیە جۆرەکانی بەکارهێنانە تایبەتەکانو بەدەربڕینی تایبەت لەزمانێکدا دەستنیشان دەکات. زۆرێک لەفەیلەسوفەکانی قوتابخانەی شیکاری ئارەزوی ئەوە دەکەن، کە لێکۆڵینەوەکانیان زمانەوانی بێت، بەلاّم زمانەوانان بەپێچەوانەوە هەرگیز ئارەزوی ئەوە ناکەن، کە لێکۆڵینەوەکانیان سیمای فەلسەفی پێوە دیاربێت، ئەمەش بۆ دو هۆکار دەگەڕێتەوە:

فەیلەسوفە شیکارییەکان وا هەست دەکەن، کە لێکۆڵینەوە زمانییەکانیان زیاتر ڕەخنەگرتنە لەزمانو لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی زمانناسەکاندا تەبا نییە. ئەم بۆچونەشیان لەهاوتاکردنی پێکهاتەی سینتاکسی ڕستەیەکو فۆرمی



وشەکانی ئەو ڕستەیەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە ئەوان وای بۆ دەچن، کە کاتێک ڕستەیەک بەهەمان پێکهاتەوە واتای جیاواز دەگەیەنێت، ئەوە پێچەوانەی لۆژیکە.

فەیلەسوفە شیکارییە پسپۆڕەکان لەگرفتەکانی زماندا، ئەو جۆرە لێکۆڵینەوە زمانییانە بەدەر لەکاری زمانەوانی دادەنێن، بەبەڵگەی ئەوەی کە زمانەوانی لەزمان دەکۆڵێتەوە، وەک سیستمو یاسا، نەک لەڕوی بەکارهێنانەوە. واتە بەلایانەوە ( زمان = سیستم )، هەرچەندە هەندێ لەزمانەوان بەپێی بۆچونەکانی بنفنیست (Benveniste) هاتنە سەر ئەو ڕایەی، کە لێکۆڵینەوە لەزمان لەهەندێ دۆخدا پێویستی بەوە دەبێت، کە بگەڕێینەوە سەر بەکارهێنانەکانی زمانو کاریگەرییەکانی، بەمەش پێویستە زمانەوان سود لەفەلسەفەی زمان وەربگرێت.

**سەرچاوە:** ئەم بابەتە لە کتێبی
Dictionnair encyclopediue des sciences du languge
Todorov Tzvetan – Ducrot Oswald
وەرگیراوە و لەلایەن (جواد الرامی) کراوە بەعەرەبی.



# پەروەردەو فێرکردن چییە؟

داڕشتنەوەو وەرگێڕانی/ عومەر عەبدولکەریم
omerteno@yahoo.com

**پەروەردەو فێرکردن (Education):**

پەروەردەو فێرکردن یان (التربیە والتعلیم) چەمکو کۆنسێپتێکی فراوانو ئاڵۆزی هەیەو لەئەنجامدا نادیارە. لەپێناسەی چەمکی پەروەردەو فێرکردندا نەک تەنها لەنێوان خەڵکی ئاسایی، بەڵکو لەنێوان بیرمەندانو شارەزایانی پەروەردەو فێرکردنیش ناکۆکی هەیە. هەروەها چەمکگەلێکی وەکو (فێربونی نوسینو خوێندنەوە، کارفێربون، داهێنان، چاکسازیو ڕاستکردنەوە، بەکۆمەلاّیەتیکردنو ... هتد)یش




بەشێکن لەپەروەردەو فێرکردن یان لەگەڵیدا هاوئاهەنگی هەیە.

سەبارەت بەچەمکو مانای پەروەردەو فێرکردن، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگیردرێ، کە پەروەردەو فێرکردن تایبەت بەکەس، شوێن، یان کارێکی تایبەت نییە. واتە بەشێوەیەکی رونو ئاشکرا پەروەردەو فێرکردن تایبەتنەکراوە بۆ قوتابخانە، منداڵان، بەڵکو بۆ هەمووانە، لەهەر کاتێک (لەبێشکەوە تا گۆڕ)و هەر شوێنێک.

**پێناسەکانی پەروەردەو فێرکردن:**

هەروەک ئەوەی باسکرا، پەروەردەو فێرکردن خاوەن چەمک



و بەکارهێنانی فراوانو ئاڵۆزو نارونە. تاکو ئێستاش پێناسەیەکی تەواو یان چڕو پڕی بۆ دانەنراوەو بەدەست نەهاتوە. ئەوانەی لەم بوارەدا پسپۆڕو شارەزان، هەریەکەیان لەسەر بنەمای تێفکرینو شیکارکردنەوەی خۆی پێناسەیەکیان خستوەتە ڕو.

جان جاک رۆسۆ: پەروەردەو فێرکردن هونەر یان تەکنیکێکە، کە بەشێوەی ڕێنمایی یان پشتگیری هێزە سروشتییەکانو لێهاتوییە بەربلاوەکان، یان ڕەچاوکردنی یاساو ڕێساکانی گەشەی سروشتیو بەهاوکاری خودی خۆی بۆ ژیانکردن بەدەست دێت.

جۆن دیۆی: پەروەردەو فێرکردن دوبارە دروستکردنەوە یان ڕێکخستنی ئەزمونەکانە، بەمەبەستی ئەوەی واتای ئەزمون فراوان بێتو بۆ ڕێنماییکردنو کۆنترۆڵکردنی ئەزمونەکانی پاشتر، کەسەکە باشتر بەتوانا دەکات.

محەمەد باقر هۆشیار: پەروەردەو فێرکردن کۆمەڵێکی ڕێکوپێکی کارو ڕەفتارەکانە، بەواتایەکی تر پەروەردەو فێرکردن کارو کاردانەوەیەکە لەنێوان دو جەمسەردا (فێرکارو فێرخواز)، کە پێشتر پێویستی بەبنەماو ئامانجو بەرنامەیەکە.

دبلۆم نامەی بریتانیا: هەروەک ئەوەی منداڵان



بەنەخوێندەوارو نائاگا لەفەرهەنگو کولتوری کۆمەڵگەکەیان دێنە دونیاوە، بۆ فێربونی فەرهەنگو کولتورەکەیان، نەریتە ڕەفتارییەکانی کەسە پێگەیشتووەکان، فێربونی لێهاتوییەکان، دۆزینەوەی ڕۆڵەکانیان لەکۆمەڵگەداو گەیشتن بەئامانجەکانیان پێویستیان بەفێربونە.

**تیۆرەکانی پەروەردەو فێرکردن:**

تیۆرەکانی پەروەردەو فێرکردن بونی چوار شت لەپرۆسەی فێرکردندا بەپێویست دادەنێت: یەکەم مامۆستا، دووەم قوتابی یان فێرخواز، سێیەم بابەتی وانە، چوارەم ئەو گروپە کۆمەڵایەتییەی کە مامۆستاو فێرخوازی پێوەی پەیوەستنو لەڕێگەی ئەوەوە پێکەوە دەبەسترێنەوە.

ئەتوانرێ تیۆرگەلێکی پەروەردەیی جیاواز لەیەکتر جیابکرێنەوە، کە لەڕێگەیەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدرێنەوە: ئامانجی پەروەردەیی قوتابخانەیەک چییەو لەروی دەرونییەوە چۆن قوتابیان ئارەزومەند دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی، کە ئامانجەکانیان بەدەست دێنن؟ بابەتی وانەکە چییەو بە چ شێوازێک دەوترێتەوەو قوتابیان فێردەکرێن، ئاستی بابەتەکان تا چ ڕادەیەک ئاسانەو قوتابی فێری دەبێو بە چ ئاسانییەک لەبیریان دەچێتەوە؟



تاقیکردنەوەکان، شێوازەکانی وانەخوێندنو پێوەرەکانی بەراوردی قوتابیان لەگەڵ یەکتریدا چییە؟ قوتابخانە جیاوازەکان قەیرانگەلێکی جیاوازیان هەیە، ڕوبەڕوبونەوە دەرونییە جێ مەبەستەکانی قوتابخانە چییە؟ ئەو ترسانەی مامۆستا دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە چینو کاردانەوەی مامۆستایان لەبەرانبەر ئەم ترسانەدا چییە؟ قوتابیان لەم قوتابخانە جیاوازەکاندا ڕوبەڕوی چەندین ترسی جیاوازو جۆراوجۆر دەبنەوە، لەژێر چ ترس گەلێکدا قوتابیان هەوڵی فێربون دەدەنو وەڵامیان بۆ ئەم ترسانە چییە؟ بەتێبینی کردنی ئەوەی ئەتوانرێ تاوانی ئەم شکستهێنانەکان بخرێتە ئەستۆی ئەو تیۆرییە بەکارهێنراوە پەروەردەییە تایبەتە، چەند ڕێگە چارەیەک بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لەتیۆری پەروەردەیی پێویست دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی تیۆرێکی پەروەردەیی تایبەت بەرانبەر بەهەلومەرجی قوتابخانەیەک پێویستی بەئاگاییەکی تەواو هەیەو ناتوانرێ حوکمی تەواوی لێ بدرێت.

**مێژوی پەروەردەو فێرکردن:**

پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لەدروستبونی مرۆڤەکانەوە دەستیپێکردوەو وەکو لەپێشتریش باسکرا، هەندێک پێیان

وایە، کە دووەم پیشەی مرۆڤەکان بووە لەڕوی کۆنییەوە. لەکۆمەڵگە کۆچەریەکاندا، پەروەردەو فێرکردنی فەرمی بەم شێوەیەی ئێستا بونی نەبووە. لەڕاستیدا لەهەمو کارو چالاکییەکانی ڕۆژانەدا گەورەکان ڕۆڵی مامۆستایان گێڕاوەو لەهەمو شوێنێک پۆلو وانەوتنەوە بووە. کۆکردنەوەو ئەنباری زانستو زانیاری بەدرێژایی کاتەکان بووە هۆی ئەوەی، کە کەسێکی پێگەیشتو نەتوانێ بەسەر هەمو زانستو زانیارییەکاندا زاڵ بێت. ئەو ڕێگە چارەیەی، کە کۆمەڵگە بۆ ئەم کێشەیە دۆزییەوە پەروەردەو فێرکردن بو بەشێوازێکی فەرمی: قوتابخانەگەلێک دامەزراو کۆمەڵێک کەسی پسپۆڕ تیایاندا بەشێوەیەکی کاریگەر هاوکاریی ئەوەیان دەکرد، فەرهەنگو زانست بگوازنەوە بۆ خەڵکی، بەگەشەکردنی زۆری کۆمەڵگەو زیادبونی ئاڵۆزییەکانی، پەروەردەو فێرکدنی فەرمی خرایە سەرشانی دەزگا تایبەتەکان، جگە لەوەش جەوهەرو کرۆکی پەرەوەردەو فێرکردنیش وردەوردە گۆڕا، پەروەدەو فێرکردن کەمترو کەمتر پەیوەندیی بەژیانی ڕۆژانەی تاکە کەسەکانەوە دروستدەکردو ئەبستراکتر بو و لەپراکتیکی بونەوە دورتر دەکەوێتەوە. زانست بەشێوەیەکی پەستێنراوو کۆکراوەتر دروستبو، هەر ئەمەش ئەو لەخۆ گرییەی دەدایە



قوتابیان، کە لەو فەرهەنگو کەلتورەی تیایدا هاتونەتە دونیاوە زیاتر بڕۆنو شتگەلێک فێربن، کە هەرگیز نەیاندەتوانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان لاساییکردنەوەی کەسە پێگەیشتووەکان فێری ببن.

پرۆسەی پەروەدەو فێرکردن ئەمڕۆ یەکێکە لەپایە سەرەکیو بنەڕەتییەکانی پێشکەوتنو پێشڤەچونی کۆمەڵگەکانو گرنگییەکی زۆری پەیداکردوە، هەر خودی ئەمەش وایکردوە، کە پەرتوکو لێکۆڵینەوە گەلێکی زۆر لەبواری ئامانجەکان، ناوەرۆکو چۆنیەتی باشترکردنی وانەوتنەوە ئەنجام بدرێت. لەسەردەمی مۆدێرنەدا شاهێدی کرانەوەی فەلسەفەی پەروەردەو فێرکردنو تیۆرەکانی فێرکردنین. هەر مامۆستایەکیش بەتێبینی کردنی هەلومەرجو بارودۆخی قوتابیو فێرخوازەکانی شێوازگەلێکی جیاوازی پەروەردەیی بەکاردەهێنێت.

**پەروەردەو فێرکردن لەشارستانیەتە کۆنەکانو سەدەکانی ناوەڕاست:**

بەبڕوای زۆربەی لێکۆڵەران، نوسین یەکەمین جار لە(دۆڵی سەند) دۆڵی بەینولنەهرەینو دۆڵی نیل لەمیسر لەهەزارەی دووەمی پێش زاین بەکارهێنراوە. لەم سەردەمانەدا



گواستنەوەی ئەندێشە بەکێشانی وێنایەکی گونجاو لەگەڵ ئەوەدا ئەنجام ئەدرا، بۆ نمونە بۆ وێنەکێشانی "ڕۆشتن" وێنەی پێیەکیان دەکێشا، لەم نێوەندەدا میسرییەکان، کە بەفلچەو مرەکەب لەسەر پاپیرۆس (شێوە زەلێکە گەڵای نەختێ پانە) بەم شێوازە دەیان نوسی، ئیدی پلەبەپلە ئەو خەتەی پێیان دەنوسی، کە هیرۆگلیفی بو، پەرەیان پێدا.

هیرۆگلیف لەفەرهەنگدا بەمانای (خەتی کاهینەکان) دێت، ئەم خەتە تایبەت بەمەزهەبی نوسانی میسری کۆن بو، بەزیادبونی گونجاویە وێناییەکانی خەتی هیرۆگلیفی میسرییەکان بۆ بەکارهێنانی ڕۆژانە گەیشتنە بەکارهێنانی خەتی (حەرەمی)، بەڵام ئەویش هەر تایبەت بو بەکاهینەکان.

**پەروەردەو فێرکردن لەکۆمەڵگە کۆچەرییەکاندا:**

لەکۆمەڵگەی کۆچەریدا پەروەدەو فێرکردنی سنوردار سەرقاڵی گواستنەوەی کەلتورو فەرهەنگ بو، ئامانجیشی پەروەدەکردنی ڕۆڵەکان بو بەشێوەیەک، کە ئەندامێکی باش بن بۆ گروپ یان قەبیلەکەیان. مرۆڤێکی کۆچەری دونیا بەشێوەیەکی جێگیرو نەگۆڕاو دەبینێتو بۆ ئەو کەسەش فەرهەنگو کەلتور هەمو دونیای بۆ پێکدەهێناو ئەم کەلتورو فەرهەنگەش گواستنەوەی لەچینێکەوە بۆ چینێکی تر، کەمێک



گۆڕانکاریی بەسەردا دەهات.

کۆمەڵگەی کۆچەری جەختێکی زۆری لەسەر پێویستی پەیوەندیی گونجاوی کەسەکان لەگەڵ جەستەی قەبیلە یان گروپەکەیان دەکردەوە، کۆمەڵگە کۆچەرییەکان کێشەو هەمەجۆرییەکی فەرهەنگی زۆری هەبووەو خستنەڕوی یاسا گشتییە باڵا دەستەکان بەسەر هەمو ئەوانەدا کارێکی سەختە، بەڵام هەرچۆنێک بێت کۆمەڵێک خاڵی هاوبەش لەنێوان کەلتورەکانی کۆچەریدا هەیە، کەسە پێنەگەیشتووەکان لەکارو چالاکییەکانی کەسە پێگەیشتووەکاندا بەشداردەبن، فێربون لەڕێگەی میکانیزمەکانی لاساییکردنەوە، هەوڵدان بۆ تێگەیشتنی هەستو ئەنگێزەکانی کەسە پێگەیشتووەکانو هەوڵدان بۆ ناساندنو جێبەجێکردنی شوناسی خۆیان لەگەڵیاندا ئەنجام ئەدرا.

کاتێک کەسێک پێدەگات، شێوەی پەروەدەکردنی ئەو دەگۆڕێت، ئیدی نەدەبو بەشێوەیەکی ساتیو نارێک سەرقاڵی لاساییکردنەوەی کەسە پێگەیشتووەکان بێت، بەڵکو دەبو ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ڕێکو ستاندەر بکردایە، لەکاتی پێگەیشتنو بۆ جیابونەوەی لەژینگەی سەردەمانی منداڵی، کەسەکان دەستوری بەهەیبەتکردن (solemnize)، کە



دابونەریتێکە بۆ پەیداکردنی هەیبەت ئەنجام ئەدرێت، ئەنجامیان ئەدا، لەوانەیە کەسی پێگەیشتو بەشێوەیەکی لەناکاو لەخێزانەکەی داببرێت‌و لەگەڵ کەسە تازە پێگەیشتووەکانی تردا ڕەوانەی شوێنێکی تر بکرێت، هۆی ئەم جیاکردنەوەیە ئەوەیە، کە کەسەکە خوگری‌و وابەستەیی بەخێزانەوە کەم بکاتەوەو لەڕوی سۆزداری‌و کۆمەڵایەتییەوە بتوانێت خۆی ژینگەیەکی فراوانتری کەلتوری یان قەبیلەیەک دامەزرێنێت.

مامۆستایانی ئەم دەستورە ئاینییە بەهەیبەتکردنە، ئەو کەسانەن، کە تاکەکەس ناناسن، لەواقیعی نەتەوەکان کەسەکە لەقەبیلەیەکی ترەوە ئەهات، کە کەسەکانی تری نەدیوە. بەگشتی ئاین‌و دەستوری بەهەیبەتکردن، پراکتیکی نییە، بەڵکو تیایدا بەها کەلتورییەکان، ئاینزا قەبیلەییەکان، ئەفسانەکان، فەلسەفە، مێژو، مەراسیمی دابونەریت‌و زانیارییەکانی تر



ئەوترێنەوە. ئەم مەراسیمە (بەتایبەت بەشی مەزهەبی یان ئاینزاییەکەی) گرنگییەکی زۆری هەیەو پێویستی ئەندامێتی تاکەکانی قەبیلە بووە.

**پەروەدەو فێرکردن لەکۆنترین مەدەنیەت‌و شارستانیەتەکان:**

شارستانیەت‌و مەدەنیەت لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەنێوان هەردو ڕوباری دیجلەو فورات‌و لەمیسر نزیکەی (٣٠٠٠) سێ هەزار ساڵ پێش زاین دەستیپێکردوە. مەدەنییەت‌و شارستانیەتی دواتر هەزارو پێنج سەد ساڵ پاشتر لەباکوری چین لەدایکبو. گواستنەوەی کەلتورو فەرهەنگ لەم کۆمەڵگە ئاڵۆزانەدا (نوسین)ی پێویستکرد. هەڵبەت لەهیچ کاتێکدا لەسەردەمانی کۆن، زیاتر لە ٢٠- ٣٠ لەسەدی پیاوان‌و نزیکەی دە لەسەدی هەمو کۆمەڵگە نەیاندەتوانی بخوێننەوەو بنوسن.

**پەروەردەو فێرکردن لەئێرانی کۆندا:**

لەپێدەشتی ئێراندا لانی کەم پازدە هەزار ساڵ پێش، مرۆڤ تیایدا ژیاوە. لەبارەی چۆنیەتی پەروەدەو فێرکردنی ئەو خەڵکانەی پێش ئارياييەکان لەم سەرزەمینەدا ژیاون، زانیاری‌و ئاگاییەکی وەها لەبەردەستدا نییە.



نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش ئاریاییەکان‌و لەوانەش مادەکان‌و پارسییەکان‌و پارتییەکان کۆچیان بۆ سەرزەمینی ئێران کردوە. مادەکان لەڕۆژئاواو پارسییەکان لەباشورو پارتییەکان لەڕۆژهەڵاتی پێدەشتی ئێراندا مانەوەو چەند حکومەتێکیان پێکهێنا.

مادەکان نزیکەی حەوت هەزار ساڵ پێش زاین توانییان سەرزەمینەکانی ڕۆژئاوای ئێران کۆنترۆڵ بکەن‌و دەوڵەتی ماد دابمەزرێنن. منداڵان‌و نەوجەوانان دابونەریتی ژیان‌و کارو جەنگیان لەماڵ‌و ناو هۆزدا فێردەبون. پەروەدەو فێرکردنی فەرمی تایبەت بو بەڕۆحانیەکان. ڕۆحانیەکانیش جگە لەخوێندن‌و نوسین، بنەماو مەراسیمە ئاینییەکان، فەلەکناسی‌و شێوازەکانی پێشبینیکردن‌و چارەنوسی کەسەکانیان لەناوەندە ئاینییەکاندا فێردەبون. خەڵکانی تر لەم خوێندن‌و نوسینە بێ بەهرە بون. هەروەها مادەکانیش شێوە خەتێکیان هەبو وەکو خەتی مێخی وابو.

**پەروەردەو فێرکردن لەدونیای ئیسلامدا:**

پەروەدەو فێرکردن لەناو ئیسلامدا ئەرزش‌و بەهایەکی زۆری هەبووە. بەموسڵمانبونی خەڵکانی نەتەوەو نەژادو کۆمەڵگە جیاوازەکان، پەروەدە ڕۆڵێکی گرنگی لەپێکهێنانی

کۆبونەوەیەکی پێکەوەبەستوی جیهانی گێڕا. تاکو ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆیەمی زاینی، ڕێکخستن‌و دابەشبونێکی دیارو ڕونی زانست ئەنجام درابو. زانست کرابووەوە سێ بەشەوە: زانستی ئیسلامی، زانستی فەلسەفی‌و سروشتی‌و زانستی ئەدەبی هونەری.

زانستی ئیسلامی گرنگی دەدا بەلێکۆڵینەوە لەسەرچاوە ئیسلامییەکانی وەکو قورئانی پیرۆزو فەرمودەکان‌و تەفسیرەکانی قورئان. هەروەها زانستی ئیسلامی لەڕوی فەرهەنگی‌و کەلتورییەوە لەهەموان بەبەها تربو، کەچی فەلسەفەو زانستی سروشتی بەئەندازەی زانستی ئیسلامی گرنگ نەبو.

لەسەرەتادا سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی ئیسلامی جەختێکی زۆری لەسەر هونەرو کاروباری پراکتیکی وەکو فراوانکردنی سیستەمە ئاودێرییەکان، داهێنانە کشتوکاڵییەکان، بەرگ دورین، بەرهەمهێنانی ئاسن‌و پۆڵاو پێست، بەرهەمهێنانی کاغەزو باروت، پەرەپێدانی بازرگانی‌و سەرزەوی‌و دەریایی‌و دروستکردنی کەرستە گڵکارییەکان دەکردەوە. بەشێوەیەکی پلەیی‌و لەسەدەی یازدەی زاینی بەولاوە، حەزکردن لەزانستی مەزهەبی بەشێوەیەکی سەرەکی



شوێنی زانستەکانی تری گرتەوە. زانستی یۆنانی‌و فەلسەفەکانی تر بەشێوەیەکی تایبەتی‌و کەم دەوترانەوەو هونەرە ئەدەبییەکانیش بەشێوەیەکی فراوان بەرەو کەمبونەوە دەرۆشتن. لەو ئازادییەی درابووە زانایان‌و ڕیزپەرەکان (نوخبە) کەمکرایەوە. ئەم جۆرە سیستەمە پەروەردەییە لەئۆزبەکستانی ئەمرۆ لەرۆژهەلاّت تاوەکو میسر لەرۆژئاوا بەدرێژایی سالاّنی (١٠٥٠- ١٢٥٠)ی زاینی بەرفراوانبو.

**پەروەردەو فێرکردنی نوێ:**

لەزۆربەی ولاّتاندا، تێپەڕاندنی ماوە سەرەتاییەکان بۆ منداڵانی پێنج‌و شەشە ساڵەو تێپەڕاندنی ماوەی ناوەندی بۆ نوجەوانانی سیازدە ساڵە ناچارییە.

**کاریگەرییە سیاسییەکان:**

ڕابەرانی سیاسی کاریگەرییەکی زۆریان کردوەتە سەر سیستەمی پەروەردەو فێرکردن. بۆ نمونە لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران سیستەمی پەروەردەیی لەژێر چاودێری توندی کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا بو. پاش بەدەسەلاّت گەیشتنی (جۆزێف ستالین)، ئەو جەختێکی تایبەتی لەسەر پەروەردەو فێرکردنی زانستەکان، بیرکاری‌و ئایدۆلۆژیای



کۆمۆنیستی دەکردەوە، هاوکات ناوەندەکانی زانستی یەکێتی سۆڤییەت ژمارەیەکی زۆر لەهاولاّتیانی ولاّتانی تری بۆ ناوەندەکانی پەروەردەو فێرکردنی خۆیان ڕاکێشا. پاش تێکچوونی نیزامی یەکێتی سۆڤیەت سیستەمی پەروەردەو فێرکردنیش چاکسازی تێدا کراو دەسەلاّتی دەولّەتە خۆجێییەکانیش لەم کارەدا زیادی کرد.

لەسیستەمی پەروەردەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، لەسەرەتای سەدەی بیستەم جیاوازی نەژادی لەدژی ڕەشپێستەکان هەبو، کە دەولّەتی ئەمریکا بەدەرکردنی یاساگەلێک هەولی سڕینەوەی ئەوانەی دا، هەروەها یاساگەلێک بۆ پێدانی (جیاوگ) ئیمتیازاتی زۆرتر لەسپی پێستەکان بەڕەشپێستەکان بەناوی جیاکاری پۆزەتیڤ دەرکرا.

**سەرچاوەکان:**


- Encyclopedia Britannica, *Education*
- Philosophy of Education .Stanford encyclopedia of philosophy, ٢٠٠٨
- Comparative Theories of Education Author(s): Harry A. Grace Source: Comparative Education Review, Vol. , No.3 (Feb.,1964 ), pp. Published by: Compara-





tive and International Education Society.
- Johannes Christes, *Education*, Brill's New Pauly
- McLachlan, K.S.; Coon, C.S.; Mokri, M.; Lambton, A.K.S.; Savory, R.M.; Bruijn, J.T.P. de. *Iran*, en:Encyclopaedia of Islam .
- History of Education

# شێوازی بینای چیرۆکی "شیزۆفرینیا"

## لەنێوان هەڵوەشانەوەی نوسەرەکەی و پێکەونانی خوێنەرەکەی

د. عادل گەرمیانی

هەمو بەرهەمێکی ئەدەبیو هونەری لەنێو بۆشایی سێگۆشەی نوسەرو دەقو خوێنەر پەنگدەخواتەوە، هەمو نوسەرێک وەک پەیامنێر خاوەن پەیامە ئاراستەی خوێنەر یا پەیاموەرگرەکەی دەکات لەنێو تیۆری زانیاریدا (Epistemology)و هەر گۆشەیەک لەو سێگوشیەیە خاوەن هۆشیاریی خۆیەتی بەشێوەی زنجیرەیی کار لەیەکتر دەکەن (نوسەر ـ دەق ـ پەیاموەرگر)و بەهۆیەوە هۆشیاریی دەق دەردەکەوێو هۆشیاری نوسەر لەڕێی هۆشیاری دەقەوە کار لەهۆشیاری پەیاموەرگر دەکات.



کەواتە هەردو هۆشیاریی نوسەرو دەق هەوڵدەدەن ئاستی هۆشیاری پەیاموەرگر بەرزبکەنەوە، لێرەدا شێوازی نوسینی دەقو دارشتنی ڕوداوەکەی فاکتەرێکی کاریگەرن بەسەر چێژوەرگرتنی پەیاموەرگرەوە، کەوا یان پەیاموەرگرێکی ئاسایی دەبێ توانای شیکردنەوەو هەڵوەشانەوەی سیستەمی بینای ڕوداوی نێو دەقەکەی نییە، یا پەیاموەرگرێکی زیرەک دەبێو وەک ڕەخنەگرێک مامەڵە لەگەڵ دەقەکەو سیستەمی بینای ڕوداوەکەی دەکاتو توانای بەکارهێنانی وزەی شیکاری مێشکیی هەیە لەپرۆسەی خوێندنی دەقەکەدا. ئەم لایەنە وامان لێدەکات بڵێین، کە ڕەخنەگر خاوەن ئەقڵیەتی شیکارییە یا ئەقڵیەتی هەڵوەشاندنەوەیەو نوسەری دەق خاوەن ئەقڵیەتی پێکەوەنانییە لەنوسینی دەقەکەیدا.

خوێنەری دەقی چیرۆکی ( شیزۆفرینیا )ی دوکتۆر فەرهاد پیربالْ دەرک بەوە دەکات، ئەو هاوکێشەیە لەنێوان نوسەری دەقو خوێنەری دەق ئاوەژوکراوەو نوسەری دەق لەم چیرۆکەدا لایەنی پێکەوەنانی دیمەنەکانی ڕوداوی چیرۆکەکەی خستوەتە ئەستۆی خوێنەری دەقەکە تا شوێنی چیرۆکنوس وەربگرێو ئەوسا دەبێتە نوسەری دووەمی دەق، هەرچەندە هەردوکیان لەدەرەوەی دەق هەبونیان هەیە، بەلاّم



نوسەری ئەم دەقە لەڕێی بگێڕەوەی دەقەکە هەبونی خۆی لەجیهانی ناوەوەی دەق بۆ خوێنەری دەقەکە دەسەلْمێنی.

ڕوداوی ئەم دەقە بەلای خوێنەری هاوچەرخەوە نامۆ نییە، چونکە لەم ڕۆژگارەی کوردستاندا ژمارەیەکی زۆری ڕوداوی لەهەمان چەشن هەن بەسەر گەنجە ئاوارەکانی دەرەوەی کوردستان هاتوە، بەتایبەتی لەشوێنەکانی تاراوگەی ئەوروپادا.

بەدبەختیو نامۆیی بەختیاری نابەختیار لەوەدایە، لێپرسراوانی فەرەنسا کارتی پەناهەندەیی بەم کوردە ئاوارە نادەن، هەچەندە سێْ ساڵە لەو وڵاتە دەژێو لەم حالْەتە دروستی یاسا فیزیکییەکە دێتەکایەوە، کەوا هەمو کردەوەیەک کاردانەوەیەکی هەیە ئاستەرەوەکەی (اتجاه) پێچەوانە وەردەگرێو کاردانەوەکە هەمان هێزی کردەوەکەی هەیە.

ڕەفتاری ڕۆژانەی بەختیار لەو سێ ساڵانەی ئاوارەبونی زۆر ئاسایی دەبێو ڕۆژانە خزمەتی خەلْکی شارەکەی دەکرد لەڕێی پاککردنەوەی شۆستەی شەقامەکانی شارەکە لەگەڵای دارەکاندا، تەنانەت بەوەش رازی بو لەسنوری یەک کیلۆمەتری چوارگۆشەیی دەرنەچێ لەبەر بێ پارەیی، بەلاّم کاردانەوەکەی بەختیار لەو وەختە دەبێ، کە ئەفسەرە



فەرەنساییەکە دەیخاتە بەردەم هەڵبژاردنی گەڕانەوەی بەبێ ئۆمێدی بۆ وڵاتەکەی وەیا ناردنی بۆ نەخۆشخانەی شێتەکانی پاریس.

خوێنەری ئەم دەقە هەست بەهاوسۆزی چیرۆکنوس لەگەڵْ پالْەوانەکەیدا دەکات، کاتێک چیرۆکنوس هەوڵدەدات کار لەسۆزی خوێنەر بکات لەڕێی دروستکردنی هاوکێشەی سۆزداری لەنێوان سۆزی پیرێژنە فەرەنسەییەکە لەگەڵْ بەختیاردا لەلایەکو سۆزی دایکی بەختیار لەنەخۆشخانەی شێتەکانی هەولێر لەگەڵْ گەنجە عەرەبە هەلاّتووەکەی شاری دیوانییە، هەرچەندە گەنجە عەرەبەکە لەبەر هۆکارێکی ڕامیاری بۆ هەولێر هەلاّتووەو بەختیاریش لەبەر هۆکاری ڕامیاری بۆ فەرەنسا هەلاّتووە. کردەوەی بەختیار لەفەرەنسا وەک گزک دەرو خزمەتکەری شاری پاریس هەروەک کاری خزمەتکاری دایکیەتی لەنەخۆشخانەی شێتەکانی هەولێر. لێرەدا ئەم لایەنانەی لێکچونو جیاوازییە لەم خالاّنەی خوارەوە کۆدەکەینەوە :

١- بەختیار وەک گەنجە عەرەبە هەلاّتووەکەیە لەڕوی نالەباری ژیاندا، بەلاّم بەختیار بۆ دەرەوەی کوردستانی عێراق دەچێتو گەنجە عەرەبەکە بەرەو شارێکی کوردستانی

عێراق دەچێت.

٢- بەختیار وەک دایکیەتی لەبواری خزمەتگوزاریدا.

٣- دایکی بەختیار وەک پیرەژنە فەرەنسەییەکەیە لەبواری سۆزداریدا.

٤- بەختیار وەک گەنجە عەرەبەکە لەشوێنە تازەکەی ژیانیان توشی نەخۆشی کەرتبونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) دەبن.

٥- چارەنوسی بەختیار وەکە گەنجە عەرەبەکە نادیار دەبێ، پاش خراپی پەرەسەندنی هێڵی کارەساتەکانی ژیانیان.

٦- بەسەرهاتی بەختیارو گەنجە عەرەبەکە ئەوە دەسەلمێنێ، کە مرۆڤی باشو مرۆڤی خراپ هەمیشە لەشوێنەکانی جیهاندا هەیەو کار لەچارەنوس‌و ئارەزوی خەڵکی دەوربەریان دەکەن.

هەمو چیرۆکنوسێک سەربەستە لەهەڵبژاردنی بابەتی نێو روداوەکانی چیرۆکەکەی‌و ئەم کارە زۆر زەحمەت‌و ئاستەنگ نییە بەلای چیرۆکنوسەوە، بەڵام لەوانەیە هەڵبژاردنی شێوازی دارشتنی روداوەکان ببێتە ئاستەنگ بەلای چیرۆکنوسەوە، چونکە شێواز وەک (بۆخمان) دەڵێت، هەمان کەسێتی نوسەرەکەیە. ئەمجۆرە هاوکێشە دو لایەنە لەنێوان کەسێتی نوسەرو چیرۆکنوس‌و شێوازەکەی دەسەلاتی دەق بەسەر نوسەرکەی دەنوێنێ، کەوا دەبێ بەدوای باشتر شێوازی



کاریگەر لەدارشتنی بابەتی نێو روداوەکانی دەقەکەی بگەرێت، تا پەیامی دەقەکەی بەپەیاموەرگرانی بگەیەنێ، چونکە هەردو دەسەلاتی نوسەر وەک پەیامنێرو دەقەکەی وەک پەیام هەوڵی کارتێکردن لەهەست‌و هۆشیاری پەیامورەگر دەدەن، تا ئاستی هەست‌و هۆشیاریی نوسەرەکە. هەریەکە لەسێ گۆشەی نوسەری پەیامنێرو دەقی پەیامدارو خوێنەری پەیاموەرگر خاوەن جۆرە هۆشێکن لەتیۆری زانیاریدا (Epistemology) و سەرچاوەی سەرەکی ئەم پرۆسەیە، هۆشیاریی نوسەرەکەیە وا لەرێی هۆشیاریی نێو دەقەکەیەوە کار لەهۆشیاریی خوێنەرەکە دەکات‌و لەم پرۆسەیە شێوازی نوسەر گەوەترین رۆڵی کاریگەریی خۆی دەنوێنێ، هەروەها لەم پرۆسەیەدا ئاستی لێکدانەوەی خوێنەرو پەیاموەرگر رۆڵی خۆی هەیە، چونکە هەمو نوسەرێک هەوڵی بەخشینی چێژێک بەخوێنەرەکەی لەرێی شێوازی چیرۆکەکەیەوە دەداو هەرچەندە ئاستی لێکدانەوەو تێگەیشتنی خوێنەر باش‌و بەرز بێ، ئەوەندە ئاسانترو خێراتر لەچێژ وەرگرتنەکە نزیک دەبێتەوەو لەم حاڵەتەدا ئێمەیش دەڵێین: نوسەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەرە لەبواری بینای روداوەکانی نێو دەقی چیرۆکەکەی‌و خوێنەریش دەبێتە خاوەن ئەقڵێکی



هەڵوەشێنەرەوەی بینای روداوەکانی نێو دەقەکە تا بگاتە ئاستی چێژوەرگرتن لەدەقەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیارییەکەی، کەوا زۆر مەبەستە بەلای نوسەرو خوێنەرەوە.

ئەم جۆرە لێکدانەوە لۆجیکییەم لەسەرەتای ئەم رەخنەیەم بۆ ئەوە نوسی، تا بەراشکاوی بڵێم خوێنەری زیرەکی دەقی چیرۆکی (شیزۆفرینیا)ی د. فەرهاد پربالٚ، کەوا لەژمارە (٢١) ی گۆڤاری (رامان) لەساڵی ١٩٩٨دا بڵاوبوەتەوە، توشی ئاوەژوکردنەوەی بەدوا یەکترهاتنی هەنگاوەکانی بینای دەقی چیرۆکەکە دەبێ، کاتێک نوسەری دەق لەرێی شێوازێکی نوێی نوسینی چیرۆکی کوردی رێگا بەخوێنەرەکەی دەدا هاوبەشی بینای گشتیی روداوەکانی بابەتی دەقی چیرۆکی (شیزۆفرینیا )کەی بکات لە رێی ئەو (٣٠) سی دیمانەی نێو (١٥) پازدە دیمەنی چیرۆکەکەیدا هەیە، کەوا لەسەر شێوازی لەت لەتکردنی بینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکە بونیادنراوەو خوێنەری ئەم چیرۆکە هیچ چێژێک لەم دەقە وەرناگرێ، ئەگەر خاوەن ئەقڵێکی پێکەوەنەر نەبێ، کە بەهۆیەوە بتوانێ سەرلەنوێ سەرجەمی برگەکان بینای گشتیی بابەتی نێو روداوەکانی چیرۆکەکە بەشێوەیەکی زەنجیرەیی پێکەوە



بنێتەوە. لێرەدا ئەوەی سەیری ئاسترەوی (بروانەکانی کۆتایی هەر دیمەنێک) لەو پازدە دیمەنە بکات، ئەوسا بۆی دەردەکەوێ، دیمەنی دووەم‌و حەوتەم‌و چواردەهەم سەرو سێ جار سەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنوسەوە بەرەو لایان ئاراستەکراوەو تەنیا یەک جار سەرنجی خوێنەر لەلایەن چیرۆکنوسەوە بەرەو لای دیمەنەکانی یەکەم‌و پێنجەم‌و سیازدەهەم ئاراستەکراوەو سەرو دوجار سەرنجی خوێنەر بەرەو لای دیمەنەکانی سێیەم‌و چوارەم‌و شەشەم‌و هەشتەم‌و نوهەم‌و دەهەم‌و پازدەهەم ئاراستەکراوەو بەپێی ئەم نەخشەی پۆلینکردنی گرنگی دیمەنکانی نێو چیرۆکەکە بۆمان دەردەکەوێ، دیمەنەککانی (٢+٧+١٤) زیاتر گرنگن لەنێو بینای دەرونیی بابەتی چیرۆکەکە، کەوا لەمەر نەخۆشی شیزۆفرینیایەو دیمەنەکانی ( ١+٥+١٣) کەمتر گرنگن لەروی دەرونییەوە لەبینای گشتیی بابەتی چیرۆکەکەو، دیمەنەکانی ( ٣+٤+٦+٨+٩+١٠+١١+١٢+١٥) خاڵی ناوەندین لەهێڵی پەرەسەندنی گرنگی دیمەنکانی ئەم چیرۆکە، کەوا شێوازەکەی تەقلیدی نییەو پێچاوپێچ‌و نوێیە لەچۆنێتی نوسینی چیرۆکی کوردیی هاوچەرخدا ئەمەش دەلالەتی ئەوەیە د.فەرهاد وەک شەیدایەکی نوێخوازییە لەچیرۆکنوسیدا هەوڵی

پێشکەشکردنی ئەمجۆرە شێوازەی داوە لەڕێی بەکارهێنانی مەقەسی شێوازی لەت لەتکردنی بیناى چیرۆکەکەی.

خوێنەری زیرەکو پاش پشتبەستن بەگرنگی ( شێوەی -٢)، کەوا سێ کەرەت ئاراستەکردنی سێ جاریی بەدی دەکات، دەتوانیٚ سرۆشتی بیناى کات لە نێو ئەم چیرۆکە دەستنیشان بکات، کەوا بەم شێوەیە (کاتی ئێستا ـ کاتی ڕابردوی نزیک ـ کاتی ڕابردوی دور)، چونکە دیمەنی دووەم، کەوا دیمەنەکانی (٦+١١+١٢) ئاڕاستەی کراوە، لەبارەی کاری ئێستای دایکی بەختیار دەدوێ، وەک خزمەتکارێک سێ ڕۆژ لەخەستەخانەی شەماعییەی هەولێر کاردەکاتو ڕۆژانی دیکەی هەفتە لەماڵی دەوڵەمەندەکانی شار جلوبەرگ دەشواتو نێو ماڵیان بۆ پاک دەکاتەوە. کاتی نێو دیمەنی حەوتەم، کەوا دیمەنەکانی ( ٢+١٢+١٥)ئاڕاستەی کراوەو کاتی ڕابردوی نزیکەو لەمەڕ دڵڕاوکێی بەختیارو پێنج ڕۆژ ڕیش نەتاشینی دەدوێو کاتی نێو دیمەنی چواردەش، کەوا دیمەنەکانی (٣+٥+٩) ئاڕاستەی کراوەکانی ڕابردوی دورەو لەمەڕ مانەوەی بەختیار لەفەرەنسا بۆ ماوەی سێ ساڵ بەبێ بەخشینی کارتی پەناهەندەیی دەدوێ، کەواتە سروشتی کاتەکەش دەرونییەو پێوەندیی بەبیناى بابەتی دەرونیی چیرۆکەکەوە هەیەو



چیرۆکنوس ڕێ بەوێنەی دەدا لەکاتی ئێستای نێو چیرۆکەکە بەرەو کاتی ڕابردوی نزیک بڕوات، پاشان زیاتر دابەزێت بۆ ڕابردوی دور تا لەنزیکەوە ئاگای لەڕاستی بەسەرهاتو کردەوەکانی کاتی ئێستای ژیانی بەختیار ببێت، کەوا توشی نەخۆشی کەرتبونی کەسێتی (شیزۆفرینیا) دەبێو بەبێ ئاگا لەخۆ شوشەبەندی کۆگاکانو دەڕابەو کەبەنگی دوکانەکان دەداتەبەر شیشە درێژەکەی دەستیو ئەوسا دەگیرێتو ئەفسەری پۆلیسخانەکە دەیخاتە بەر دو هەڵوێستی لەیەکتر ناخۆشتر، کەوا یا بۆ وڵاتەکەی بگەڕێتەوە، وەیا بۆ خەستخانەی شەماعیەی فەرەنسا ڕەوانە بکرێت. سروشتی بابەتی چیرۆکەکە مۆرکێکی ڕەخنەگری پێوە دیارەو لەسیمای ڕەشبینی دور نییە. ئەمەش هەر خۆی یەکێکە لەدیاردە سەرەکییەکانی ڕیالیزمی ڕەخنەگری، کەوا بەرەنگێکی ڕەشبینی تابلۆی ڕوداوەکان ڕەنگرێژە دەکات. هەروەها پاڵەوانی ئەمجۆرە ڕیالیزمە کردەوەی خراپە زیاتر لەکردەوەی چاکە دەنوێنێ. واتە پاڵەوانەکە پاڵەوانێکی نەگۆڕ ( flat character) نییەو بەیەکجاری لەژێر کۆنترۆڵی چیرۆکنوسەکەدا نییە، بەڵکو دەیەوێ بارودۆخەکەی بەپێی ئاەزو و بەرژەوەندییەکانی سوڕ بداتو بیچەرخێنێت.



هەروەها سروشتی بابەتی چیرۆکەکە ڕۆڵی خۆی بینیوە لەزیاتر هەڵبژاردنی ئەوشوێنانە بۆ سەرهەڵدانو نواندنی ئەو ڕوداوانە، کەوا لەبازنەی بەرجەستەکردنی وێنەیەکی دەرونیی کاریگەر دەخولێتەوە. لێرەدا هەڵبژاردنی فەرەنساو پاریسی پایتەختی لەلایەن چیرۆکنوسەوە، وەک قەوارەیەکی شوێنی کراوەو ئۆمێدبەخش بەلای گەنجانی ڕۆژهەڵاتەوە، ڕۆڵێکی کاریگەریی خۆی هەبو لەزیاتر هاندانی خوێنەر بۆ گەڕان بەدوای هۆکاری نامۆیی بەختیار، وا بەڕاستی ژیانی لەپاریسدا زۆر نابەخیتارە. دیارە چیرۆکنوس بەمەبەستی توانج گرتنەوە، ئەم ناوەی بۆ پاڵەوانە نامۆو بەدبەختەکەی چیرۆکەکەی هەڵبژاردوە، کەوا لەلایەکەوە، وەک نەفرەت لێکراوە لەفەرەنسا کارتی پەناهەندەیی پێ نابەخشرێت، پاش ئەو سێ ساڵەی ژیانی پڕ لەئەشکەنجەی دەرونی لەپاریس، هەروەها لەلایەکی دیکەوە ئارەزوی گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی نییە، چونکە خونێک لەمێشکی گەڵاڵەبوبو، بەهەر نرخو کردەوەیەک بێت، تێدەکۆشێ، بۆ ئەوەی بیهێنێتەدی، بۆیە هیچ بڕیارێک نادات، کاتێک ئەفسەرە فەرەنسییەکە سەرپشکی دەکات لەنێوان گەڕانەوەی بۆ باوەشی وڵات وەک دایکی دووەم لەنێوان چونی بۆ خەستەخانەی شەماعییەی شێتانو



مێشک تێکچووانەی پاریس، لەبەر ئەو کردەوە نادروستانەی کاتێک دەڕابەی کۆگاکانو شوشەبەندەکانیان دەداتەبەر شیشە ئاسنینەکانی دەستی.

هەروەها سروشتی ڕوداوی دەرونیی ئەم چیرۆکە ڕۆڵی کاریگەریی خۆی هەیە لەهەڵبژاردنی جۆرە گرێچنێک (plot) پێچاوپێچو هێڵەکەیی سەردەکەوێ، تا دەگاتە ئەو لوتکەو کۆتاییە کراوەیە.

ئێمە وەک پڕۆژەیەکی سەرلەنوێ دارشتنی ڕوداوە لاوەکییەکانی بەسەرهاتی بەختیارو دایکە کلۆڵەکەی، دەتوانین بەشێوازێکی بیناى لاسایی کۆنی چیرۆکنوسین پێشنیاری ئەوە بخەینە بەردەستی خوێنەری دەقی ئەم چیرۆکە دەرونییە، کەوا دیمەنەکانی (١+٥+٧+٤+١٤+١٢+١٥+٢+٨+١.) بەشێوەی یەک لەدوای یەکتر ڕیزبکاتەوەو ئەوسا بەڕونی هێڵی پەرەسەندنی ڕوداوی چیرۆکەکەی بۆ دەردەکەوێ، بەڵام هەمیشە هانی خوێنەری ئەم دەقە دەدەین، هەوڵی بەرزکردنەوەی هێڵی چێژ وەرگتنەکەی بدات، تا وەک چیرۆکنوسە داهێنەرەکەی ببێتە خاوەن هەمان شێوازی دارشتنی پازدە دیمەنە جیاوازەکانی ڕوداوی دەرونی ئەم چیرۆکە، کەوا پاڵەوانەکەی لەپاش کەرتبونی کەسێتی

(شیزۆفرینیا) وەک کاردانەوەیەکی بارودۆخە دەروونییەکەی ئەو کردەوە نادروستانە دەنوێنێ.

لێرەدا بەتەواوی ڕاستیی وتەکەی کارل مارکس دەردەکەوێ، کەوا ((هۆشیاریی مرۆڤ شێوەی هەبوونی دیاری ناکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە شێوەی هەبونی کۆمەڵایەتییەکەی هۆشیارییەکەی دیاری دەکات))، لەم حاڵەتە بۆمان نییە، بەختیاری پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تاوانباربکەین بەتوشبونی بەنەخۆشی کەرتبونی کەسێتی (انفصام الشخصیە - الشیزۆفرینیا)، چونکە شێوەی هەبونی وەهای لێکرد ببێتە خاوەن ئەو جۆرە هۆشیاریی و کردەوە نادروستانە.

تێبینی: چیرۆکی (شیزۆفرینیا) لەژمارە (٢١)ی گۆڤاری (ڕامان) بلاوکراوەتەوە.



د. فەرهاد قادر کەریم

# ڕەهەندی پیری لە دوو دەقی هێمندا





پیری دوا قۆناغی ژیانی مرۆڤە (ئەگەر خودا تەمەن ببەخشێت)، بەوە پێناسە دەکرێت، کە ((حاڵەتێکە لەتوانەوە، توشی توانای پێکهاتنی دەرونیی و کۆمەڵایەتی تاک دەبێت و دەبێتە مایەی کەمبونەوەی توانای لەسەر قۆستنەوەی توانا جەستەییی و ژیری و دەرونییەکانی لەڕوبەڕوبونەوەی پاڵەپستۆکانی ژیان بەئەندازەیەک، کە نەتوانێت بەشێوەیەکی تەواو داخوازییە ژینگەییەکانی، یاخود ڕادەیەکی گونجاو لەتێرکردنی پێداویستییە جیاوازەکانی بەدی بهێنێت)).

بەمجۆرە پیری وەکو قۆناغێکی ژیانی مرۆڤ خاوەنی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی و کێشەی دەرونیی و کۆمەڵایەتییە، کە زانایان ئەمانەی خوارەوەیان وەکو دیارترینیان دەستنیشان کردوە:-

١. هەستکردن بەگرانی قەرەبوکردنەوەی کەم توانایی.
٢. چەقبەستن لەدەوری خود (دابڕان لەکۆمەڵ واتە گۆشەگیری).
٣. بێخەوی.
٤. خەمی کەم ماویی تەمەن و لەمردن نزیکبونەوە.
٥. هەستکردن بەبێ بایەخبون.
٦. حەز بەستایشکردنی خود.



٧. گومانکردن لەکەسانی تر.
٨. کەمبونەوەی چالاکی سێکسی.

جا ئەگەر زۆربەی ئەو کێشە دەرونییانەی ڕوبەڕوی هەمو پیرێکی ئاسایی ببنەوەو کاربکەنە سەر لایەنە دەرونییەکەی، ئەوا بۆ ئاوارەو دەربەدەرو تەنیایەکی وەک (هێمن)ی هەست ناسک، کە (شینی گەڵێک گێڕاو شادی کەم دیوەو خۆشی دەڵێن هەیە، بەڵام نەیدیوە)، بێگومان تەنگی پێهەڵدەچنن و لەنائارامیدا نغرۆی دەکەن.

بۆ ئەوەی بەدوای چەندێتی و چۆنێتی ڕەنگدانەوەی ئەم کێشە دەرونیی و کۆمەڵایەتییانە لەتەمەنی پیری (هێمن)دا بگەڕێین، بەتەنها سەرنجێک لەهەردو دەقی (پەیامی ڕانەگەیاندراو)و (ناڵەی جودایی) دەدەین، کە هەردوکیان زادەی ڕۆژانی ئاوارەیی شاعیرن، سەرەتاش ڕو لەدەقی یەکەم (پەیامی ڕانەگەیەندراو)دەکەین، کە لەتەمەنی (٥٣) ساڵیدا نوسیویەتی و تیایدا دەڵێت:-

**پەیامی مـن بە گوێی ئەم دولبەرە نازدارە ڕانـاگا**
**نەسیم (بێسیم) دەبینێ، شل دەبێ بەم کارە ڕاناگا**
**گـوتی سـەبرت هەبـێ دووبارە دێمە دیتنت ئەمما**
**لـەکـورتیدا تەمەن، وا دیارە بەو دیدارە ڕاناگا**

**وەکو پەروانە دەوری لێدەدەن لاوانی خۆ ولاتی**
**گوڵی ئێرە بە ژوانی بولبولی ئاوارە ڕاناگا**
*******
**دەکەی ماچی دەم و لێوان ئەگەر هێزو گوڕێکت بێ**
**دەنا جوانێک بە دەردی ئاشقی بێچارە ڕاناگا**
**هەتا کۆمتر دەبێ پشتم پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ**
**ئێتر دەستم بە داوێنی کچی ئەم شارە ڕاناگا**
**دەبێ بولبول لەمن فێر بێ غەزەلخوێنی، بەلاّم چبکەم؟**
**گرفتارم، چریکەم بەو گوڵ و گوڵزارە ڕاناگا**

ناونیشانی دەقەکە بێئومێدی شاعیر بەرامبەر بە(کات) دەردەبرێت، واتا خەمی لەمردن نزیکبونەوە ڕەنگرێژی کردوە، ((سایکۆلۆجیای ئینسانی غەریبیش وەهایە، کە هەردەم لەوە دەترسێ خاکی غەریبی ئاوی گڵی بێتو لەغەریبی بنێژرێت، وەک دەڵێن: (گۆڕ غەریب بێت)، بۆیە هێمن زۆر بێ ئۆقرەیە، لەوە ترساوە لەغەریبی سەر بنێتەوە بە کامی دڵ نەگات)). ئەو نائارامییە دەروونییە، وا دەکات (ڕاناگا) ببێتە پاش سەرواو بەستونی لەدەقەکەدا شۆڕببێتەوە، سەرباری ئەو خەمەی شاعیر ئەم گرێ دەروونییانەش ڕەنگیانداوەتەوە:-

١. هەستکردن بەگرنگی پێنەدانو گوێ پێنەدان: وەک ئەوەی



دەربڕینی نەهاتنە ژوانی (گوڵی ئێرە)، کە خواستنە لە(کچانی بەغدا) بۆ (بولبولی ئاوارە)، کە خواستنە لەخودی (هێمن)و هاتنە ژوانیان بۆ لاوانی تر، هێمای بۆ دەکات .

٢. نەمانی هێزو گوڕ: وەک ئەوەی دەربڕینی (ئەگەر هێزو گوڕت بێ)و (ئاشقی بێچارە)و (دەست بەداوێن ڕانەگەیشتن، گرفتار) ئاماژەی بۆ دەکەن.

٣. هەستکردن بەنیمچە دابڕانێک لەکۆمەڵو ڕەوتی سەردەم: ئەم حاڵەتە بالاّی بەوێنەیەکی جوان کردوە، کە دو جولەو ئاراستەی دژبەیەکی تێدایە، (هەتا کۆمتر دەبێ پشتم) هێمایە بۆ پیربونی شاعیرو ئاراستەکەی بەرەو خوارەوەیە لەبەرامبەردا (پتر هەڵدەکشێ مینی ژۆپ ـ جۆرێکە لەتەنورەی کورت)، ئاماژەیە بۆ گۆڕانی مۆدی جلوبەرگی کچانو ئاراستەکەی بەرەوە سەرەوەیە.

٤. ناتەندروستی جەستەییو دەرونی: وەک ئەوەی دەربڕینەکانی (نەخۆشو دەردەدار، دڵ بریندار، دڵ پڕ ئازار) بیرەکەمان بۆ دەگوازنەوە.

٥. کۆی دەقەکە بەچەقبەستنی شاعیر لەخودی خۆیدا دەورە دراوە، بۆیە چەندین جار بەڕاستەوخۆ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من، بریندارم، پشتم، دەستم، چبکەم، گرفتارم، چریکەم)



بەکاردەهێنێت.

لەشیعری دووەمدا، کە دەقە بەرزەکەی (ناڵەی جودایی)یە، بەهەستێکی مرۆڤانەی بەرزەوە موعاناتێکی هەمەلایەنەی گەلێکی بەشخوراوو چەوسێنراوی سەدەی (بیستەم) لەبۆتەی موعاناتی شاعیردا تواوەتەوە، ئەو کێشە دەرونیو کۆمەلاّیەتییانە بەشێوەیەکی زۆر فراوانتر ڕەنگیانداوەتەوەو پانتایەکی فراوانیان تێدا داگیرکردوە، بەچەشنێک یەکێتییەکی بەهێزی بەخشیوەتە دەقەکەو بەرایەڵێکی توند هەمو پارچەو وێنەکانی پێکەوە گرێداوە.

پێش هەمو شتێک وای بەباش دەزانین، کە بڵێین ناونیشانی دەقەکە ( ناڵەی جودایی) پەردە لەسەر دو گرفتی دەرونی شاعیر هەڵدەداتەوە، یەکەمیان هەستکردنە بەتەنیاییو دووەمیان نائارامیو ناجێگیری دەرونیو تەندروستییە. کرۆکی دەقەکە زۆر لەوە فراوانتر موعاناتو کێشە دەروونییەکانی (هێمن)، کە لەو قۆناغە پیریەی تەمەنیدا بەدەستییەوە ناڵاندویەتی، ئاشکرا دەکات، ئەوانیش بریتیین لە:

١. چەقبەستن لەخود: دیارترین گرێی دەرونی شاعیرە، کە بالاّی بەدەقەکە کردوەو بوەتە دەروازەی، کاتێک شاعیر ڕو لە (ساقی) دەکاتو دەڵێت:-



**ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە،**
**ڕوو لە لا من کە بە جامێ بادەوە،**
**موشتەری وەک من لە مەیخانێ کەمن**
**زۆربەیان شادو بە کەیف و بێ خەمن**

بەمجۆرە سورانەوەی شاعیر لەچوارچێوەی خۆیدا وەکو حاڵەتێک هێندە بەهێزو کاریگەرە، کە لەدەوروبەرو کۆمەڵ دایدەبڕێتو سەراپای دەقەکەی دادەپۆشێت، بەئەندازەیەک (مەی) بۆ شاعیر حەلاڵ دەکرێتو بۆ ئەوانی تر، کە لەخۆشییەکانی ژیاندا خەنی بونە، حەرام دەبێت، بەبڕوای دەرونناسان هۆکاری ئەوەی، کە هەڵچونەکانی مرۆڤ لەقۆناغی پیریدا خودین، ئەوەیە کە ((ویژدانی خۆی لەبابەت و ڕوداوە کۆمەلاّیەتییە دەرەکییەکان بەدور دەگرێتو ئاراستەی خودی دەکات)).

هەر ئەو چەقبەستنەی، وا دەکات ستایشی خۆی بکاتو بەخۆیدا هەڵبدات، جا لەڕێگەی بەراوردکردنی ڕابردو و ئێستاوە بێت، وەک لەم دێرانەدا دیارە :-

**(لاس)ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان**
**ئێستە ئەنگاوم بە تیری چڵکنان**
*******

**بوومە گەپچار و دەکا گاڵتە بە من**

**ئەو ڕموزنەی زەندەقی چوو بوو لە من**

یاخود بەوەسفکردنی خۆی بێت :

**قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵ پەرەست**

**جوان پەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست**

٢. بێخەویی: وەکو لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت :-

**یادی یاران و وڵاتم ڕۆژو شەو**

**لێی حەرام کردم قەرار و خوردو خەو**

*******

**شەو دەکێشم شەونخوونی و بێخەوی**

**ڕۆژ دەچێژم دەرد و داخی بێ ئەوی**

٣. گومان‌و دو دڵیی بەرامبەر بەکەسانی تر: ئەم گرفتە کارێکی وا دەکاتە سەر دەرونی شاعیر، گومانی نێگەتیڤانە لەکەسە هەرە نزیکەکانی (کوڕ، هاوسەر، خانەوادە) بکات، کە یادی بکەن‌و بیناسنەوە، دیارە هۆکاری گومانەکەش ئەو گۆڕانانەیە، کە بەبڕوای شاعیر بەسەر سیماو دەرونیدا هاتوە، بۆیە شێوازی پرسیار بەکاردەهێنێت، بەڵام لەبەرامبەردا هەمیشە ئەوان لەیادو بیرەوەری شاعیردان، وشەی (قەت) ئەو بیرە



چڕدەکاتەوە :-

**کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم!**

**ڕۆڵەکەم ! خێزانەکەم ! باوانەکەم !**

**ئەی ئەوانە قەت لە بیرم ناچنەوە**

**ئێستە بمبینن ئەری دەمناسنەوە ؟!**

٤. بێهێزبون : ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ ئەم گرفتە دەرونییە ڕەنگی داوەتەوە، وەک ئەوەی لەم دێڕانەدا بەرجەستە دەبێت: -

هەیبێ هێزو گوردو تین و تاوو گوڕ،

ڕۆژگاری ڕەش نەبێ بەختی مکوڕ،

ناڕاستەوخۆ

ڕۆژگاری هاریومی وەک ئەسپۆنی ورد

هێزو توانای لێ بڕیوم دەردە کورد

ڕاستەوخۆ

هەروەها زانایان باسی هەندێ کێشەی دەرونیی تری قۆناغی پیریان کردوە، لەوانە ئینکاریکردن‌و سوربون لەسەر ڕای خۆی، ئەم بارە دەرونییە لەوکاتەدا لای شاعیر دروست دەبێت، کە ئومێدو ورەی بەرزدەبێتەوەو بڕیاردەدات، زاڵ بێت



بەسەر ئەو کێشە دەرونیانەی باسمان کردن :-

**ڕێگەی دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە**

**ڕاستە بێهێزم، دەکەم ئەمما ملە**

**هەر دەپێوم کێوو شاخ و چۆڵ و دەشت**

**دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت**

ئەو جۆرە سوربونەی شاعیر، دەرگای بەڕوی ئاماژەدان بەو کێشە دەرونییە دەکاتەوە، کە هەندێ لەزانایان باسیان کردوەو پێیان وایە گرێیەکی دەرونییەو لەلای هەندێ کەسی پیر دروست دەبێت، ئەویش (هاندانی خود)ە بەمەبەستی سەلماندنی هێزو کەسێتی، ئەم دۆخە وایکردوە، شاعیر (١٦) دێڕی کۆتایی دەقەکەی بەڕستەی (دێم) دەست پێبکات‌و تاکۆتایی دەقەکە لەجوڵەو بزاوتی بەردەوامدا بێت:-

**تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم**

**دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم**

**سەرچاوەکان:**


١. دیوانی هێمن موکریانی، عێراق ـ کوردستان، ٢٠٠٥.

٢. محەمەد فەریق حەسەن، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.





٣. هدى محمد قناوى (د)، سايكولوجيه المسنين، الناشر مركز التنميه البشريه والمعلومات، مصر، ١٩٨٧.

٤. عبدالعزيز بن على الغريب (د)، دراسات فى علم اجتماع الشيخوخه، دار الخريجى للنشر والتوزيع، الرياچ، ١٤٢٤ هـ.

# پوختەی بۆچونەکانی
## ئەفلاتۆن
# لەسەر ئەدەب



ئاسۆ وەهاب ـ کەلار

**کورتەیەک بۆ ناساندنی یۆنان:**

(گریک ـ یۆنان)ەکان نزیکەی ٦ سەدە پێش لەدایکبونی عیسا ژیاون، لەنێوان ئەمان و فارسەکاندا دوژمنایەتی و شەڕو شۆڕێکی زۆرو توند هەبووە، کە دەرئەنجام بەسەرکەوتنی فارسەکان کۆتایی هات، دواتر باری یۆنان خراپ بو، نشوستەکانیان بەردەوامبو، تا دواجار بەیەکجارەکی



ئیسپارتییەکان ئیمپراتۆرییەتەکەیانی لەناو دا .

هەر یەک لەشیعرو گوتاردان و فەلسەفەو زانستەکانی تر لەناو یۆنانییەکاندا بڵاوبون، دواتر سۆفیستەکان دەرکەوتن.

لەیۆناندا هەر یەک لەئەدەب و داهێنان و ڕەخنەو هەڵسەنگاندن برەوی سەندوەو بیرکردنەوەی ئەدەبی لەلایان لایەنێکی گرنگی بیرکردنەوە بووەو زۆرێک لەزاناکانیان کە کاری فەلسەفەیان (زانینیان) کردوە، ئەدیب بونە . (بڕوانە: فی الادب الیونانی – د. کەمال بسیونی ل٢٩٦)

**ئەفلاتۆن (٤٢٧ – ٣٤٧ پ . ع):**

یەکێکە لەسێ فەیلەسوفە بەناوبانگەکەی یۆنان (سوقرات ـ ئەفلاتۆن ـ ئەرستۆ) . دەڵێن ئەفلاتۆن نازناوی بووەو لەبنەڕەتدا ناوی (ئەریستۆکلیس)ە. ناوبانگترین خوێندکارەکانی سوقراتەو بەناوبانگترین فەیلەسوفەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی چواری پێش لەدایکبونی عیسایە.

لەسەردەمی شکستەکانی یۆناندا ژیاوە، بۆیە ئارەزویەکی زۆری هەبووە بۆ ڕابونی گەلی یۆنانی، ئەمەش وایکردوە، ڕوبکاتە گۆڕەپانی سیاسەت و کۆماری خێرومەند بنوسێتەوەو تەواوی یاساو بنەماکانی بۆ دابنێت، تا سەروەری بۆ یۆنان بگەڕێنێتەوە (سەرچاوەی پێشوو – ل ٢٩٤). هەتا هەنوکە (کۆمار)



جێگەی ستایش و پیاهەڵدانی فەیلەسوفانی سەردەمی هاوچەرخە، هەروەها ڕۆڵۆ کاریگەرییەکی ڕونی هەیە لەسەر ڕێبازە ڕەخنەیی و ئاراستە ئەدەبییە نوێییەکان .

**ئەفلاتۆن چۆن بیرۆکەکانی خستوەتەڕو:**

زانایان کەوتونەتە مشتومڕێکی زۆرەوە لەبارەی شێوازی ئەفلاتۆن لەخستنەڕوی بیرۆکەکانی، چونکە بەشێوەی دیالۆگ لەسەر زاری مامۆستاکەی سوقراتەوە پێشکەشکردون .

بۆیە بەردەوام ئەو پرسیارە خۆی ڕاستدەکاتەوە، ئایا بیرۆکەو تێزەکانی هی خۆیە یان هی سوقراتی مامۆستایەو ئەم تەنها گواستویەتییەوەو تۆماری کردون و پاڵپشتی لێکردون.

هەندێک لەزانایان هەمو بۆچونەکان بەبۆچونی ئەفلاتۆن دەزانن، هەندێکی تر ئەو بۆچونانەیان بەپێی کات دابەشکردوە بۆ سێ بەش : (بڕوانە: النقد الادبی عند الیونان – د. بەدەوی تبانە ل ٤٢) .

یەکەم: ئەوانەی لەسەردەمی ژیانی سوقراتدا نوسیویەتی هەمویان بۆچونەکانی سوقراتن، چونکە لەو سەردەمەدا گەنج بووەو بۆچونە فەلسەفییەکانی کامڵ نەبونە، تا بیانخاتەڕو.

دووەم: ئەوانەی دوای بەجێهێشتنی ئەسینا نوسیویەتی لەسەفەری یەکەمی بۆ دەرەوە، ئەمانە تێکەڵەیەکە



لەبۆچونەکانی سوقرات و ئەو فەیلەسوفانەی لەسەفەرەکەیدا بینیویەتی.

سێیەم: ئەو بۆچونانەی دوای گەڕانەوەی بۆ ئەسیناو دامەزراندنی (ئەکادیمیا)و (کۆماری خێرومەند) نوسیویەتی.

ئەوانەی ئەم بیرۆکەیان خستوەتەڕو، هیچ بەڵگەیەکیان لەسەر ئەم دابەشکردنە نییەو تەنها چەند نوسینێکی کەم دەکەنە بەڵگە بۆ ئەم بۆچونانەیان لەبارەی قۆناغی دووەم و سێیەم. بۆ قۆناغی یەکەمیش بەوەی کە تەمەنی کەمە، ئەوا نەکرێت بکرێتە پێوەرێکی دروست و وردو بەڵگەیەک، تەنانەت ئەگەر ئەفلاتۆن توانیبێتی بەو تواناو چێژە بەرزو شێوازە ناوازەیە بیرۆکەکانی مامۆستاکەی بخاتەڕو، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەفلاتۆن لەو تەمەنەدا بۆ خۆی دیاردەیە.

ئەگەر گریمانەی ئەوەش بکەین، کە ئەفلاتۆن تەنها بیروبۆچونەکانی مامۆستاکەی سوقرات نوسیوەتەوە، ئەوا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین، کە تەنها ئەو بیروچونانەی نەنوسیوە، کە لەگەڵیدا جوتە، بگرە تەواوی بیروبۆچونەکانی گواستوەتەوە، بەمەش دەگەین بەو ڕاستییەی کە بیرۆبۆچونەکانی سوقرات هەمان بیروبۆچونی ئەفلاتۆنە.

هەندێک نوسەر لەو بڕوایەدان، کە کەسایەتییەکانی نێو دیالۆگەکانی ئەفلاتۆن کەسایەتی ڕاستەقینە نین، بگرە کەسایەتی خەیاڵیین، بەبەڵگەی ئەوەی کە لەڕوی مێژوییەوە ناکرێت ئەوانە یەکتریان بینیبێت، بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئامانج لەو دیالۆگانە فراوانکردنی جیهانبینی (وەرگر ـ خوێنەر)ـە، یان ئەگەر لەنێوان دو کەسیشدا ئەو دیالۆگانە ڕوی دابێت، ئەوا لەهەردو بارەکەدا ئەفلاتۆن بیروبۆچونی هەردو لایەنی دیالۆگەکە تۆمارنەکردوە، بەڵکو بیروبۆچونە تایبەتەکانی خۆی لەچوارچێوەی دیالۆگدا تۆمارکردوە. (بڕوانە : فی الادب الیونانی – کمال بسیونی ل ٣٨)

بۆچونەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی شیعرەوە:

**أ – بۆچونی ئەفلاتۆن لەبارەی لاساییکردنەوە:**

مەسەلەی لاساییکردنەوە لەگرنگترین ئەو بابەتانەن کە هەر یەک لەئەفلاتۆنو ئەرستۆ لەفەلسەفەکەیاندا قسەیان لەبارەوە کردوە. ئەفلاتۆن پێیوایە کە حەقیقەتی بونو دیاردەکانی تەواوی حەقیقەت نین، بگرە لاساییکردنەوەی ئەو حەقیقەتەن. بەبۆچونی ئەفلاتۆن حەقیقەت لەناو دیاردە تایبەتە ڕاگوزەرەکاندا نییە، بەڵکو لەنمونەی باڵاو وێنەی ڕونی هەمو جۆرەکانی بونی حەقیقین، بەڵام ئێمە تەنها درک بەشێوە



هەستییەکانی دەکەین، کە لەواقیعدا ئەمانە تەنها خەیاڵی جیهانی نمونەیین . (بڕوانە: النقد الادبی الحدیپ – د. غنیمی هلال ل ٣٠) بۆیە ئەوەی لەبوندا دەیبینین حەقیقەتی تەواو نینو لاساییکردنەوەی ئەو حەقیقەتەن.

لەمانەی سەرەوە ئەفلاتۆن پابەندبونمان بۆ دروستدەکات، لەبارەی ئەوەی کە یەکەم : هەمو کامڵێک جێگیرە .. دووەم: ئەوەی کەموکورتی تێدایە گۆڕاوەو لاساییکردنەوەی یەکەمە، بەم پێیە هەر یەک لەسەنعەتکارو وێنەکێشو شاعیرو ئەوانەی وەک ئەمانن تەنها لاسایی حەقیقەتی نمونەیی دەکەنەوە، شاعیر کاتێک وسفی یان وێنای شتێک دەکات، ئەوا دەڕوانێتە لاسایی حەقیقەت نەک خودی حەقیقەت. (بڕوانە: النقد الادبی عند الیونان– بەدەوی تەبانە ل٥٣)

**ب – بۆچونی ئەفلاتۆن لەبارەی (هونەر بۆ هونەر):**

بەشێوەیەکی گشتی هونەر هەر یەک لەپەیکەرتاشین ـ وێنەکێشان ـ دانانی شیعرو هەموو شتێک دەگرێتەوە، کە بەسۆزو عاتیفەو ئارەزو مەیلو خولیا، کاری لەسەر دەکرێت.

لەلای یۆنان دەنگێک دەرکەوت، کە بانگەشەی بۆ (هونەر بۆ هونەر) دەکرد، واتا نابێت هونەر بۆ شتی تری وەک بیروباوەرو ئاینەکانو یاساو سیاسەتو دابونەریتەکانو...



هتد بێت، کە دواتر لەوانەیە شیعر حوکمی بکات، یان ئەو حوکمی شیعر بکات، دەیانخواست هونەرمەند تەنها بیری لەلای هونەرەکەی بێتو بایەخ بەلایەنەکانی تر نەبێت، ئەفلاتۆن دژی هەمو ئەمانە وەستایەوەو بڕوای بەم جۆرە بانگەوازانە نەهێنا، بگرە بڕوای تەواوی بەوە هەبو، کە (هونەر بۆ ئاکارو بەهاکانە) واتا ئامانج لێی فێرکردنو ڕوناکبیرکردنە، پێیوابو، کە شیعر پەیامێکی بەرزی هەیە، ئەگەر پەیامەکەی بەدی نەهێنێت، ئەوا شیعرێکی بۆگەنەو سێبەری نییە لەجیهانی حەقیقەتدا، بۆیە پێویستە شیعر هانی خەڵک بدات بۆ کاری خیرومەندیو ئەگەر بانگەشە بۆ پێچەوانەی ئەمە بکات، ئەوا پێویستە بەتەواوەتی دوربخرێتەوە.

لەپێناو ئەم مەسەلەیەدا ئەفلاتۆن لە(کۆمار)ـەکەیدا شاعیرانی بەلاوە نا، چونکە نەیارەکانی پاڵەوانان بەشێوەیەک دەخەنەڕو، بەدروستی وێنای خێرومەندی ناکێشنو لەخۆشنودییەوە دەچنە سەر ژیانی تاڵو پڕ چەرمەسەری، ئەمەش بۆ خۆی خەوشێکی ترسناکە لەلای ئەفلاتۆن.

ئەفلاتۆن بەپێی دەلالەتی ئاکاری ڕاستەوخۆ شیعری ڕێکخستوە، سەرەتا بەشێوەیەکی ڕێژەیی شیعری لیریکی پەسەنددەکات، چونکە بانگەشە بۆ قارەمانێتی پاڵەوانەکان



دەکات، پاشان شیعری داستان دێت، چونکە تیایدا دژەکان کاریگەرییان لەسەر چارەنوسی پاڵەوانەکان نییە، لەکۆتاییشدا مەرگەساتو ئینجا بەزمەسات دێت، چونکە خراپترین جۆری شیعرن.

بەکورتی پێویستە هونەر بگونجێت لەگەڵ گیانی خێرومەندیو بەرز ڕاگرتنیو بەها باوو نەریتو یاساو ئاینەکانو خۆی لەهەمو شێوەیەکی لادانی ئاکاریو لادان لە بەها باوو نەریتو یاساو ئاینەکان بەدور بگرێت.

ج ـ سەرچاوەکانی شیعر لەلای شاعیر بەپێی بۆچونی ئەفلاتۆن:–

ئەفلاتۆن بڕوای بەوە هەیە، کە سەرچاوەی کاری شاعیرو ڕەخنەگر عەقڵ نییە، بگرە سەرچاوەکە ئیلهامی یەزدانییە (مەبەست خواوەندی هونەرە لەلای یۆنان)، هەموی لاساییکردنەوەی جیهانی نمونەییەو سۆزەکانی مرۆڤ پەیوەستە بەجۆرێک لەسەر مەستی (نشوە)، کە عەقڵ پەک دەخات، ئەو سەرمەستییە دەلالەتە لەسەر سەرچاوە یەزدانییەکەی، هەر کەسێکیش بەربەست دانێت لەبەردەم ئەو ئیلهامە شیعرەکەی ساردو سادە دەبێت . (بڕوانە : الادب الیونانی ـ فرنان روبیر /ت . هنری زغیب ل ١٠٥ ) یۆنانەکان بڕوایان وایە، کە شیعری باش

قسەی خواوەندەو (خواوەندی هونەر) شاعیر تەنها ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی بۆ خەڵک.

**بۆچونەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی گوتاربێژی:**

ـ تایبەتمەندییەکانی گوتاری باش لەلای ئەفلاتۆن: مەبەست لەگوتاربێژی لەلای یۆنان دیراسەتکردنی ڕووەکانی قسەو چۆنێتی کاریگەربونە پێی. مەرجی ئەفلاتۆن بۆ گوتار ئەوەیە ئامانجێکی خێرومەندی هەبێت، کە بمانگەیەنێتە حەقیقەت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو بیرکردنەوەیە، کە بەردەوام ئەفلاتۆن کاری لەسەر دەکرد بۆ گەیشتن بەحەقیقەتی شتەکان، گوتار بۆ ئەوەی بمانگەیەنێت بەو حەقیقەتە پێویستە دو بنەمای تێدا هەبێت، کە ئەوانیش:

أ- گوتاربێژ درک بەرەگەزی ئەو بابەتە بکات، کە قسەی تێدا دەکات، تایبەتمەندییە جیاجیاکانی لەچوارچێوەی یەک بیرۆکەدا کۆبکاتەوە .

ب- گوتاربێژ شتەکان دابەش بکات بۆ جۆرەکانی بەرادەیەک شتەکان لەژێر هەمان ڕەگەزدا بەگونجاوی بمێننەوە . (بڕوانە: النقد الادبی الحدیپ – ل ٣٦)

پێیوایە، کە گوتار وەک بونەوەری زیندوە لەشێکی ڕێکوپێکی گونجاوی هەیە، ناکرێت کەمئەندام بێت، ئەم مەسەلەیەش



لەسەردەمی ئەمرۆماندا بە (یەکێتیی ئۆرگانی ـ یەکێتێی بابەت) دەناسرێتەوە. هاوکات ئەفلاتۆن بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە چاککردنی باری گوتار لەڕێگەی بایەخدانی گوتاربێژەوە دەبێت بەبابەتو چارەسەری وردو شارەزابون لەبنەماکانی زانستی قسەبێژیو لێهاتو لەبواری گوتاردانو دەروونناسیی گوێگرانەوەیە. (بڕوانە : تاریخ الادب الیونانی – ل١٨٠ و النقد الادبی عند الیونان – ل ٦٣ ) .

**ـ بۆچونەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی نوسینەوە:**

لەپرۆسەی فێرکردندا ئەفلاتۆن (قسەکردنو دیالۆگ)ـی لەلا پەسەندتر بووە تا نوسین، چونکە نوسین تۆمارکردنەوە شێوازێکی جێگیرو نەگۆڕاوی پێدەبەخشێت، ئەمەش وێنەیەکی وشک دەداتە دەق، بەڵام قسەکردن ڕاستەوخۆیەو هەردو یەکەی (نێرەرو وەرگر) کارلێک دەبنو لەڕێگەی هەستەکانەوە دەلالەتی پەیامەکە زۆرترو کاریگەرتر دەکەن، لەم پەسەند کردنەشدا شێوەی هێرشکردنە سەر شیعر لەلایەن ئەفلاتۆنەوە بەدی دەکرێت .

**بۆچونەکانی ئەفلاتۆن لەبارەی شیعر لەکۆماردا:**

لەکۆماردا، بەرچاوترین ڕەخنەو گازندەکانی ئەفلاتۆن لەهونەرە لاساییکەرەوەکان تۆمارکراوە. لەسەراپای کارەکانی



ماوەی سەرەتادا، لەسەر زاری سوکراتەوە دەیوت ((شاعیرەکان خۆیان دانا نین، بەڵام ئەو شاعیرانە گەلێک شتی نایاب دەڵێن))، بەڵام وەک دەردەکەوێت، ئەفلاتۆن لەکۆمارەکەیدا مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لێرەدا شیعری باش یان هونەرە جوانەکانی تر زۆر کەمو دەگمەنن. زۆربەی زۆری شاعیرانو هونەرمەندان لەحاڵەتی نایاب ـ کالیپۆلیس دەکرێنە دەرەوە، لەکۆماردا ئەفلاتۆن هەمویان بەلاسایی لەقەڵەم دەدات (نەک واقیع)، بۆیە وەک سەرهەڵدانی سۆزە زێدەڕەوو ناسروشتییەکان وەهان. (بڕوانە: ئەفلاتۆن – تۆماس بریکهاوسو ئەوانی تر – ل ٤٢) .

بەڵام ئەفلاتۆن لەدوا کتێبیدا بەتایبەتی پەرتوکی (یاساکان) نوسیویەتیو دەڵێت:" قەینا ئەگەر شاعیر لەکۆمارەکەیدا جێی بکرێتەوە،بەڵام بەمەرجێک:-

١- دەبێت شاعیر تەمەنی لە(٥٠)ساڵ بەرەو ژورتر بێت. لەم ڕووەیشەوە پێیوایە، مرۆڤ لەو تەمەنەدا دەگاتە پلەیەک کەڤو کوڵی هەستو نەستی دادەمرکێتەوە، عەقڵ بەسەریدا زاڵ دەبێتو لەکارکردندا پەلەپەل ناکات.

٢- دەبێت شاعیر ڕابردوی پاک بێتو شتی باشی کردبێتو خەڵکی لێی ڕازیبنو بەچاکی ناسراو بێت، نەک پیاوێکی خراپ



بێتو جارێکی تر ئەو خراپەیە زاڵبێتەوە بەسەریدا.

**سەرچاوەکان:**


- تاریخ الادب الیونانی – د. محمد صقر خفاجة – مکتبة النهضة المصریة .
- في الادب الیوناني – د. کمال بسیوني - مکتبة النهضة المصریة .
- النقد الادبي عند الیونان – د. بدوي طبانة – دار الثقافة – بیروت .
- النقد الادبي عند الیونان - د. محمد صقر خفاجة – مکتبة الانجلو – مصر .
- النقد الادبي الحدیث – د. محمد غنیمي هلال - مکتبة النهضة المصریة .
- الادب الیوناني – فرنان روبیر . (ت. هنري زغیب ) – دار منشورات عویدات - بیروت .
- تاریخ الفلسفة الیونانیة – وولتر ستیس .(ت. مجاهد عبدالمنعم مجاهد) مؤسسة الجامعیة للدراسات والنشر والتوزیع.




ئاشکرایە، کە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تاوەکو بەم قۆناغەی ئێستا گەیشتوە، زۆر سیستەمی کۆمەڵایەتی جیاوازی بەخۆوە بینیوەو تێی پەڕاندوەو کۆمەڵگا بەردەوام گۆڕان بەسەر ژێرخانو سەرخانیدا هاتوە، ئێستایشی لەگەڵدابێت. واتە گۆڕانکاری بەسەر بونیادی کۆمەڵگادا هاتوەو کۆمەڵگای لەقۆناغێکەوە گواستوەتەوە بۆ قۆناغێکی تر. ئەو گۆڕانە بەهەر میکانیزمێک بوبێت، بەڕێگای شۆڕش یان هەر ڕێگایەکی تر، وەکو ئێستا لەوڵاتە عەرەبییەکاندا دەبینین، کە لەڕێگای شۆڕشی جەماوەرییەوە چۆن گۆڕان لەبونیادی کۆمەڵگادا دەکەن، جارێکی تر سەر لەنوێ کۆمەڵگاکانیان بونیاد دەنێن، چونکە ئەو شۆڕشانە کاتێک لەکۆمەڵگادا ڕودەدەن، دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی ئاشکرا لەسیستەمی حوکومڕانی کۆمەڵگاو بیروبۆچونی تاکەکانو ئاستەکانی بەرهەمهێنانو ئاستی بژێوی خەڵکو گۆڕان لەشێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی.



لەبەرئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەسەڵاتێکیان دەوێ لەسایەیدا هەست بەئارامی بکەن، سەروەتو سامانی وڵات بۆ خزمەتی کۆمەڵگا بەکار بهێنێ بەبێ جیاوازی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوییان.

گۆڕانکارییەکان لەکۆمەڵگادا هەندێک جار لەخۆوە ڕودەدات، هەندێک جاریش نەخشە بۆ کێشراوە، بەڵام لەبنەڕەتدا ناوەڕۆکی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لەگۆڕان لەبونیادی کۆمەڵگا، کە دواتر دەبێتە هۆی گۆڕانکارییەکی بەردەوام لەڕەوتی مێژوی کۆمەڵگادا. کاری کۆمەڵناسان لەم نێوەندەدا بریتییە لەشیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کە بونەتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگاداو ئەو ئەنجامانەی کە بەهۆی شۆڕشێکی جەماوەرییەوە کەوتوەتەوە، چونکە ئەو شۆڕشانە کاتێک کۆتایی پێدێت، گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی ڕیشەیی لەکۆمەڵگادا دروستدەکات، جیاواز لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییەی پێشو، بەڵام ئەم گۆڕانە کۆمەڵایەتیە مەرجدار نییە. واتە ئەو گۆڕانکارییانە مەرج نییە بەرەو باش یان بەرەو خراپ بڕوات، بەڵکو بەهەر ئاراستەیەکدا بڕوات، پێی دەوترێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی، چونکە گۆڕان واتا بونی جیاوازی لەنێوان دۆخی ئێستاو ڕابردو و هەر لێکنەچونێک لەئێستادا بریتییە



لەگۆڕان. لەبەرئەوەی کۆمەڵگا لەبارێکەوە ڕۆیشتوە بۆ بارێکی تر، یان کۆمەڵگا لەسیستەمێکەوە گۆڕاوە بۆ سیستەمێکی تر، ئەوا پێی دەڵێن گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

**گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

سەرەتا گۆڕان واتە گواستنەوە بۆ بارێکی تر، کاتێک دەڵێین گۆڕانی کۆمەڵایەتی **(social change)** بەمانای گواستنەوە لەسیستەمێکی کۆمەڵایەتییەوە بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی تر. بۆ نمونە گواستنەوەی کۆمەڵگای نەریتی بۆ کۆمەڵگای نوێ، یان ئەوسیستەمەی ئیستا هەیە، جیاوازە لەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بەربڵاوەی کە لەسیستەمی پێش سەرمایەداری یان کۆمەڵگای پێش پیشەسازیدا هەبووە. واتە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێش ئەوەی بگات بەم قۆناغە پێشکەوتنە، کۆمەڵێک سیستەمی کۆمەڵایەتی تێپەڕاندوەو هۆکار لەپشت گۆڕینی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە، کە ئەو سیستەمەی هەیە، گوزارشت لەخواستی تاکەکان ناکات، کە کۆمەڵگایان پێکهێناوە، تاوەکو بۆشایەک دروستدەبێت لەنێوان ئەوەی کە هەیە، ئەوەی پێویست دەکات ببێت، ئەوا بەم شێوەیە گۆڕان دروستدەبێت، هەتا وەکو تاکەکان دەگەن بەکۆمەڵگایەک، کە گوزارشت لەخواستەکانیان بکات.



**شێوازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی:**

گۆڕانی کۆمەڵایەتی بابەتێکە لەزانستی کۆمەڵناسیو کاری کۆمەڵایەتی، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا زانستی سیاسیو ئابوریو مێژویو زانستە مرۆڤایەتییەکانو چەندین زانستی کۆمەڵایەتی تر دەگرێتەوە. لەشێوازەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئامادەکردنی تاکەکانی گۆمەڵگایە بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی. کاری ڕاستەوخۆی نارەزایی دەربڕین، بانگەوازو ڕێکخستنی کۆمەڵگای خۆجێیەو ئامادەکردنی کۆمەڵگایە بۆ



مومارەسەکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی، شۆڕش، چالاکی سیاسی.

**یەکەم/ گۆڕان لەبەها کۆمەڵایەتییەکاندا:** بەها ئەو شتەیە، کە شەرعیەت دەبەخشێت بەئەنجامدانی کارێک، کە قبوڵکراوبێت لەناو کۆمەڵگادا، یان ڕەتکراو بێتو تاک بەئەنجامدانی سەرزەنشت بکرێت، بەم شێوەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بەئاسانی ڕودەدات، یان توشی جۆرێک لەوەستان دەبێت، ڕێنمای دەکات، یان لای دەبات. بەها کۆمەڵە پێوەرێکو بنەمایەکە، هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا یان زۆربەیان یەک دەنگن لەسەری، بۆیە بەم شێوازە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ ڕەفتار بەشێوەیەکی گشتیو سەرچاوەی ئەو بنەمایە لەوانەیە لەشەریعەتەوە دابەزێندرابێت، یان کۆدەنگی هەندێک لەزانایان، ئەوەی کە کۆمەڵگا لەسەری ڕێکەوتون، یان هەر هۆکارێکی دیکەبێت، کە بەدرێژایی مێژو ڕویداوە. لەمێژوی هەمو کۆمەڵگایەک لەکاتی خۆشگوزەرانیو دەوڵەمەندیدا چەندین بەها دروستدەبێت، هەروەها لەکاتی هەژاریو لاوازیدا بەهای نوێ پەیدا دەبێت، لەکاتی ترسیشدا بەها دروستدەبێ، لەکاتی ئارامیشدا بەهەمان شێوە بەها دروستدەبێت. هەمویان لەیەک ئاستدا دێن، هەندێکیان سەرەکین لەفەرهەنگی کۆمەڵگاو



هەندێکیشیان لاوەکین، ئامانجی هەمویان ڕێکخستنی ڕەفتارە لەناوکۆمەڵگاداو ئاسانکردنی کارلێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام کۆمەڵگا خۆش نابێت لەو کەسانەی کە دابونەریتەکان دەبەزێنن، بەتایبەتی دابونەریتە سەرەکییەکان. هەر بۆیە چەندین ڕێگە دەگرێتەبەر لەپێناوی پاراستنیان، وەکو سزادانی سەرپێچی گەر بەجەستە یان سزای مەعنەوی، وەک فەرامۆش کردنو بەکەم سەیرکردنیو دابونەریت پەیوەندیدارە بەکۆمەڵێک لەچەمکو چەند جۆرێک لەرەفتارو هەندێک لەدامەزراوەکانی کۆمەڵگا. هەندێک جار کۆمەڵگا کەسایەتییە گشتییەکان بەهێمایەک دایان دەنێت بۆ دابونەریتەکان، وەکو پیاوانی سیاسیو هەندێک لەدەزگای سیاسی کە دەبنە نمونەیەک بۆ بەهایەکی سیاسیی دیاری کراو، زانایانی ئاینی دامەزراوەی ئاینی نمونەی بەهای ئاینین، لەوانەیە ئەوهێمایانە جێگایەک بێت یان شتێک یان ڕەفتارو دامەزراوەیەک بێت. لەونمونانەی کە بەهای ئاینین، ئەوە بو، لەفەرەنسا بڕیارێک دەرچو بەقەدەغەکردنی لەبەرکردنی جلوبەرگی ئاینیو ئەو بەهایانەی کەپەیوەندیدارە بەئاینەکانەوە، لەقوتابخانەکانو ئەو دامەزراوانەی کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکات. بۆیە بەهاکان دانەبڕاو نین لەواقعو لەبیروبۆچوندا هەنو لەبەرچاویش



دەردەکەون. واتە بەهاکان بەماناوە لەبیروبۆچونماندا هەنو ئەو چەمکانەی کەپەیوەندیدارن پێیەوە، لەهەمان کاتیشدا لەناو کۆمەڵگا دەرکەوتوە، لەڕێگای چەند هێماو کەسایەتیو دامەزراوەو ڕەفتار، کە لەکۆمەڵگادا بەرجەستە دەبێت. ئەگەر بونی ماددی بۆ بەهاکان داببڕێت لەبونی مەعنەوی، ئەو کات هیچ نرخێک نامێت بۆ بەهاکانو کاریگەریشیان لەکۆمەڵگادا نامێنێت، ئەمە هەمو بەهاکان دەگرێتەوە، هەمو بەهایەک پێویست دەکات بونێکی مەعنەویو ماددی هەبێت. ئەگەر هەر کەسێک بەهاکان گەورەبکات لەڕوی مەعنەوییەوەو لەبونە ماددییەکەی کەم بکاتەوە، ئەوا لەڕاستیدا هەوڵدەدات بۆ لەناوبردنیان. هەندێک لەو کەسانەی کە دژی بەهاکانن، ئەم ڕێگایە دەگرنەبەر، لەبەرئەوەی ناتوانن بەرەنگاری ببنەوە لەترس تورەبونی کۆمەڵگا، بەڵام هەر ڕەفتارێک کە گوزارشت لەو بەهایانە دەکات، بەکەمی دەزانن، هەروەها ئەو دامەزراوانەی کە بەهەرشێوەیەک باس لەبەهاکان دەکەن.

**دووەم: گۆڕان لەسیستەمی کۆمەڵایەتی.**

**سێیەم: گۆڕان لەڕۆڵ وسەنتەرە کۆمەڵایەتییەکان:** بەها کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەیە لەناوەڕۆکی ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان، وەک گواستنەوە لەشێوازی

دەرەبەگایەتییەوە بۆ شێوازی بازرگانی یان پیشەسازی، لەگەڵ ئەوەیشدا گۆڕان ڕودەدات لە بەهاکان، ئەو بەهایانەی کەپەیوەندیدارن بەڕەفتاری ئەو دو چینەوە، سەبارەت بەکارو نرخەکەی‌و ئەو کەسەی هەڵدەستێ بەئەنجامدانی.

## هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

**١- هۆکاری دانیشتوان (دیمۆگرافی):** مەبەست لەم هۆکارە ئەو دەرئەنجامانەیە، کە لەشێوازی دابەشبونی دانیشتوان دێتە ئاراوە لەجیاوازی قەبارەیان. واتە ژمارەی دانیشتوان‌و چڕی دانیشتوان،ڕێژەی لەدایکبون‌و مردن زیادو کەم دەکات‌و کۆچکردن بۆ ناوخۆو دەرەوە، ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی لێکترازانی ژیانی کۆمەڵایەتی، لەوانەیە ببێتە هۆی بزاوتی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگاکانی تر.

**٢- هۆکاری فیکری (ئایدۆلۆژی):** ئایدۆلۆژیا بەبزوتنەوەیەکی فیکری مەبەستدار یان ئامانجدار دادەنرێت، کە کاریگەریی هەیە لەسەر ڕەفتارو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان‌و شێوازی ژیانی مرۆڤەکان‌و ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێ لەگۆڕانی کۆمەڵایەتیدا، هەروەها بارودۆخەکان ڕۆڵیان هەیە لەدروستبونی ئایدۆلۆژیای مرۆڤەکان. بۆ نمونە ئایدۆلۆژیای ئیشتراکیەت بەهۆی زاڵبونی دەسەڵاتی سەمایەداری‌و



چەوساندنەوەی چینی کرێکارو قۆرخکردنی سەرمایە لەدەستی خۆی سەری هەڵدا، ئەمە وای کرد، چینی کرێکار هۆگربێت بەسیستەمی ئیشتراکییەوە، بەڵکو ڕزگاری بکات لەدەست سیستەمی سەرمایەداری‌و جێبەجێکردنی یەکسانی‌و دادپەروەری.

**٣- هۆکاری تەکنۆلۆژیا:** داهێنانە زانستییەکان کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ڕەفتاری تاکەکەس‌و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بووە هۆکارێک بۆ زۆربون‌و بەرزبونەوەی کۆچ بۆ شارەکان‌و دەرکەوتنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی کە ژیانی نوێ پێویستی کرد، بێتە کایەوە. ئەمەیش بووە هۆکارێک بۆ دروستبونی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتیی خێراو پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا لەبواری پزیشکیدا یارمەتی دەربو بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن، کە ئەمە کاریگەریی هەیە لەسەر پێکهاتەی دانیشتوان‌و لەکۆتاییدا کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی.

**٤- هۆکاری ژینگەیی:** بارودۆخی ژینگەیی‌و کەشوهەوا کە کۆمەڵگای تیایدا دەژێت، وا پێویست دەکات، کە چەند شێوازێکی کۆمەڵایەتیی جیاواز دروستببێت، کە هەر



کۆمەڵگایەک بەپێی ژینگەی خۆی، ئەمەیش جیاوازییەک دروستدەکات لەخێرایی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر.

**٥- هۆکاری ئابوری:** سروشتی چالاکی ئابوری دانیشتوان کاریگەریی هەیە لەسەرپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، کە لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستدەبێت، لەبەرئەوەی هۆکاری کۆمەڵایەتی تەوەری سەرەکییە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگاو پێشخستنی‌و شێوازی بەرهەمهێنان‌و کردارە کۆمەڵایەتییەکان‌و ڕۆحیەکان لەژیانی تاکەکاندا دیاری دەکات. بۆ نمونە هاتنە ناوەوەی ئافرەت بۆ مەیدانی کارکردن لەئەوروپا، کە ڕۆڵێکی گەورەو گرنگیان هەبو لەکارو فەرمانگە حوکومییەکاندا.

**٦- هۆکاری سیاسی:** ڕوداوە سیاسیەکان وەکو ڕوخانی یەکێتیی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٩٠ وە شەڕی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراق، یان هەرشەڕو شۆڕشێکی تر، یان هەر کۆچکردنێکی زۆرەملێ، هەمو ئەمانە کاریگەرییەکی ئابوری‌و فیکرییان لەسەر تاکەکانی کۆمەڵگادا هەیە. لەکۆتاییدا کاریگەرییەکی کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵێ لەسەر ژیانی تاکەکان.

**٧- هۆکاری ڕۆشنبیری:** هەمو کۆمەڵگایەک چەند



تایبەتمەندییەکی ڕۆشنبیریی تایبەت بەخۆی هەیە، کە جیاوازە لەکۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵکایەکی تر، ئەو تایبەتمەندییانە بیرۆکە یان بیروباوەڕ یان هونەری یان هەر زانستێک بێت، کە لەڕێگای هۆکارە پەیوەندییەکانەوە بڵاودەبێتەوە، گۆڕانکارییەک دروستدەکات لەڕێکخستنی کۆمەڵگاو فیکری تاکەکاندا، ئەمەیش پێی دەڵێن بڵاوبونەوەی ڕۆشنبیری، بڵاوبونەوەی بیرۆکەی ئازادی‌و دیموکراتی لەچەند کۆمەڵگایەکدا یارمەتی دەربون لەسەر گۆڕانکارییەکی گشتی‌و هەمەلایەن لەژیانی کۆمەڵگاکاندا، لەڕوی شێوازی ژیانی سیاسی‌و ئابوری‌و فێربونەوە.

## بەربەستەکانی بەردەم گۆڕانی کۆمەڵایەنی

**یەکەم/ بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان:** بەسەر سێ خاڵ دابەش دەبێت:

**١- ڕۆشنبیری تەقلیدی.**

**٢- دروستبونی کۆمەڵگا لەسەربنەمای چینایەتی.**

**٣- هەوڵدان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکان.**

ڕۆشنیری تەقلیدی بە بەربەستێک دادەنرێت بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاستی ڕۆشنبیریی تەقلیدی تیاندا بڵاوە، کەپشت بەدابونەریتەکان دەبەستێت، هەمیشە

هەوڵدەدەن بۆپاراستنیانو نەگۆڕینیانو دژی هەمو گۆڕانو نوێبونەوە یەکن. بۆ نمونە لەهیندستان ڕێژەیەکی زۆر لەخەڵکی لەبارێکی خراپدان لەڕوی خۆراکو خواردنەوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە(مانگا)یان هەیە، لەبەرئەوەی هندۆسەکان سەربڕینی مانگا بەحەرامو تاوان دایدەنێن، هەروەها لەهیندستاندا سیستەمی چینایەتی پیشەکان دەستنیشان دەکات بۆ کارکردنو لەلایەن تاکەکانەوە بەگوێرەی چینەکانیان بەمیرات دەمێنێتەوە بۆیان، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی لێهاتوییان بکەن، ئەم سیستەمەیش بەربەست دەخاتە بەردەم پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی دیکەوە هەندێک لەچینەکانی کۆمەڵگا دەترسن لەبەدەستدانی دەستکەوتەکانیانو مافەکانیان، بۆیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی توشی بەرەنگاربونەوەیەک دەبێت لەم نێوەندەدا،ئەمە وادەکات، ببێتە بەربەستێک لەبەردەم ڕێوەچونی کۆمەڵگا. بۆ نمونە بەرەنگاربونەوەی دەرەبەگەکان بۆ چاکسازی کشتوکاڵی لەترسی لەدەستدانی بەرژەوەندییەکانیانو شکاندنی ئامێرەکان لەلایەن چینی کرێکارانەوە لەترس لەدەستدانی هەلی کارکردن.

**دووەم/ بەربەستە ئابورییەکان:**



**بۆ سێ خاڵ دابەش دەبێت:**

**١- کەمبونەوەی جوڵەی داهێنان.**

**٢- تێچونی بودجە.**

**٣- کەمی سەرچاوە ئابورییەکان.**

نەبونی کەرەستەی خاو کەمی توانای ماددیو دابەزینی ئاستی فێربونو ئاستی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگا، هەمو ئەمانە وادەکەن، جوڵەی داهێنان کەم بێتەوە، هەروەها کەمی سەرچاوە ئابورییەکان لەهەندێک کۆمەڵگادا. نەبونی سامانی کانزای یان سروشتیو یان نەبونی هۆکاری تەکنولۆژیایی نوێ، کە دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنانو سەرنەکەوتنی پلانەکانی گەشەپێدانی ئابوری، ئەمەیش کاریگەریی هەیە لەسەر تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگا.

**سێیەم/ بەربەستە سیاسییەکان: بۆ دو خاڵ دابەش دەبێت :**

**١-بەربەستە سیاسییە ناوخۆییەکان.**

**٢-بەربەستە سیاسییە دەرەکییەکان.**

بەربەستە سیاسیە ناوخۆییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە لێک نزیکبونەوەیەک لەنێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگادانییە، بەهۆی بونی کەمینەکانەوە کە لەهەندێک لەکۆمەڵگاکاندا بونیان هەیە،وەکو یەکێتی یوغسلافیای کۆنو بەپێچەوانەوە دەبینین



لەوڵاتی (ئوردن) چەندین کەمینەی لەخۆگرتوە، بەڵام ئێستا بون بەبەشێک لەو وڵاتەو جیاناکرێنەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان لەراپەڕینی ئابوریو سیاسیو گۆڕانی کۆمەڵایەتیی بەسوددا بینی.

سیاسەتی دەرەوە لەوەدا دەردەکەوێت، کە داگیرکردنو شەڕ هەمو سەرچاوە مرۆییو سەروەتو سامان کێشدەکات بۆ لای خۆی، لەئەنجامدا کۆمەڵگا بەچەندین کێشەی ئابوریو کۆمەڵایەتیدا دەمێنێتەوە، ئەمەیش سەرقاڵی دەکات، کە نەتوانێت ئاستی بژێوی تاکەکان بەرزبکاتەوە.

## گرفتەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی

لەئەنجامی گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا هەندێک گرفت پەیدادەبێت، کە ئەمانەن:

١- **بەریەککەوتنی رۆشنیری:** ئەم بەریەککەوتنە کاتێک پەیدادەبێت، تاک ڕوبەڕوی چەند گۆڕانێک ببێتەوە، وەکو گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبون، لەگوندەوە بۆشار. نەبونی توانای تاک لەخۆگونجاندنی خێرا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە نوێییەی کە دێت بەسەریدا.

٢- **جیابونەوەی خێزانی:** لەوانەیە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ببێتە هۆی دروستبونو لاوازییەک لەپەیوەندییە خێزانیەکاندا. ئەمە



دەبێتە هۆی ئالۆزبونی ژیانی خێزانیو لاوازی لەبەرێوەبردنی ئەرکی پەروەردەییو کۆمەڵایەتی.

٣- **بۆشایی کولتوری:** هەمو شارستانیەتە مرۆڤایەتییەکان لەدو لایەن پێکهاتوە،١- **ماددییەکی بەرجەستەکراو،٢- مەعنەوییەکی هەستپێکراو**. کاتێک گۆڕانێکی خێرا یان پێشکەوتنێکی خێرا ڕودەدات لەلایەنی ماددیەوە، لەهەمان کاتدا کاتێک لاوازییەک یان سستییەک ڕودەدات لەلایەنی مەعنەوی، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبونی ئەوەی کە پێی دەوترێت بۆشایی کولتوری. بۆ نمونە کاتێک تاکەکانی کۆمەڵگا رازی دەبن بەکارکردنی ئافرەت لەدەرەوەی ماڵ، بەمەبەستی پێداویستی ژیانو بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خێزانی، لەهەمان کاتدا کۆمەڵێکی زۆر لەپیاوان رازی نابن، کە بەشداربن لەکاری ماڵەوە. ئەو پێشکەوتنەی کە لەلایەنی ماددیەوە ڕودەدات، زۆر خێراترەو تاکەکان پێی رازی نابن، ئەمەش بەهۆی ئەو کاریگەرییانەی کە پێشکەوتنەکان لەسەرپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەجێی دەهێڵێت.

٤- **ناکۆکی نێوان نەوەکان:** ئەم جیاوازییە کاتێک ڕودەدات، کە ڕەفتارێکی ئەخلاقی نوێ دەربکەوێت لەناو کۆمەڵگادا ، کە دژی دابونەریتێک یان بەهایەکی کۆن بێت، کە ناتوانرێت

هەردوکیان بەیەکەوە کۆبکرێتەوە. وەکو پابەندبونی باوباپیرانمان بەچەند دابونەریتێکی باو و داواکردن لەنەوەی نوێ، کەپەیڕەوی بکەن.

**٥- دەرکەوتنی شێوازی ڕەفتاری نوێ لای گەنجان:** گۆڕان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی چەند شێوازێک لەگۆڕانکارییە ماددیەکان، بەجۆرێک گەنجەکان ناتوانن پێداویستییەکانی خۆیان دابین بکەن بەشێوەیەکی یاسایی‌و ڕێگەپێدراو، بۆیە پەنا دەبەنە بەر ڕێگا نایاساییەکان بۆ بەدەستهێنانی پێداویستییەکانیان.



# شەرمی کۆمەڵایەتی

ئامادەکردنی/ بەکر محمدو حیدر عەلی

وا پێناسە بۆ شەرم کراوە، کە شێوەیەکە لەشێوەکانی ترس، مندالّی توشبوی پێ جیادەکرێتەوە لەکاتی تێکەڵاوبونی لەگەڵ منداڵانی دیکە.ئەم شەرمە منداڵ لەژێر کاریگەریی مرۆڤی بەرامبەرەوە توشی دەبێت،نەوەکو بەهۆی حاڵەتێکی لەناکاوە، یان گیاندارەوە.

لەلای ژمارەیەک لەزانایانی دەروونناسی پێیان وایە ،شەرمی کۆمەڵایەتی نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی‌و دەرونییە ،زاڵ دەبێتە





سەر هەستو سۆزی تاک لەکاتی منداڵیداو کاریگەریی لەسەر تێکچونی وزەی فیکری‌و توانای عەقڵی‌و شەلەل بونی توانای تاک هەیە، ئەمەش وادەکات، زاڵ ببێتە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئاراستەی دەرونی‌و کۆمەڵایەتی لەماوەیی ژیانیدا.

ژمارەیەکی زۆر لەو توێژینەوانەی کە کراوە لەبارەی شەرمەوە ، ئەوەیان ڕون کردوەتەوە، کێشەی شەرمی کۆمەڵایەتی‌و ترس لەکۆمەڵگادا دەردەکەوێت ،بەشێوەیەکی گەورە لەماوەی قۆناغی هەرزەکاریدا ، یان دوای ئەم تەمەنەش وەکو کۆمەڵێکی زۆر لەپسپۆڕانی بواری نەخۆشی دەرونی دوپاتیان کردوەتەوە،کە ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک هەیە، دەناڵێنن بەدەست ئەم کێشەیەوە.

ئەو کەسانەی توشی ئەم شەرمە دەبن لەکاتی زیادبونی شەرمەکەیان،داوای یارمەتی دەکەن. ئەمە ڕوبەڕوی کێشەی زۆریان دەکاتەوەو دەبێتە حاڵەتێک لەژیانیاندا. کۆمەڵێک لەزانایان وای دەبینن ، ئەم جۆرە کەسانە لەکاتی ڕودانی حاڵەتێکی کۆمەڵایەتی یان بارودۆخێکی کۆمەڵگا، وایان لێ دەکات هەست بەترس‌و پەشۆکاوی بکەن.

زانایان ئەم جۆرە کەسانەیان پۆلێن کردوە بۆ دو کۆمەڵە،



لەسەر بنەمای ئەو حاڵەتانەی کە دەبنە هۆی توشبونی ئەم شەرمە:

١- کۆمەڵی جێبەجێکردن: ئەوکەسانەن، کە بەشێوەیەکی لەناکاو توشی پەشۆکاوییەکی بەهێزدەبن لەبیریاندا. هەندێک ڕەفتاردەکەن، بۆنی شەرمی لێدێ، یان لەکاتی قسەکردندا لەگەڵ بەرامبەردا شەرم دایدەگرێت،ئەمە نمونەن بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵەیە.

٢- کۆمەڵی کارلێککردن: ئەو کەسانەن، کە دەترسن لەبەرامبەر هەمو حاڵەتێکدا. لەوانەیە لەکاتی تێکەڵاوبون‌و کارلێکردن بێت لەکاتی تێکەڵبونی لەگەڵ کۆمەڵگادا، یان لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکدا .بۆ نمونە ئەگەر هاتو لەناو کۆمەڵێک خەڵکدا بۆ هەست بەشەرم دەکات، یان لەکاتی ناساندنی بەکۆمەڵێک خەڵکی تازە، ئەوا هەست بەشەرم دەکات.

زانا یشیر عاقل (١٩٧٥) پێی وایە، شەرم یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی سروشتی مرۆڤ‌و بنەمایە کە لەبنەماکانی ڕەفتاری ئەو کەسە .ئەگەر هاتو چاودێری کەسێکی شەرمن بکەین، چی دەبینین؟

یەکەم تێبینی ئەوەیە کە شەلەلبون دەبینین ، شەلەلی جەستەیی‌و دەرونی لەگەڵی دایە،ئەم شەلەلبونە دەردەکەوێت،

که ڕەفتاری ئاسایی نییەو تێکچووەو بێتوانایە. شەلەلبون ئاماژە دەکاتە سەر تێکچونی فیکرە، بەجۆرێک لەکاتی قسەکردندا قسەی بۆ نایەتو کاتێکیش قسەبکات، گت دەکات، بۆچونەکانیشی بەتاڵن. شەلەل بەشێکە لەنەتوانین یان پەککەوتەیی،یان تێکچونی کاتێک سەرنجی دەموچاوی دەدەین، سورهەڵدەگەڕێ .ئەمەش دەرئەنجامی پاڵنانی خوێنە بۆ سەرەوەو هەناسەدانی تێکدەچێتو دڵی زۆر بەپەلە لێدەداتو هەندێک حاڵاتی جەستەیی دیکە.

ئەگەرئەم حاڵەتە جەستەییانە وازی لێبهێنینو بڕۆینە سەر کەسی شەرمن ،تێبینی ئەوە دەکەین، کە ئەم شەرمکردنە وا دەکات، کە ئەو کەسە دەیگەیەنێتە ئەوەی هەست بەئازار بکات. لێرەوە ئەو کەسەی توشی ئەم شەرمە دەبێت، هەوڵدەدات بەهەر نرخێک بێت، لەخۆی دوری بخاتەوە . ئەم شەرمکردنە توشی مرۆڤ دەبێتو تاک لەژیانی کۆمەڵایەتییەوە توشی دەبێت .کەواتە شەرمکردن ڕونادات، هەتاوەکو بەئامادەبونی کەسێک یان کۆمەڵەکەسێکەوەنەبێت.تەنها ئامادەبونی خەڵک بەس نییە ، بەڵکو ئەو کەسە یان کۆمەڵە کەسە سەیری بکەن، ئەوکات دەردەکەوێت . لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، هۆکاری دروستبونی شەرم بۆ سەیرکردنی خەڵک دەگەڕێتەوە، ئەو



کەسەی شەرمی تێدایە بەسەیکردنی بەرامبەر شەرم دایدەگرێت.

نەبونی متمانە بەخۆبون ، شەرمکردن لەهەر مرۆڤێکدا بێت، هەمیشە حەزدەکات سەربکەوێت، بەڵام حساب بۆ قسەی خەڵک دەکات ،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت متمانەی بەخۆی نیە، شەرمکردن حاڵەتێکە لەحاڵەتەکانی پەککەوتەیی،کە توانایی خۆگونجاندنی لەگەڵ کۆمەڵگادا نییەو ناتوانێ لەگەڵ خەڵکدا خۆی بگونجێنێ.

**کاری شەرمکردن :**بریتییە لەدروستکردنی فشارێکی دەرونی، کە کۆمەڵێک نیشانەی یەک لەدوای یەک لەمرۆڤدا دروستدەکات. ئەمەش دابەش دەبێت بۆ سێ بەش:

یەکەم/ نیشانەی ڕەفتاری:

١- کەمی قسەکردن لەکاتی بونی کەسێکی غەریبدا، یان کەسێکی بێگانەدا.

٢- هەمو کاتێک تەماشای دەوروپشتی خۆی دەکات، کاتێک کەسێک قسەی بۆ دەکات، ناتوانێت سەیری بکات.

٣- هەمو کاتێک خۆی بەدوردەگرێ لەو کەسانەی کە غەریبنو ئەوکەسانەی کە نایان ناسێ.

٤- هەستکردن بەخۆ بچوک زانین، کاتێک بانگی دەکرێت بۆ



قسەکردنێکو لەبەرامبەر کۆمەڵێک خەڵکدا توشی جۆرە تێکچونێکی دەرونی دەبێت.

٥- نەبونی هێزی قسەکردن لەکاتی بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەجۆرێک هەست بەشەرمێکی زۆر دەکات.

٦- هەستکردن بەدڵەڕاوکێیەکی زۆر، کاتێک کارێکی پێ دەسپێرێت.

دووەم/ نیشانەی جەستەیی:

١-زۆر لێدانی دڵ.

٢-هەبونی ئازار لەگەدە.

٣- هەردو لەپی ئارەقێکی زۆر دەکات.

٤- وشکی دەمو قوڕگ.

٥- توشبون بەترسو لەرزێکی لائیرادی.

سێیەم/ نیشانە هەڵچونییەکان:

١- هەستکردن بەچاودێرییەکی زۆر بەدەرونی خودی خۆی.

٢- هەستکردن بەڕوگیری.

٣- هەستکردن بەنائارامی.

٤- هەمیشە هەوڵدەدات دوربکەوێتەوە لەڕوناکی.

٥- هەستکردن بەناتەواوی.



**زیانەکانی شەرمی کۆمەڵایەتی:**

خراپترین زیانەکانی شەرمی کۆمەڵایەتی لەمرۆڤدا ئەمانەن:

١- هەمو کاتێک پەیوەندیی هاوڕێیەتی نییە.

٢- دورکەوتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

٣-بێبەشی دەکات لەفێربونی ژیان.

٤- دوردەکەوێتەوە لەهەمو ئەو مرۆڤانەی ،کە لۆمەی دەکەنو ڕەخنەی لێدەگرن.

٥- وای لێدەکات، توانای تێکەڵاوی کەم دەبێتەوە، لەگەڵ هاوڕێکانیدا.

٦- وا هەستدەکات کە لەناوەڕاستی دەریایەکدایە، خەریکە دەخنکێت، یان گیری خواردوە.

٧- هەستدەکات توانای نییە، فێرببێت، یان بڕوا بخوێنێت.

**کاریگەرییە دەرونییەکانی شەرمی کۆمەڵایەتی:**

کاریگەییە دەرونییەکانی شەرمی کۆمەڵایەتی،- جۆراوجۆرو ئاڵۆزەو تێگەیشتن لێیی زۆر ئاڵۆزە.

سەرەتا کەسی شەرمن، ناتوانێت خۆی لەگەڵ بارودۆخدا بگونجێنێت، کەسی شەرمکەر دەترسێ لەکۆمەڵگا، زۆرجار ئەم شەرمکردنەی بۆ ترسەکە دەگەڕێتەوە؟ ئەو کەسانەی شەرمۆکن، هەستدەکەن پێویستییەکی زۆریان دەوێت ، تاوەکو

خۆشەویستبن لەکۆمەڵگاو پێویستییان بەخۆشەویستی هەیەو پێویستە کارئاسانییان بۆ بکرێت ،بۆ ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا بژین . خەڵکانی تر لەبێدەسەڵاتیو ساردوسڕیو ترسەکەیان تێناگەن، لەڕاستیدا هەستدەکەن، کاتێک خەڵک بریندداری دەکەنو قسەی پێدەڵێن ،بەو هۆیەوە ئەو کەسانە شەرم دەکەنو هەست بەئاسودەیی دەرون ناکەن .ئەگەر بیەوێ هەستی خۆی ئاشکرابکاتو چەندە باشەو ژیانی خۆی باس بکات، کەچی سەیردەکەی ناتوانێت هاوسەنگی قسەکردنی ڕابگریو تێکدەچێتو دەمی دەچێت بەیەکدا، بەمەش دەیباتە سەر قسەی ترو بەهەڵە بەرامبەر تێدەگەیەنێ. کاتێک ئەمەی لێی دروستدەبێ، ئەوانەی گوێیی لێدەگرن، لێیی دوردەکەونەوە ، ئەمە وادەکات، کەسی شەرمن، پەشیمان بێتەوەو هەست بەشەرمێکی زۆرتر دەکاتو دواتر هەست دەکات، کەسێکی بریندارە لەڕوی دەرونییەوەو هەست بەدڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکات ،بیر لەقسەی خۆی دەکاتەوە، کاتێک بەرامبەر بەجێیی دەهێڵێتو بیر لەژیان دەکاتەوە.

**سەرچاوە:**

فضيلة عرفات محمد، الخجل الأجتماعي وعلاقتة بأساليب المعاملة الوالدية وبعض سمات الشخصية، أطروحة دكتورا، ٢٠٠٥.



# ” جۆرج زمێلو سەرەتاکانی وردە کۆمەڵناسیو کۆمەڵناسیی خۆشەویستی وەک وێنە“

ئەرکان جەوهەر

ئەگەر بڵێم سەرەتای بایەخدان بەژیانی هەستەوەریو سۆزگۆڕینەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵناسی گەورەی ئەڵمانی (جۆرج زمێل ١٨٥٨–١٩٨١). ڕەنگە نەکەومە هەڵەوە. جۆرج زمێل بەیەکێک لەکۆمەڵناسانی مۆدێرنی وەک ماکس ڤێبەرو ئمێل دۆرکایم دادەنرێو بەیەکەمین کۆمەڵناس دادەنرێ، کە بەشێوەیەکی وردو بابەتیانەی زانستی لەدیاردە مۆدێرەکانی ناو کۆمەڵگای خۆرئاوای کۆڵیوەتەوە. یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی جۆرج زمێل ئەوەیە، کە بڕوای بەوە نەبووە، بابەتێک یا دیاردەیەک هەبێت، شایانی توێژینەوەی کۆمەڵناسی بێتو بابەتێکی دی هەبێت، ئەوە نەهێنێت، شایانی توێژینەوە بێت، بەڵکو بەلای زمێلەوە هەمو دیاردەو



بابەتەکانی ناو کۆ مەڵگای مۆدێڕن، شایانی ئەوەن بایەخی کۆمەڵناسییانەی زانستی پێبدرێت،ئەگەر چی بابەتی لەتێڕوانینی کۆمەڵگادا بابەتی لاکەوتەو پەراوێزیش بن. زمێل گرنگی زۆری بەدیاردەکانی وەک (بێگانەکانو پیسکەو هەژارەکانو توێژی باڵا) دەدا . هەر بەو هۆیەشەوە بناغەی ئاراستەیەکی کۆمەڵناسی دامەزراند، کە دواجار بەوردە کۆمەڵناسی ناوی دەر کرد. (micro sociology)

ئەگەر بمانەوێ نمونەیەک لەکارەکانی زمێل وەک وردە کۆمەڵناسی بهێنینەوە، ئەوە دەکرێ ناوی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کۆمەڵناسیی هەستەکان ببەین، کە (تیایدا باس لەوە دەکا، چۆن پێنج هەستەکەی مرۆڤ کار دەکەنە سەر هەلومەرجی پێکەوەبونەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی )، هەروەها ئەو وتارە بەناوبانگەی کە لەبارەی بێگانەکانەوە نوسیویەتی، کە تیایدا باس لەو ڕەفتارانە دەکات، کە کەسی نامۆو بێگانە لەئاست دانیشتوانی ئەو شوێنەی بۆی هاتوە ،پێیان هەڵدەستێت، هەروەها هەر یەک لەوتارەکانی دەربارەی مۆدەو کۆمەڵناسیی نانخواردن، کە لەیەکەمیاندا باس لەوە دەکات، بۆچیو چۆن تاکەکانو گروپە کۆمەڵاییەتییەکان پەیڕەوی لەمۆدێلەکان دەکەنو بەکاریان دەهێنن لەناساندنی خۆیاندا.



لەدوەمیشیاندا باس لەسەر کۆمەڵناسیی نانخواردن دەکات، وەک بەدیهێنەری فۆرمێکی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەنێوان ئەوانەدا، کە ژەمێک نان پێکەوە دەخۆنو پاشانیش وتارە گەورەکەی لەژێر ناونیشانی (شارە گەورەکانو ژیانی مەعنەوی). ئەمانە بەنمونەی هەرە کارە گرنگەکانی لەبواری پەروەردەی کۆمەڵناسی ناودەبرێت، کە کاریگەریی خۆیان تا ئێستا لەدەست نەداوە.

**دیمەسەر پەیوەندیی خۆشەویستیو سۆز گۆڕینەوە:**

ئەوەی زمێل سەبارەت بەمەسەلەی پەیوەندیی سۆزگۆڕینەوەو خۆشەویستی دەیخاتە ڕو لەدوخلێ سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە، یەکەمیان بریتییە لەجیاوازی پەیوەندیی خۆشەویستی لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکان لەچاو کۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا. جیاوازییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە خۆشەویستی لەکۆمەڵگا مۆدێرنو پێشکەوتووەکاندا تەواو سەربەخۆیە لەئەخلاق.ـ واتە مەبەستی لەوەیە، کە سەربەخۆیە لەهەمو ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بەهەردو چەمکی (خودێتی)و (ئەویتر)ەوە هەیە.

هەڵبەتە خۆشەویستی وەک بەگرکەوتنی کۆمەڵێ هەستاریو سۆز ، خۆی بەدور دەگرێ لەهەرشتێ، کە جگە لەخۆی هیچ

ئامانجێکی تری هەبێ. جا ئەو شتە لەبەرژەوەندیی خودێتیدا بێت یان ئەویتردا . ئەمەش ئەوە دەگەێنێ پەیوەندیی خۆشەویستیو سۆزگۆڕینەوە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بۆ ئەوە نییە، کە تاک بەهۆیەوە ئەرکێک لەئاست کۆمەڵگادا جێبەجێ بکا ، وەک ئەوەی کە لەکۆمەڵگا تەقلیدیو دواکەوتووەکاندا چاوەڕێ دەکرێ.ـ منداڵو وەچەخستەوە وەک ئامانجی خۆشەویستی سەیردەکرێ. بەڵکو ئەو پەیوەندییە لەکۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا جگە لەخۆی هیچ ئامانجێکی تری نییە.

خاڵی دووەم لی جۆرج زمێل لەو ناکۆکییەدا خۆی دەبینێتەوە، کە دیاردەی پەیوەندیی خۆشەویستی بەدی دەهێنێت، واتە کۆمەڵگا چی لەئەوینداران دەوێتو ئەمانیش چی لەو داواکارییە تێدەگەنو چی دەدەنەوە بەکۆمەڵگا ، چونکە لەیەکەوە کۆمەڵگا ڕێگە بەپەیوەندیی سۆزگەرایانە نادات، ئەگەر بێتو لەپێناو ئامانجێکی تایبەتیدا نەبێتو ئەویش دابینکردنی مانەوەی خۆیەتی لەڕێگەی وەچەخستنەوەوە.

بەڵام کاتێک خۆشەویستیی تەندروست ڕۆڵی خۆی دەبینێ، ئەو سنورانە ڕەتدەکاتەوە، کە کۆمەڵگا بۆی داناوە ، هیچ کاتێ دو دڵدار پەیوەندیی خۆشەویستییانەی خۆیان بەو جۆرە



پێناسە ناکەن، چونکە هەستکردنی ئەوان بەیەکتری دەبێتە سۆزێکی سەربەخۆیی دو تاکەکەس لەئاست یەکتردا.ـ نەک یەکگرتنی دو تاکەکەس بۆ ئەوەی ماڵێک بۆ وەچەکانیان دروستبکەن، هەڵبەتە ئەمە لەکۆمەڵگا تەقلیدییەکاندا باوە بەکۆمەڵگای کوردیشەوە.





## درۆکردنی منداڵان

و/ ڕەحمان عەلی

درۆکردن کارێکی خراپە، ئەمەش شتێکی زۆر باوە لای کەسانی ژیر، بەر لەوەی ئاینەکان باسی خراپی بکەن، درۆزنترین کەس کاتێ پێی بڵێی : تۆ درۆزنی قایل نابێو پێی ناخۆشە .بۆیە زۆر لەباوکانو دایکان دڵ تەنگ دەبن لەدرۆکردنی منداڵەکانیانو زۆربەی کات درۆکردن لەیەک چوارچێوە پۆلێن دەکرێو بەیەک شێوەش مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن.

بۆیە پێم خۆشە، لێرەدا جۆرەکانی درۆکردن لای منداڵانتان بۆ



پۆلین بکەمە سەر شێوەکانی.

درۆکردنی منداڵ یەک جۆر نییەو پۆلین دەکرێت بۆ چەند شێوەیەکو بەناوبانگترینیان ئەوەیە، کە پۆلینی درۆیە بۆ ئەو هۆکارەی کە وا لەمنداڵ دەکات، درۆبکات.

**درۆی خەیاڵی:**

ئەم شێوەیە زۆر جار ئەو کەسانە دەیکەن، کە داهێنەرو خاوەن خەیاڵێکی فراوانن . لەم شێوەیە لەوانەیە منداڵ خەیاڵی شتێک بکات، بەڵام وەکو ڕاست دەیگێڕێتەوە ...

نمونەی ئەمە : منالێک تەمەنی سێ ساڵە لەماڵی خۆیان بۆ جەژن کاوڕێک دێنن، کە دو شاخی هەیە، ئەم منداڵە دوای ماوەیەک دەگریو ئەڵێ من سەگێکم دیوە، دو شاخی هەبو، ئەمە بەدرۆ دانانرێت . لێرەدا دەبێ دایکو باوک ئاراستەی منداڵەکەیان بەشێوەیەک ئاراستە بکەن، کە جیاوازی لەنێوان خەیاڵو ڕاستیدا بکاتو لەم کاتەدا هەڵەیە تاوانباری بکەی بەدرۆزنو سزای بدەی.

**درۆی تێکەڵکردن:**

خەیاڵو ڕاستی تێکەڵ دەکاتو ناتوانێت لەیەکیان جیابکاتەوە بەهۆی لاوازی عەقڵییەوە، لەوانەیە چیرۆکێکی هەڵبەستراو ببیسێتو پاشان باسی بکاتەوە، بڵێ ئەمە ڕاستییەو هەندێ

ڕاستکردنەوە لەکەسەکانو شوێنەکانی یان هەندێکی لێدەقرتێنیٚ بەپێی توانای عەقڵی خۆی ، یان لەوانەیە خەونەکانی وەکو ڕاستی بگێڕێتەوە، بۆ نمونە : منالێک لەخەویدا بینیوە، کە خزمەتکارەکەیان لێی داوەو یارییەکانی شکاندوە، بەلاٚم ئەو جەخت دەکاتەوە، ئەڵیٚ ئەو بەڕاستی ئەوەی کردوە.

**درۆی پڕوپاگەندە:**

ئەم شێوەیە ئەو مندالاٚنە دەیکەن، کە هەست کەمی لەهاوڕێکانیان دەکەن، یان ئەو مندالاٚنەن کە شتیان لێدابڕاوە، ئەمانە ئەڵێن ئێمە هەمو شتێکمان هەیە، ئەوەی هاوڕێکانی هەیانبیٚ، ئەڵیٚ ئێمەش هەیمانەو لای مندالاٚنی تر ئەڵیٚ یاری گرانبەهای وام هەیەو باوکم ئەوەی هەیەو ماڵمان ئاوا جوانەو ....هتد.

یان هەندیٚ جار ئەمانە خۆیان بەنەخۆش دەخەن، بۆ ئەوەی نەچنە قوتابخانە یان کاریک نەکەن، ئەوەی وا لە مندالٚ دەکات، کە ئەم شێوە درۆیە بکات، ئەویش دو شتە:

یەکەم : شانازیو پیاهەڵدانی هاوڕێکانی کە باسی باوکو ماڵو ئۆتۆمبیلو یارییەکانیان دەکەن.

دووەم : بۆ ڕاکێشانی سۆزی دایکو باوکی بۆ لای خۆی،



چونکە جیاوازییان لەخۆشەویستیو کڕینی یاری کردوە لە نێوان ئەو براو خوشکانی تری، دەبیٚ دایکو باوکی هۆکاری ئەوە بزانن‌و چارەسەری بکەن‌و هەوڵبدەن پێویستییەکانی بۆ جێبەجیٚ بکەن‌و بیر لەدرۆکردنەکە نەکەنەوە.

**٤- درۆکردن بۆ شتێک:**

مندالٚ پەنا دەباتە بەر ئەم شێوەیە، کاتیٚ باوکو دایکی ئەو شتەی ئەیەویٚ، بۆی نەکڕن، بۆ نمونە: داوای پارە دەکات بۆ کڕینی شتێک، بەلاٚم شتێکی تری پێدەکات، وەک ئەو مندالٚەی کە دەیەوێت یاریەک بکڕێتو ئەڵیٚ لەقوتابخانە داوای پارەیان لیٚ کردوین، کە پارەکەی دەدەنیٚ، ئەو شتەی دەیەویٚ، بەو پارەیە دەیکڕیٚ.

**٥- درۆی تۆڵەکردنەوە:**

ئەمەیان هۆکارەکەی جیاوازیکردنە لەنێوان مندالاٚندا لەماڵو قوتابخانە، مندالٚ پەنا دەباتە بەر شکاندن یان تێکدانی شتێکو پاشان تاوانەکەی دەخاتە سەر براکەی یان هاوڕێکەی، زۆرجار ئەو تاوانە دەدرێتە پالٚ ئەو کەسانەی کە زیاتر گرنگییان دەدرێتیٚ.

**٦- درۆی خۆپاراستن:**

ئەمەیان زۆر جار مندالاٚن لەترسا دەیکەن، بۆ ئەوەی لەسزا



دەرباز بن ، جا ئەو سزایە لەلایەن باوکانەوە بێت، یان مامۆستایان‌و زۆرجار لەقوتابخانەکانی کوڕان دەیکەن‌و لەو ژینگانە دەکریٚ، کە پەروەردەی توندوتیژو سزای تێدا بەکاردەهێنریٚ.

**٧- درۆکردنی لاسایی کردنەوە:**

لەوانەیە کچ یان کوڕ باوکو دایکی ببینیٚ درۆدەکات، ئەویش لاسایی ئەوان دەکاتەوەو تا دەگاتە ڕادەیەک هەر بۆ ئەوەی لاسایی ئەوان بکاتەوەو درۆدەکات.

**٨- درۆکردنی خو یان ئەوەی کە دەبێتە نەخۆشی:**

ئەمەیان دەبێتە نەژادی لای مندالٚو دەبێتە خو و ناتوانیٚ وازی لیٚ بهێنیٚ، ئەم کەسانە ئەمەندە کارامە دەبن لەدرۆکردن، هەندیٚ جار خەڵک ناتوانیٚ درۆکانیان لەڕاستییان جیابکاتەوە.

کام لەم شێوانەی درۆ زۆر دەکرێت:

زۆرترین جۆریان کە باوە درۆی خۆپاراستنە، کە نزیکەی ٧٠ ٪ دەنوێنێتو ١٠ ٪ درۆکردنی تێکەڵکردنەو ٢٠ ٪ ەکەی تر دەگەڕێتەوە بۆ فیلٚو گزیو ڕق.

**چارەسەر:**

درۆکردن خویەکی بەدەستهاتوە لەگەلٚ مرۆڤ نایەت، بەڵکو فێری دەبن، بۆیە دەبیٚ باوکان ئاگاداری پەروەردەکردنی



مندالٚەکانیان بن لەسەر ڕاستگۆیی پەروەردەیان بکەن‌و ئامادەبن بۆ چارەسەرکردنی مندالٚەکانیان ئەگەر فێری درۆکردن بون، بۆ ئەوەی لەگەڵیان نەبیٚ، تا گەورەبون‌و پاشان ببێتە خویەک، کە نەتوانن وازی لیٚ بهێنن.

گرنگترین هۆکار بۆ چارەسەری درۆکردنی مندالاٚن:

یەکەم:ـ زانینی هۆکارەکانی درۆکردنی مندالٚو پۆلینکردنی بەشێوەیەکی ڕاست ، چونکە مامەڵەکردن لەگەلٚ درۆی خەیاڵی جیاوازە لەگەلٚ درۆی تێکەڵکردن‌و هەروەها هەمو جۆرەکانی تری.

دووەم : ڕەچاوکردنی تەمەنی مندالٚ، بە تایبەتی لەحالٚەتی درۆی خەیاڵیو تیکەڵکردن، چونکە مندالٚ ناتوانیٚ جیاوازی لەنێوان ڕاستییەکان‌و خەیاڵدا بکات لەتەمەنی زۆر بچوکیدا.

سێیەم : جێبەجێکردنی پێویستییەکانی مندالٚ لەڕوی لەش‌و دەرونیو کۆمەلاٚیەتییەوە، چونکە زۆربەی کات مندالٚ لەبەر جێبەجێنەکردنی ئەو پێویستیانەی پەنا دەباتە بەر درۆکردن.

چوارەم : نەرمیو لێبوردەیی لەگەلٚ مندالاٚنداو بنیاتنانی پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵیاندا ، وادەکات، کە هەست بەدڵنیایی بکەن، بەلاٚم ڕەقیو توندوتیژی دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەست بەترسو دڵەڕاوکیٚ بکەن . بۆیە هەوڵدەدەن، خۆیان

لەو توندوتیژیانە بەدرۆ دەربازبکەن.

پێنجەم: دورکەوتنەوە لەسزادانی منداڵ لەکاتی ڕاستوتندا، هەتا گەر ئەو ڕاستییە شتێکی ناشیرین یان خراپیش بێت، دەبێ لەو کاتەدا لێی ببوری یان هیچ سزاکەی کەم بکەیتەوە، بۆ ئەوەی فێری ئەوە بێ قسەی ڕاست بکات، گەر بێتو لەکاتی وتنی شتێکی ڕاستدا سزا درا، بۆ جارێکی تر پەنا دەباتە بەر درۆکردن، بۆ ئەوەی خۆی لەسزا دەرباز بکات.

شەشەم: دورکەوتنەوە لەجوان پیشاندانی درۆی منداڵ، یان پێکەنین بەدرۆکانی، لەوانەیە ئەو منداڵە لەهەندێ جار کە بەدرۆکانی پێبکەنیو ببێتە هۆی ئەوەی کە لەلای خەڵکانی تریش درۆبکات، بۆ ئەوەی ببێتە هۆی ئەوەی خەڵک لەخۆی نزیک بکاتەوە، ئەمەش وای لێدەکات، فێری درۆکردن بێت.

حەوتەم: دورخستنەوەی منداڵ لەدرۆکردن بەباسکردنی بەخراپو وەک لەقورئانو وتەکانی پێغەمبەر (د.خ) هاتوە، نەفرەتی لێکراوەو بەدو ڕو و بەدرەوشت ناوبراوە.

هەشتەم: ئاگادارکردنەوەی منداڵ لەکاتی درۆکردنداو گەر پێویست توند بە لەگەڵیدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی جۆری درۆکەو گەر پێویستی کرد سزای بدە، گەر هەستت کرد، ئەو درۆیە لەوانەیە ببێتە خو و ناتوانێ لەدوارۆژ خۆی لێ دەربازبکات.



نۆیەم: نمونەی چاک بەواتا لەبەرچاو منداڵەکەت درۆمەکە، یان پێی مەڵێ درۆبکە، وەک کاتێ کەسێک لەدەرگا دەدات پێی بڵێی (کوڕم بڵێ باوکم نییە لەماڵ یان لەتەلەفۆن پێی بڵێی باوکم تەلەفۆنەکەی لەماڵ بە جێهێشتوە. وەک لەپێغەمبەرەوە(د.خ) ئەگێرنەوە جارێکیان عەبدوڵا کوڕی عامر وتویەتی:- دایکم بانگی کردم، وتی وەرە شتێکت دەدەمێ، لەو کاتەدا پێغەمبەر (د.خ) لەماڵمان بو، وتی دەتەوێ چی بدەیتێ، دایکم وتی خورمایەک، ئەویش وتی: یان دەبێ بیدەیتێ، یان ئەوە درۆیەکت لەسەر نوسراوە، واتا نابێ بۆ گاڵتەش بێ درۆ لەگەڵ منداڵ بکەین، چونکە منداڵ گاڵتەو ڕاست لەیەک جیاناکاتەوە.

دەیەم: گەر هەر پەیمانێکت بەمنداڵەکەت دا، دەبێ بۆی بکەی، چونکە گەر وتت شتێک دەکەمو نەتکرد، ئەوا بەدرۆی دەزانیو ئەو ئاگایی لەوە نییە، تۆ هەیتە یان نیتە.





# کەشکۆڵو بەهاکانی لەمێژوی نوسیندا

ئا/ ساڵەح هەلاج

یەکێک لەبنەماکانی نوسینی کۆنی کوردی (کەشکۆڵە)، کەشکۆڵ واتە ئەو نوسینانەی کۆن لەدەستە کۆنەکاندا بۆمان ماوەتەوەو چاپنەکراوە ، چونکە لەسەردەمانی کۆندا چاپو چاپخانە دەزگاکانی تری بلاوکردنەوە نەبووە ، هەر بۆیە دڵسۆزانی نوسین کتێبو وەکو سەلیقەیەکی خۆیان دەستیانداوەتە نوسینو یاداشتکردنی شیعری شاعیرانو ڕوداوەکانی سەردەمو دانانی ڕەگی بنەماڵەو ژیاننامەی پیاوە ناودارەکانو باری کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەو سەردەمانەو بابەتی زۆری جۆراوجۆر.



لەبەر نەبونی چاپخانە پاشاو سوڵتانو میرنشین خەلیفەو ڕێبەرە ئاینییەکانیش هەمو نوسینەکانیان بەدەست بووەو کاروباری دەسەڵاتیان هەر بەو شێوە تۆماردەکرد.بەڵام کەشکۆڵ کاری ئەویندارانی نوسین لای تاکە کەسەکان تایبەت بووە، زۆرکەس خۆیشی شاعیر نەبووە، بەڵام شیعری شاعیرانی تری لەکەشکۆڵدا کۆدەکردەوە.

نوسەرانو فەرهەنگنوسانی کوردو عەرەبو فارسەکان زۆر بەدوای واتای ئەم وشەدا گەڕاونو لێکدانەوەیان بۆ کردوەو شیتەڵ یانکردوەتەوە.

لای فارسەکان بە"فنجانی فەخفور، قاپی میوەی دەروێشان بۆ ساڵکردن بەکاریان هێناوە ،عەرەبەکان ئەم دەستەواژە دەکەن بەفارسی ، هەندێجاریش بەچەند شێوەیەک دەیبەنەوە سەر زمانی عەرەبیو بەکتێب دەچوێنن وەکو لەم شیعرەی (عبدولفەتاح ابو غدە) دەڵێت:

**لا بُدَّ للطالبِ من كُنّاشِی**
**يكتبُ فيهِ قائماً أوْ ماشي**

واتە لەسەر هەمو خوێندکارێک پێویستە کتێبی هەبێ بۆ نوسینەوەی شتەکانی.

کەشکۆڵ دەفرێکی لە بەن چێنراوەو شتی تێکراوە ، بەتایبەتی لەماڵاندا شتیان تێکردوەو پاراستویان، یان دەروێشان و

هەژاران کردویانە شانو دەروازەکان گەڕاونو سواڵیان پێکردوە، ئەوەتا لەگۆرانیو فۆلکلۆری کوردیدا چەندین بەیتو هۆنراوە هەیە، وەکو دەڵێت:

شەرتە لەداخت تەرکی دنیاکەم
عاسا هەڵبگرم کەشکۆڵ پەیداکەم

یان دەڵێت:

سۆفی وە ڕیشو دەروێش وەکەشکۆڵ
ولآت بپێوم ئەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ
شەرتبێ لەداخت تەرکی دنیاکەم
هەڵگرم کەشکۆل ئەملاو ئەولاکەم

لەشیعرو فۆلکلۆری کوردیدا ئەم جۆرە باسو خواسانە زۆر بووە.

دەستەواژەی کەشکۆڵ لەزاری کوردیدا لەدو واتا پێکهاتوە، پێشگرەکەی (کەش) بە (زەی تەڕو پاراو، کەشو هەوا، هەوری بەباران، ئەستێرەگەورە) کە لەکوردیدا بەئەستێرەی کلک دارهاتوە، هەمو واتاکان بەشتی بەبەرهەمو سودگەیاندن دێت، واتە ئەو دەفرە سودو بەرهەمی زۆر بووە، پاشگرکەی (کۆل)، واتە هەر شتێ بە(کۆڵو شانو هەڵبگیرێ).

لێرەدا واتای کەشکۆڵ کوردییە، نەک ئەوانەی عەرەبەکان



بەفارسی یان بەعەرەبی هێناویانەتەوە.

لەسەردەمی کۆندا مەلاو فەقێکان کتێبو دەفتەرو جەواهری واتە (حبر)و پێنوسەکانیان کە لەقامیشو تەرکە دروستدەکراو لەو دەفرەدا هەڵیانگرتوە، وەکو پێشتر وتمان دەروێشو سواڵکەرەکانیش بۆ سواڵو دەروازەکردن دەیاندا بەکۆڵیاندا.

شتێکی زۆر جوانتری کەشکۆڵەکان خۆشنوسی بووە لای نوسەرەکان، ئەڵبەتە خۆشنوسی کارێکی گرانو سەختەو پێویستی بەماوەیەکی زۆر هەیە، تا فێری ئەو نوسینانە بێتو دەستی خۆی ڕابێنێ ، شتێکی سەیر لەو پیشەدا دروستکردنی ئەو جۆرە گەوهەرە (مەرەکەبەیە)، کە نوسەران خۆیان دروستیان دەکرد، ئەڵبەتە ئەویش هونەرو شارەزایی خۆی هەبووە، سەرەتا ئەم مادەیە (٢٥٠٠) ساڵ پێش زاین لەلایەن هندیو چینیەکانەوە دۆزراوەتەوەو بەکاریان هێناوە، لەبەهاراندا لەڕەنگی گوڵی تایبەتییان کۆدەکردەوە، بەری دار تو و بەڕو و ناوکی کەتان، لەهەندێ ناوچەی تریشدا لەڕەشی هێسی دوکەڵو گولیلکە سورەی بەهارانو ژەنگی ئاسنو جۆی سوتاو لەناو مەنجەدا دەکولێنراو، پاشتر بەپەڕۆیەک دەیان پاڵاوتو دەکرایە ناو دەفرێک بۆ چەندین ڕۆژ، وەکو مەشکە دەیانژەند، وەکو بیستومە کاتێ کاروانچییەکان دەچون



بۆ سەفەر، ئەو دەفەرەیان دەبەستە ژێر سکی وڵاخەکانەوە، ئەو ماوە دورو درێژە بەژێر سکی وڵاخەکەوە بو، تا باش دەژنیا، ئەنجا نوسەران دەیان کردە ناو دەفری تایبەتی، کە بۆ هەڵگرتنی حیبر دروستدەکرا.

ئەڵبەتە پێنوسەکانیش هەر هونەرێکی سەلیقەدارو بەهرەیەکیش بووە لەچۆنێتی دروستکردنی پێنوس لەلاقی تەرکە یان قامیشی نە زۆر ڕەقو نەزۆر نەرمیش بووە، بەنەشتەر بەسەلیقەیەکی هونەری نوکی گۆشەیی دەتاشینراو، لەکاتی نووسیندا نوکی ئەو پێنوسە بەئەسپایی دەئاژێنرایە ناو جەواهێرەکەو بەهونەرێکی تەواوە پێیان دەنوسی.

کەشکۆڵ نوسین ئەرێکی گرانو کاتێکی باشیشی ویستوە، ئەو کەسەش بەخۆشنوسی ناسراوەو هەمو هونەرەکانی نوسینیان تێدا بەکارهێناوە ، جۆرەکانی نوسین چەندین ناوی هەیە، وەکو ا(ثلث)و (نسخ)و (فارسی"المستعلق")و (شکستە)و (تەحریری) (ڕوقعە)و(کوفی)و (سوڵتانی)و (غزلانی)و چەندینی تر، لەپاڵ ئەمانەیشدا پەراوزی جوانکاری کراوە.

ئەڵبەتە پێش ئەم جۆرە نوسینانە چەند جۆرێکی تریش نوسین هەبووە، وەکو (سۆمەری)و (میخی) یان بزماری ..هتد هەبووە، وەکو ئێستا لەسەر تابلۆکانی مێژوی کۆندا دەبینین، بەتایبەتی



تابلۆکانی ناو مێژوی ئێرانو مێژوی میزۆپۆتامیاو ئەکەدو سۆمەرییەکان.

ئەو کەشکۆلآنەی بۆ ئێمە ماوەتەوە، بەهرەو توانایی نوسەرو خۆشەویستانی کتێبو نوسین هەزاران پاشماوەی پێشنانمان لەشیعرو داستانو بیرەوەرییە، کە بەهرەو تواناو بیرو هزی ئەوانمان پێشاندەاتو لەگەڵ ئەوەیشدا یادگارییەکانی ئەوانە کە کەرەستەیەکن لەزیندوکردنەوەی نوسینو مێژوی پێشینانمان.

کەشکۆڵ بەهۆی ئەو جوانکارییانەی تێداکراوە، ئێستا کەم کەس توانای خوێندنەوەو شیتەڵکردنەوەی هەیە، چونکە قۆناغی نوسینی ئەوساو ئێستا جودایەو نوسینی دەستیو ڕێنوسی ئێستا جودان لەیەکتری ، بەتایبەتی ڕێنوسی ئێستا بەچاپو کۆمپیوتەرەو وشەکانی دارێژراوەو لەسەر سیستمی نوێ دانراون، پێویستی بەهیچ هونەرێکی خۆشنوسین نییە.

گەر بگەڕینەوە بۆ بەهای کەشکۆڵ، ئەوە مێژویەکی پرشنگداری نوسینی کۆنی نەتەوایەتیمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە پڕاوپڕە لەبەهرەو مێژوی شاراوەی کۆنمان، کە گەواهی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمەمان لەهەمانەی پشتی مێژووە بۆمان ماوەتەوە ، چونکە ئێمەی کورد چاپو چاپخانە درەنگ

گەیشتوەتە ناومانو خاوەنی دەسەڵاتو حکومەتی نەبوینە، لەگەڵ ئەوەیشدا میللەتی ئێمە پاشکۆی دەرەبەگایەتی کۆچەرایەتی بووەو کەمتر گرنگی بەخوێندنو نوسین دراوەو قوتابخانە تەنها لەحوجرەی مزگەوتدا هەبووە، ئەویش توێژێکی کەم بووە، مەلاو فەقێی مزگەوت خاوەنی نوسین کەشکۆڵ بونە، بەڵام بەهرەو تواناکانیان زۆر سەرکەوتو بووە،ـ لەناوەڕۆکی نوسینەکاندا تواناکانیان لەسنور بەدەر بووە، لەخۆشنوسیندا بەهرەکانیان زۆر سەرکەوتو بونە، لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی لەو سەردەمەدا برەوی هەبووە، شارەزا بونە لەناوەڕۆکەکەیدا، بەتایبەتی مێژو کە پێویستییەکی زۆر بووە بۆ شارەزابون لەمێژوی ڕابوردومان وەکو (شەرەفنامەی شەرەف خانی بەدلیسیو مەمو زین و داستانە کۆنە سەرنج ڕاکێشەکانی جەفەنگیو ئەویندار).

دەبێت ئەوەیش بزانین لەزەمەنێکدا ناوچەکە کەوتبووە بەرچاو دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان، بەسەدان گەڕیدە بەناوی ڕۆژهەڵاتناسییەوە هاتبونە کوردستان، بەسەدان دەستنوسی نایابیان دەبردەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ئێستا زۆرێک لەو دەستنوسانە لەئەرشیفی کتێبخانەکانیاندا پارێزراوە.

لای خۆشمان لەچەندین کتێبخانە تایبەتییەکاندا بەهەزاران



دەستنوسی کۆن پارێزراوەو کەلێنە شاراوەکانی نوسینی ڕابوردووەکانمانی تیادا پارێزراوە، هەر لەسەرنجامەکانی یارسانو دیوانی شاعیرە کۆنەکانو بیرەوەرییەکانی سەرکردەو بزوتنەوە سیاسییەکان، کە ئێستا زۆربەیان ساخکراونەتەوە، چاپدەکرێن، گرنگی کەشکۆڵ لەوە دایە، کە نوسینێکی سەردەمی کۆنو پڕ نهێنیو شاراوەیە، هەر بۆیە بەهایەکی زۆری هەیە.





# پێغەمبەر زەردەشتی [1]

## کوردو نهێنی سێ وتە بەنرخەکەی

بەختیار مام حەمید



((ئەی ئاهۆرامەزدای تاک ئاواتی ئەو کەسانە بەجێ بێنە، کە دەیانناسیتو دەزانیت چاکبێژو چاکبیرو چاککردارن.. پێغەمبەر زەدەشت، گاتاکان هاتی ٢٨، سرودی ١٠)).

سێ وتەکەی زەردەشت کە ئەوانیش (بیری چاک، پندار نیک، ڤوهومانا..وتەی چاک، گفتار نیک، ڤوهوختا ..کرداری چاک، کردار نیک، ڤوهوڤدرشتا [٤])، ئەم سێ وتە لەهەر لایەکەوە تەماشای بکەیتو خوێندنەوەی بۆ بکەیتو هەڵیسەنگێنیتن بەتەواوی واتای (خوداناسی، دادوەری، ژیاندۆستی، تەبایی و ئاشتی، لەتەک مەردوم باشو چاکبون، بیریی ڕاستو پاکو دڵ ساف بون، ڕاستگۆیيو ڕێزو چاکەپەروەریو ...هتد)ە.

سەرەتا مرۆڤ پێویستە بیرو ئەندێشەو تەفەکوری چاکو پاکو ڕاست بێتو بەرە بەرە هەنگاو بنێت بۆ قۆناغی دواترو بەکاریگەربونی ئەم قۆناغییەکە[٥]. واتە (بیری چاک) نیشانەیەکی ڕونی هاتنو دەرکەوتنی قۆناغی دووەمە، واتە وتەی چاک، (وتەی چاک) کە قۆناغی دووەمو گەشەسەندوی مرۆڤی چاکەکارە، کاتێک کە هێنرایە گۆ، خۆی لەخۆیدا سەرەتای بەرجەستەبونی ئارمانج، خواست، بەرنامەی هەر مرۆڤێکە، کە دەخوازێت ئەوەی کە لەناخو دڵو مێشکیدا هەیە، کە (بیری چاک)ە، پەروەردەی بکاتو گەورەی بکاتو پاشان

سەرەتای پێشکەشکردنی ئەنجام بدات، کە خستنە سەر زمانو هاوردنە گۆیە، گرنگی ئەم قۆناغی دووەمە ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤ لەدڵیدا بیژێت خودا تاکەو بێنیازەو شایەنی پەرستنە، بیریکو ناخویژیەکی[٦] فرە باشو چاکەو قۆناغی یەکەمە، بەڵام لەمە باشتر ئەوەیە، کە لەناو خەڵکداو بەئاشکراو لەگشت شوێنێکدا بڵێت خودا تاکەو شایەنی پەرەستنە، بڵێت مرۆڤەکان ژنو پیاو، رەشوو سپی وەرن با پێکەوە بژینو تەباو هاوڕاو بێ ئاریشە بینو کۆتایی بەقارو قین بهێنین، ئەمە لەئەنجامی پێشخستنو گەشەپێکردنی قۆناغی یەکەم واتە (بیری چاک) ئەم بەرهەمە دێتە ئاراوە، چونکە مرۆڤ بیرو نیەتی چاک نەبێت، ناتوانێت وتەی چاک بێت، ئەوەتا پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەرموێت (بێگومان هەمو کردەوەیەکە بەنێتی چاک دەست پێدەکات). (کرداری چاک) کاتێک قۆناغی یەکو دو پێشخراو فراوانکراو چاکەو باشە لەناخەوە گوازرایەوە بۆ سەر زمانو گۆکردن ئینجا نۆرەی قۆناغی سێو کۆتاییەکە قۆناغی کامڵبونە، ئەویش (کرداری چاک)ە، لەڕاستیدا قۆناغی دووەم گرنگیو تایبەتمەندی خۆی هەیە، وەلێ ئەگەر قۆناغی یەکەم باش پێشنەخرێتو بەتەواوی کامڵو پڕ نەخرێت هاتنی قۆناغی دووەم زۆر ئەستەمە، هەرواش بۆ قۆناغی دووەم



وایە، تا قۆناغی دووەم کامڵ نەکرێتو چاکەو خاسە بەدروستی نەخرێتە سەر زوانو بێژە نەکرێت، هاتنی قۆناغی کۆتاییو دروستبون زۆر مەحاڵە، بۆیە قۆناغی سێیەم ئەگەر بەکامڵی پێشخرابێتو پێگەشتبێت، ئەو کاتە خزمەتێکی گەورەیە بە (دین، مرۆڤایەتی، نەتەوە، سروشت، ئازادی، ژن، پیاو، زانست، تەباییو ئاشتی)، کەسایەتی ڕاستەقینەو دروستی ژن دەگێڕێتەوە بۆ خودی ژن کە کەسایەتی ئازاد، سەروەر، بەرپرسو سەرەنجام دەسەڵاتە، کە دەکاتە (ژنسالاری)، پیشەی ڕاسەقینەی مرۆڤەکان دەگێڕێتەوەو کاری لەمێژینەی مرۆڤ کە دادوەرییو پێکەوە ژیانە دیاری دەکات، بەجۆرێک کەس نەچەوسێنرێتەوە، ئازادیی تەواو بۆ مرۆڤ فەراهەم دەکات، تا ئەو جێگەیەی پێت دەڵێت (تۆ ئازادیت، تا ئازادیی مرۆڤێکی تر پێشێل نەکەیت، کە کردت ئازاد نیت!)، چونکە (کرداری چاک) لەهەر بوارێکو لەهەر کاتو سەردەمێکدا بێت، خزمەتو ڕاژەیەکی فرە گەورەیە، بەگەشتنی مرۆڤەکان بەقۆناغی کۆتاییو کامڵبونو بەرجەستەکردنی کرداری چاکو پێشخستنی ئەو چەمکە گرنگە، مایەی ئاوابونی کۆمەڵگایەکی فرە ئاسودەو بەرهەم هاتنی ژیانێکی بێئاریشەیە ..لەدیندا کرداری باش داواکراوی



خوای گەورەیەو مایەی ڕەزامەندی یەزدانە، لەسروشت لەتەک مرۆڤەکان، لەتەک غەیرە دینەکانو لەتەک هەر کەسێکو بۆ هەر مەبەستێک کرداری باش هەر باشەو واتەی کارکردنە لەسەر ڕاڕەوێکی دروستو بەجێ، کەسێک بەناو یان بەسیفەتی دژبەری ئەم (کرداری باش)ە، بونی نییە، مەگەر تەنها پێچەوانەکەی واتە کەسی خراپدۆستو پیسەکارو دژە کۆمەڵگا..ئەم سێ وتراوەی پێغەمبەر زەردەشت پێویستیی هەر سەردەمێکن بۆ ژیانو مرۆڤو هەڵسوکەوتو پێکەوەژیانو جێبەجێکردنیان دڵنیایی سەبارەت دینو ژین دەبەخشێتە مرۆڤ. ئەگەر سەرنج بدەین دینەکانی (ئیسلام، ئیبراهیمی، ئێزەدی، یارسان، کۆنفۆشیۆسی، یەهودی، مەسیحی، میترایی، بوزاییو... هتد[٧]) هەمان شتو داواکراوی دینی زەردەشتیان وتوەو پێیان باش بووە، چونکە لەڕاستیدا خوای پەروەردگار هەمو دینەکانی بۆ چەند مەبەستێکی ڕون ناردوە، لەوانە (یەکخواناسی، کاری چاکە، ڕاستگۆیی، ئاشتیو پێکەوەژیان، زانستخوازی، ئازادیو یەکسانی، ڕێز لەیەک گرتنو هاوکاری یەککردن). هیچ پێغەمبەرێک بانگەوازی بۆ دو خواپەرستی نەکردوە، ئەگەر کەسێک بەناوی پێغەمبەرەوە ئەو جۆرە بانگەوازەی کردبێت، ئەوە پێغەمبەر نەبووەو



ناتوانرێت ببوترێت پێغەمبەرێک دو خواناس بووە! هیچ پێغەمبەرێک زوڵم [٨] و ستەمو زۆرداریی نەکردوەو قبوڵیشی نەکردوە، ئەگەر کەسێک بەناوی پێغەمبەرەوە ئەمەی کردبێت، لەڕاستیدا ئەوە پێغەمبەر نەبووەو تەنها ئیدیعای پێغەمبەرایەتی کردوە..(بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک)ی پێغەمبەر زەردەشتی کوردان، هەمو بوارەکانی ژیانو هەمو مرۆڤێکو هەمو گەلان دەگرێتەوەو جێبەجێکردنیشی دنیایەک لەئاسودەیی بەرهەم دێنێت، لێرەدا دەبینین زەردەشت لەژێر فەرمانی خوای تاکدا [٩] بەسێ قۆناغو هەنگاو (بیر، وتە، کردار)دا چاکەو باشە ڕەتدەکاتو مرۆڤی (نەوەکام) بەم سێ قۆناغە (کام) دەکاتو لەشۆڕشێکی تاکەکەسییەوە شۆڕشێکی گەورەی مرۆڤایەتی بەئاراستەی چاکەخوازیو ئاشتیخوازیدا بەرپادەکات بۆ ڕوبەڕوبونەوەی تەنگەژە دروستکراوەکانی دینو ژینو مرۆڤو ئازادی، گەورەترینو گرنگترین چەکی ئەم شۆڕشە بۆ هێرش لەدژی شەیتانو شەڕەنگێییو ئاڵۆزییەکانو هەروەها بۆ خۆپاراستن لەهێرشی ئەهریمەنو ئاڵۆزییەکان، تەنها (خۆڕاگرییو ئیرادەی خودی مرۆڤ)ە. ڕیزبەندیی ئەم قۆناغانە بەجۆرێکە هەر قۆناغەو تەواوکاری ئەوی دیکەیەو

بیٚ یەکیش کاملٚو تەواو نابن. لەکۆندا باوباپیران‌و پێشینانمان گوتویانە (بکە یەک، دلٚو دەستو زوانت، هەر ئەوە دەدورییەوە کە ڕوانت). من پێم وایە، ئەم پەندە کۆنەی کورد لەپێشدا لە بیرەکانی پێغەمبەر زەردەشتەوە وەرگیراوەو کراوەتە پەند بۆ نەوەکانی ئێستامان..لەکۆتایدا دەبێژم، هەزاران سەلامی خوای گەورە بۆ گیانی پاکی پێغەمبەری کورد زەردەشتو تەواوی پەیامبەرانی خودا..

بۆ زانیاری پترو وردەکاری ڕونتر بڕوانە ئەم سەرچاوانە..

خوێنەری دەلال زۆر سەرچاوەو ژێدەر هەن، لەسەر زەردەشتو دینی زەردەشتو پەیامی زەردەشت، وەلیٚ لێرەدا تەنها چەند دانەیەکیان وەبەر چاو دەخەم بەهیوای وەدەستخستن‌و سود ئاوەرییان، بەدواداچون‌و خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانە تا ڕادەیەک ڕون بەخش‌و ئاشکراکارە.

## سەرچاوەکان:

١- ئاوێستا، جەلال ئەمین بەگ، چاپی یەکەم، ١٩٩٩، ل (٦٠-٦١).
٢- افستا الكتاب المقدس للديانة الزرادشتية، د.خليل عبدالرحمن، ط. الاولى، ٢٠٠٧، ص (٦٧٠).
٣- ژوانی یەسنا، هەنگاوێک بۆ دۆزینەوەی بەشێک لەجوگرافیای ونبووی ئاڤێستا، شرۆڤەی جەلیل عەباسی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل ( ٤٤-٤٧).
٤- زەردەشتو زەردەشتیەکان، د. شەفیع حاجی ئەحمەدو محەمەد حەسەن



سەرگەینێلی، چاپی یەکەم، ١٤٣٠-٢٠٠٩، ل (٤٢-٧٧).
٥- تاريخ الزرادشتية، من بداياتها حتى القرن العشرين، مارى بويس، ت/ د.خليل عبدالرحمن، ط. الاولى، ٢٠١٠، ص (٣٠-٣١).
٦- زەردەشت هیوای ڕزگاری، دروێنەکردنی بابا سەقزی، ٢٠٠٦، ل (٢٥١-٣١٢).
٧- چیرۆکی ئاینەکان، سلێمان مەزهەر، و/ لوقمان حاجی قادر، چ. یەکەم ٢٠٠٨، ل (٣١٧-٣١٨).
٨- زەرتەشت، عبداللە قەرەداغی (مەلا عەلی)، چ. دووەم، ٢٠٠٧، ل (١١٥-١١٨).
٩- پەیامی هەورامان، هادی ڕەشید بەهمەنی، چ. دووەم (٢٧٠٣-٢٠٠٣، ل ( ٣٤٣-٣٤٥).

**پترگۆیی (پەراوێزەکان):**

١- بۆ زانیاری‌و شارەزایت لەسەر پێغەمبەرایەتی زەردەشتو کوردیەتی زەردەشتو واتای ناوی زەردەشت، بڕوانە: [گۆڤای قەندیل، ژ(٣)، ل٢٩-٣٤)]، بابەتی ئەشو، زەدەشت، چەند بۆچون‌و شرۆڤە (زەند)ێک، لەسەر واتاو مانای ناوی پێغەمبەری کورد (د.خ)، ئامادەکردنی بەختیار مام حەمید.

٢- بەداخەوە زۆر خوێنەرمان هەیە، تەنها بەخوێندنەوەی مانشێت یان چەند دێرێک لەبابەتێک دەستبەجیٚو کوێرانە بڕیاردەدات‌و خەتێکی ڕاستو چەپ دێنێت بەسەر ئەو بابەتەدا، ئەمەش کارێکی زۆر ترسناکە بۆ خوێنەری کورد..پێویستە ئەو بابەتە یان ئەو پەرتوکە یان هەر نوسراوێک کە نوسراوە، بەجوانی بخوێندرێتەوەو پاشان وەلٚام بدرێتەوەو بڕیاری لەسەر بدرێت.

٣- مرۆڤ ئەگەر لەسەر هەر کارێک ئیتر نوسین یان هەر شتێکی دیکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕەخنە بگرێت، ئەو ڕەخنە هۆکارێکە بۆ بەسەر خۆهاتنەوەو وریابونەوەو خۆ ڕێککردنەوەو هۆکارێکە بۆ دوبارە نەکردنەوەی ئەو هەلٚانەی کە کردونی.



٤- لێرەدا بۆ پتر بەرچاو ڕونی خوێنەر سیٚ وتراوە بەناوبانگەکەم بەزمانی (ئاڤێستا، کوردی ئێستا، فارسی) هێناوە، هەر چەندە شێوازی دەربڕینیان بەکوردی ئێستاو فارسی جۆری دیکەشی هەیە، بەلٚام ئەم دو شێوازە دەربڕینە باوترینیانن.

٥- ئەم سیٚ وتراوەی پێغەمبەر زەردەشت دەکرێت، بکرێنە سیٚ قۆناغ، ئەوانیش (بیری چاک قۆناغی یەکەم ، وتەی چاک قۆناغی دووەم، کرداری چاک قۆناغی سێیەم‌و کاملٚبون).

٦- وشەی ناخوێژ وشەیەکی کوردی ڕەسەنە، واتە ئەوەی لەناخدایە بوترێت.

٧- بەپێی دەقی قورئانی پیرۆز پێغەمبەر ئیبراهیم (س.خ) جگە لەوەی پەیامبەرێکی بەڕێز بو لای خوای مەزن، هەروەها دینێکی گەورەشی هەبو و پەرتوکی بۆ ڕەوانە کرابو بەناوی (مەصحەف)، ئێزەدی‌و یارسان دو دینی کۆنی گەلی کوردن، کۆنفۆشیۆسی دینی چینیاکانەو دامەزرێنەرەکەی مامۆستا کۆنگ یان کۆنفۆشیۆسە(٥٥١- ٤٧٠ پ.ز)، میترائی دینی کۆنی ئێرانییەکانە.

٨- پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) دەفەموێت خوای گەورە ((زولٚمو ستەمی لەسەر خۆی حەرام کردوە، بێگومان بۆ هەمو مرۆڤەکانیش حەرامە)).

٩- ناوی خوای گەورە لەدینی مەزدیەسنایی یان زەردەشتیدا (ئاهورامەزدایە)، واتە ڕوناکی گەورەو مەزن.



# چوار وێستگە لەژیانی شەهید ( عەلی حەمدی )دا

شکور حەسەن زەنگنە

شەهیدی ماندونەناس مامۆستا عەلی حەمدی ئامێدی .. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان بو.ـ ئەو مامۆستایە بو بەسەربازی ونبوی شۆڕش‌و شۆڕشگێڕی‌و داهێنان‌و خاوەن بەهرەی زانستیی ڕێکخستنی سیاسی‌و نەتەوەیی‌و نیشتمانپەروەری کەموێنە، کەوا پڕاوپڕ مێژوی ژیانێکی پڕ لەبەرخۆدان‌و سەروەری بەجێهێشت بۆ ڕۆلٚەکانی‌و بۆ گەل‌و نیشتمانەکەی.

بەندە ئەو کەسە نییە، بتوانیٚ ماف بەخۆی بدات لەئاست گەورەیی ئەو کەلٚەپیاوە قارەمان‌و شۆڕشگێڕو سیاسەتمەدارەدا قسەبکات‌و بنوسیٚ، بەلٚکو لەڕۆژگارێکی جۆراوجۆرو جیاوازدا لەچوار وێستگەی ژیانی ئەو زاتە مەزنە، کە لەنزیکەوە شەرەفمەندبوم بەناسینی، بتوانم تیشکێکی کەم بخەمە سەر ژیانی بەمۆمێکی بچوک، یان












پیرۆزبایی وەفدی نەتەوەی کورد لە شۆرشی تەمووزی ١٩٥٨

چرایەکی ناومالّی بنەمالّەو خێزانێکی هـەژاری شـاری کـفـری لەسەر دەستی مامۆستا عەلی حەمـدی وانـەی کـوردایـەتـیو رێکخستنی سیاسـیو شـۆرش فـێـربـونو بـەشـانـازیـیـەوە عەزیزەکانی خێزانو بنەمالّەکەمـان بـونـە قـۆچـی قـوربـانـی رێبازی کوردایەتی.. ئەو قوربانـیـیـانـەش ئـارەزومـەنـدانـەو خۆبەخشانە بو لەپێشبرکێکردن بۆ نواندنی دلّسۆزی بۆ گەلو نیشتمانو بیروباوەر.

**یەکەم وێستگە:**

پاییـزی سـالّـی ١٩٥٧ بـو.. ئـەو کـات رژێـمـی پـاشـایـەتـی



فەرمانرەوای ولاّتی عێراق بو.. لەشەوێکی مـەیـلـەو سـارددا، دانیشتنی ژورەوەی مالّ خۆشبوبو، ئەو مێژووە بەدیقـەت ٥٥ سالّ بەر لەمکاتو ساتەیە.

لەشەوێکی جیاواز لەشەوانی ئاسایی.. مامۆستا عەلی حەمـدی میوانی مالّمان بو، هەلّقەیەکی دەروێشی سۆفیگەری سیـاسـی لەدەوری کۆبوبونەوە.. کەسانێ دەرکەوت، دواجار خـەلّـکـانـی بەئەمەک، ئازا، چالاک، دلّسۆز، کۆلّنەدەربون.. زۆر بەهێمنـیو بێدەنگی گوێیان لەقسەکانیو ئەو بابەتانەی باسیدەکرد بۆیان، دەگرت.

وەکو نەریتی میوانداریو رێزنان لەمـیـوانـی ئـازیـز.. دایـکـی رەحمەتیم سینییەک چای بـەدەسـتـەوە بـو، دەرگـای وەلانـا، سینییە چاییەکەی رادەستم کرد بیبەمە ژورەوە.. لـەو چـرکـە ساتەدا مامۆستا عەلی حەمدی باسی ئیستـیـعـماری دەکـرد.. بەندەش وەک تەمەن بچوکیم بێ بیرکردنەوە، وتم: مامـۆسـتـا ئیستیعمار چییە؟ لەپڕ باوکم هـەسـتـاو لـێـم تـورەبـو، بـەلاّم مامۆستا بانگی کرد، کاک حەسەن وازبێـنـە، ئـەو کـورەم لـێ نزیککەرەوە.. کە رۆیشتمە خزمەتی بەنەوازشو گەورەیـیـەوە فەرموی: کورم ئەگەر بەیانی لای هاورێکانت بلّێیت ئـەمـشـەو لەمالّمان باسی ئیستعمار کراوە، پـۆلـیـس بـاوکـت دەگـرێو



حەپسی دەکات.

ئەوەندەی لەیادم بێت، ئامادەبووان: فەقێ محەممەد سەعاتچی، فەقێ عەلی، عەزیز کاکە حەمە، سەلاح عەلی میراخور، حەسەن خەلیفە مالیک.. کەسانێ لەیادم نەمـاون، داوای لـێـبـوردنـیـان لێدەکەم.

**وێستگەی دووەم سالّی ١٩٥٩-١٩٦٠:**

کفری بەشارێکی پڕ لەکەسانی شۆرشگێرو نیشتمانـپـەروەرو دلّسۆزی کوردایەتی ناسراوە.. لەسەردەمی رژێمی پاشایەتیدا هەستی نەتەوایەتی توندوتوڵ بو، رێکخستنە سیـاسـیـیـەکـان رەگی قولّیان لەناو خەلّکیدا داکوتابو.. حیزبی هیوا، سـەرەرای تەنگوچەلّەمەو رێگرییەکانی دەسەلاّتـداران لـەبـەرامـبـەریـدا، بوبووە میوانی مالّەکانو خەلّکانێکی پڕ لەسۆزی کوردایـەتـی لـەدەوری کـۆبـوبـونـەوە، فـێـری وانـەی شـۆرشـگـێـریو خۆبەختکردن دەبون، دواتر پارتی دیمـوکـراتـی کـوردسـتـان هاتو لەناو چینو توێژەکانی کۆمەلّگای کوردەواریدا جێگـای خۆی کردبووەوە.. حیزبی شیوعیش وەکو حیزبێکی عـێـراقـی هەبون.

هەر لەگەلّ راگەیاندنی شۆرشی چواردەی گـەلاوێـژی سـالّـی ١٩٥٨ دەلاقەیەکی گەورە لەبەردەم خەلّکیدا والاّ بو، کە بتوانن

هەناسەی ئازادی، گەر بۆ ماوەیەکی کەمیش بێت، هەڵبمژنو بەشداری لەکاری سیاسیو حیزبایەتدا بکەن.. ئا لێرەدا رۆڵی ژیرانەی کەسێکی وەکو مامۆستا عەلی حەمدی دەرکەوت، وەکو سیاسەتمەدارێک نەخشو کاریگەرێتی بۆ هەڵسوراندنی خەڵکەکە نیشاندا.

هەر لەبەرەبەیانەوە هەوڵو ماندوبونو ئامانجەکانی مامۆستا عەلی حەمدی هاتەهەڵهاتن.. دەها کەس کە قوتابی ئەو بون، بەجوانی بازاریان رازاندەوە، کۆمەڵ کۆمەڵ لەبەردەم چایخانەی شەهید ئەحمەد حاجی سەمین خردەبون، بەڵام ململانێکان لەشاری کفریدا وردە وردە بەجیاواز لەشارەکانی تری کوردستان تا دەهات، گەرموگورتر دەبو لەنێوان پارتی ـ شیوعی، جوتیار ـ ئاغاو خاوەن موڵکەکاندا.. بەشێکی برا تورکمانو کوردیشی گرتەوە، بەتایبەت کە موقاوەمەی شەعبی دامەزرا.. ئیتر راوەدونانی هەڤاڵانی پارتیو کەسایەتییەکانی تورکمان لەکفری دەستیپێکرد.

ئا لێرەدا کەسێتی تۆکمەی مامۆستا عەلی حەمدی دەدرەوشێتەوە، کە لێوەشاوەو بەئەزموون لەململانێی سیاسیو شارەزا لەچۆنیەتی رەفتارو کارکردن لەگەڵ بەرامبەرەکاندا، هێمنانەو شێلگیرانە دەبزواو بواری نەدەدا



توندوتیژییەکان بگاتە قۆناغی لێکترازانو کارەساتی نەخوازراو.

**وێستگەی سێیەم پاییزی ساڵی ١٩٦٠:**

ئەو کاتە ئەقڵییەتی سەربازی ناسیۆنالی رەگەزپەرستیو شۆڤێنی عروبی باڵیکێشابو بەسەر بیری ئەو کەسانەی لەپشت جوڵانو بەکارهێنانی جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسمەوە بون بۆ سەپاندنی تاکرەوی!!.. بارودۆخی عێراق شێوا، روبەری ئازادی بەرتەسک بووەوە، شاڵاوی راوەدونانو گرتنی تێکۆشەران لەحیزبو رێکخراوەکان دەستیپێکرد.

لەسەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانو لەناویاندا، مامۆستا عەلی حەمدی بەر شاڵاوی دەستگیرکردن کەوتو بە فەرمانی بەغداد لەلایەن پۆلیسی کفرییەوە گیرا. لەگەڵ دەستگیرکردنیو بردنی بۆ بەندکردن لەبارەگای سەرای کفری بۆ لێکۆڵینەوە، ئیتر شار شڵەژا.. مەترسی گرتنی هاوڕێو هەڤاڵە نزیکەکانی هەبو.. خەڵکی کەوتنە خۆشاردنەوەو لەبەرچاو ونبون.

گەرەکەکەی ئێمە کە گەرەکی (ئەوبەری)یان پێدەوت، هەر لەمێژ بو، وەکو قەڵایەکی سەختو بەرزی حەشاردانی ئەوانەی لەرژێمەکان نارازیبونو کوردایەتییان دەکرد،



تەماشادەکرا.. گەرەکێک دەها خێزانو بنەماڵە لەرێکخستنەکاندا بەشداربونو چالاکییان دەکرد.. ئەوکات هەر کەس لەشاری کفری دەربازبوایەتە ناو گەرەکە، وای هەستدەکرد، ئیتر ئازادەو لەدەست پۆلیسو ئەمن رزگاربووە.

رۆژی گرتنی مامۆستاو رۆژەکانی دواتر خەڵکانم دەبینی، کە خەنجەرو دەمانچەو هەندێجار تفەنگیان پێبو.. هەرگیز دیمەنی مام عەزەی خولێم لەبیرناچێ، کە ماڵی لەسەروی ماڵمانەوە بو، پیاوێکی باڵابەرزی رەشتاڵەی بەساڵاچو و هەژارێکی ماندونەناس، تفەنگێکی حوسکەی یەک تیری بەدەستەوە بو، بانگی باوکمی دەکرد : حەسەن چیبکەین؟ نەرۆینە ناو کفرییەوە.

ئەو گەرەکەو دانیشتوانەکەی لەبەرهەمی رەنجو تێکۆشانو ئامادەکردنی مامۆستا عەلی حەمدی بو، لەئاست هوشیارکردنەوەیانو پەروەردەکردنیان.

ماڵەوەمان شڵەژابو، هاتوچۆی هاورێکانی مامۆستا بەردەوامبو.. دەرکەوت کەسانێکی بەئەمەک لەهەڤاڵانی رێکخستنی پارتی لەناو شار لەهەوڵو کۆششو چالاکیدابون بۆ دۆزینەوەی رێگای چارەسەرکردنو رزگارکردنی مامۆستا عەلی حەمدی لەناو بارەگای سەرای کفریو دەربازکردنی.



شەو بەگران دەرۆیشت.. پیموایە لەنێوان کاتژمێر ٩و١٠ی شەودا بو، باوکم هاتەوەو لەبەرخۆیەوە دەیوت ئەلحەمدولیلا رزگاری بو، ئەوەتا بردیان بۆ پشت ئاشەکەی برایم سونعوڵڵا.. ئەو ئاشە دەکەوتە بەرامبەر ماڵەکانی ئەوبەری لەسەر رێگای گوندی بەلەگەی ناو داویە.. ئەوەندەی لەیادم مابێت وتی :رەشید سەعدوڵڵا ئاگای لێیەتیو خواردنی بۆ دەبات.

بێگومان خەڵکانی تر هەن، وردەکاری زۆرتر لەمبارەیەوە دەزانن، لەهەمان کاتدا ئەوەندەی بیستم، مەلا ئەحمەد مەقەسچی خەڵکی شاری دوز لەگەڵ رەزای قادر جاف دو کادیری رێکخستن بون، گواستویانەتەوە لەقاتەکانی کفرییەوە بۆ ناوچەی داویەو دواجار بۆ سەرەوە.

لەگەڵ هەڵایسانی شۆڕشی ئەیلول مامۆستا عەلی حەمدی دەکرێتە بەرپرسی لقی موسڵی پارتیو دواتریش بەبەرپرسی لقی سلێمانی پارتی، تاکو دەستگیرکردنیو بەندکردنی لەماوەتە.

**وێستگەی چوارەم:**

لەزستانی سەختی پر بەفرو بارانو رەهێڵەو سەرماوسۆڵەدا، رۆیشتن زەحمەتە، مەگەر تەنیا هەر پێشمەرگە بتوانن

لەڕۆژی باراناویدا بڕۆن‌و بەناو بەستەڵەکدا ڕێچەڕێ بکەنەوە. دوارۆژەکانی زستانی توشی سالی ١٩٦٥ ئاوابو، پێماننابووە ئاستانەی ساڵی ١٩٦٦ەوە، سەفەرێکی نەخوازراومان هاتەڕێ.. هەر ڕێگای دوربڕین‌و بەهەورازی قوچدا سەرکەوتن‌و ماندوبون‌و ئارەق دەردان، تاقەتپڕوکێن نەبو، بەڵکو زۆر تێپەڕین بەلای ڕەبایەکانی دوژمندا دژوارتربو.. لەزۆر شوێندا دەبوایە، چاوەڕوانی خۆراوابون‌و داهاتنی تاریکی شەوو ڕەحمەتی کرێوە بین.

کۆتا وێستگەمان ماوەت بو.. ئێمە ١٥-٢٠ کەس دەبوین.. لەلایەن دادگای ماوەتەوە، کە بەهجەت عەونی سەرۆکی بو، داواکرابوین، کە بۆ هەندێ کاری پێویست ئامادەبین.. نامەوێ هۆکاری بانگکردنەکەمان بگێڕمەوەو برینە بەسوێیەکان بکولێنمەوە، ئەوە بۆ مێژو هەڵدەگرم، قسەی خۆی تیادا بکات.

لەگەڵ ڕەحمەتی مەجید نامیق‌و شەهید حەسەن خەلیفە مالیکدا چوینە بەندیخانەی ماوەت.

هەر کە ناوی بەندیخانە دێت، مرۆڤ سام دەیگرێت، چونکە بەندیخانە شوێنی گرتن‌و بەندکردن‌و سزادانی ئەوانەیە، کە تۆمەتی سیاسی یان کۆمەلأیەتی یان هەر شتێکی تر دەدرێتە پاڵیان.. هەرچی بێت، بەندیخانە ئازادیی لەمرۆڤ دەسێنێتەوە،



کە گەورەترین دەستمایەی مرۆڤە، لەکۆتاییشدا مردنە.. تاوانبار تا نەچێتە ئەوێ، هەست بەهەڵەی خۆی ناکات.

ئەو بەندیخانەیە بەندیخانەیەکی گەورەبو، جۆرەها بەندکراوی تیادابو.. لەهەمو ناوچەکانی شۆڕشەوە بەندکراوی خاوەن سزا قورسەکانیان دەبردە ماوەت.. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام‌و بۆم ڕونبووەوەو بەلامەوە دڵتەزێن بو، هەمو بەندکراوەکان ترێنجرابونە سەریەکدا، سیاسی‌و دزو پیاوکوژ پێکەوەبون.. لەوانەیە بۆ ئەو ڕۆژگارە داواکردنی جیاکردنەوەی ئەو کەسانە هەندێک زەحمەت بێت، بەلأم هەر دەکرێ، جۆرێک مامەڵەی مرۆڤدۆستانە هەبێت.. ئەمە لەولأتە پێشکەوتووەکاندا هەر لە کۆنەوە پەیڕەوکراوە.

من لەناخەوە بەو دیمەنە ئازارم دەچێشت.. بۆچی کەسێکی سیاسی لەسەر بیروڕا یان مەسەلەیەکی تر بگیرێ‌و ئاوقای یەکێکی تر بکرێتەوە، کە تاوانی ناشیرینی ئەنجامداوە؟!

کە گەیشتینە ناو بەندیخانە، دەمانویست مامۆستا عەلی حەمدی ببینین.. ئەو پیاوە عەگیدەی دوێنی سەرکردەبو، لاپەڕەکانی ژیانی بۆ خۆبەختکردن دەنوسییەوە، تا گەلەکەی ئازاد بژی!! کەچی وا خزێنراوەتە کونجی مەرگەوە.

زۆرجار مێژو خەڵکانێکی بۆ دەبێت، پەردەی ڕەش لەسەر



ڕوداوی ڕەش لادا.. دیمەنەکە زۆر تراجیدی بو.. تراجیدیایەک کە پڕ لەململانێی نابەرامبەر لەنێوان ژیان‌و مەرگدا، کە پاڵەوانەکانی خاوەن داهێنان‌و مامۆستاو پێشمەرگەو سەرکردە بن.. سوتەمەنی حیزب‌و شۆڕش بن.. تراجیدیایەک هەمو ئاوات‌و ئامانجەکان بگاتە ئەنجامێکی نەخوازراو، کە بەهاترین بونی مرۆڤ زیندویەتی‌و مانەوەیەتی لەدرێژەدان بەژیان‌و خۆبەختکردن لەگۆڕەپانی قوربانیدان لەولأتێکدا، کە خۆیان بەرپرس بن لەسەرکردایەتیکردنی سیاسی‌و شۆڕشگێڕی ئەو ناوچانەی بەرپرسی بوون!

لەژورێکی ناو زیندانی بەندیخانەکەدا، مەحمودی حاجی تۆفیق کارگێڕی لقی سلێمانی هاوڕێ‌و هەڤاڵی شەهید عەلی حەمدی بەندبو لەگەڵیدا، هەروەها ئەفسەرێکی ڕەش ئەسمەری یەخسیری سوپای عێراق بەئەسڵ فەلەستینیش لەگەڵیاندا بەندبو.

هەر کە شەهید عەلی حەمدی ئاگادارکرایەوە، ئێمەگەل پێشمەرگەی سنوری کفرین‌و هاتوین سەردانی بکەین، بانگی لێ بەرزبووەوەو فەرموی: وەرنە پێشەوە، بۆنی کفریتان لێدێت، بەقوربانی خاک‌و شەهیدەکانی بم.. کوڕەکانی گەرمیان با بۆنتان بکەم‌و ماچتان بکەم!



هەموتان بگەڕێنەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی سەرکردەیەکی ماندونەناس‌و نمونەیی، ڕۆڵەیەکی بەئەمەکی ئامێدی لەبناری سەربەرزی گاراو مەتین، لەسۆلاف‌و سەرسەنگەوە بێتە گەرمیان‌و کەرکوک‌و بچێتە بەغداو موسڵ‌و دواتر بەرپرسیارێتی سنوری سلێمانی پێ بسپێردرێ.. مەگەر مامۆستا عەلی حەمدی‌و نمونەی تێکۆشەری تری وەکو ئەو، بەم وێستگە سەختانەی ژیاندا گوزەری کردبێت.

ئەو لەو بناری ماوەتە لەبەندیخانەدا بەرزەفڕانە هەڵۆئاسا ڕۆح تەسلیم دەکات، بەرزەبالأ بە ئاسمانی کوردستانی یەخسیردا لەشەقەی باڵدەدات بەئێستاکەشەوەو هەتاهەتایە لەنێوان کفری‌و ماوەتدا خەمناکانە هاتوچۆدەکات‌و بەئەسپایی تەماشامان دەکات.. لەئاسمانی کفریدا زەردەخەنەیەک دەیگری‌و ئەو ڕۆژانەی دەربازبونی لەسەرای بیردەکەوێتەوە.. کاتێکیش دەگاتەوە بەندیخانەی ماوەت، ڕۆح تەسلیم دەکات.. ئەو زاتە مەزنە یەکەم کەس نەبو و دوا کەسیش نابێت بەم مەرەیە چوبێت.

لێرەدا تەنیا ئەوەم بیردێتەوە، کە دەڵێن: **الثورة تاكل رجالها**.. واتە شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی هەڵدەلوشێت.هەر سەربەرزونەمربێت یادی گەورەمرۆڤی کورد مامۆستای شەهید عەلی حەمدی.

## پرۆفایل

عەلی حەمدی موسا بەرواری ساڵی ١٩١٨ لەگوندی بیدۆهی ناوچەی ئامێدی لەدایکبووە.

خوێندنی سەرەتایی لەسنوری ئامێدیو ناوەندی لەموسڵو دواناوەندی لەبەغداد تەواوکردوە.

لەکولێجی ماف وەرگیراوەو نەیتوانیوە بخوێنێ.

لەدائیرەی تاپۆی بەغداد دامەزراوە.

یەکێک لەئەندامە باڵاکانی حیزبی هیواو دەستەی دامەزرێنەری حیزبی رزگاری کوردو پارتی دیموکراتی کورد بووە، کە دواتر بووەتە پارتی دیموکراتی کوردستان.

دەبێتە ئەندامی لیژنەی ناوەندی (سەرکردایەتی)پارتی دیموکراتی کوردستان.

دواتر بۆ دائیرەی تاپۆی کفری دەگوێزرێتەوەو لەهەمان کاتدا دەبێتە لێپرسراوی ناوچەی کفری پارتی.

سەرپەرشتی دەرکردنو چاپکردنی رۆژنامەی (رزگاری) زمانحاڵی پارتی لەکەرکوک کردوە.

لەساڵی ١٩٦١دا لەکفری لەلایەن حکومەتەوە دەگیرێو بەئازایەتی خۆی لەزیندانی سەرای کفری دەربازدەبێو دەگاتە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەو شۆرش.



دەبێتە لێپرسراوی ناوچەی موسڵو دواتر لێپرسراوی سنوری سلێمانی.

ساڵی ١٩٦٤ بەهۆکاری ناکۆکییەکانی ناو پارتییەوە دەگیرێو لە ١٩٦٦/١/١ شەهید دەکرێت.





# گفتوگۆیەک لەگەڵ دەربازبویەکی ئەنفال لەدوزخورماتو

ئا: دلێر کەریم

حەسەن بەهجەت خەڵکی گوندی (لەک قادر سەرهەنگە)و لەکاتی شاڵاوەکەی ئەنفالدا لەگەڵ خێزانو خزمو کەسەکەیو ماڵەکانی تری گوندەکەیو ماڵە هارویێیەکاندا بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێتو لەمەرکەز شەبابەکەی دوزخورماتو دوای ئەوەی پەنجەرەی سبجنەکەیان لەلایەن جاشەکانەوە دەشکێنرێت لەگەڵ میمکێکیدا هەڵدێتو لەماڵ خزمێکیاندا تا



دوای نیوەرۆ دەمێنێتەوەو دواتر دەگاتە ماڵ خۆیان لەکفری، کە بەهۆی خوێندنەوە بنەیەکیان لەوێ دەبێت، کە دو برای خوێندکار بونەو خوشکێکیان بنەوانەیان دەبێت، تەنها لەخێزانەکەی خۆیدا ٦ خوشکو ٣ براو باوەژنی ئەنفالکراونو نەگەڕاونەتەوە، جگە لەئامۆزاو خەڵکی تر لەگوندەکەی.

دلێر کەریم/ تۆ بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتی؟

حسن بەهجەت/ بەڵێ.

دلێر کەریم/ ئێوە لەکوێ ئەنفال کران؟ باشە بەچەند رۆژێک پێش کارەساتەکە ئاگاداری ئەوەبون، کە ئەنفال دەکرێن؟

حسن بەهجەت/ بەڵێ، بەر لەدەستپێکردنی کارەساتەکە رۆژانە فرۆکە دەهاتە سەر گوندەکەمان (گوندی لەک قادر سەرهەنگ)و تۆپبارانی ناوچەکەی دەکرد، کە دای لەدێکەی ئێمە، کەسێک شەهیدبو، لەناوچەی داودە شەهید بوبو، بەڵام لەدێکەی ئێمە ناشتیان، خۆی خەڵکی دێی زنانەی ناوچەی داودە بو، لەو بن کەڵۆزانە بوین، کە دوبارە فرۆکەکان دایان لێمان.

دلێر کەریم/ بەو تۆپبارانکردنو هاتنو چونەی فرۆکەکان دەتانزانی، رژێم پەلاماری ئەنفالی بەدەستەوەیە؟

حسن بەهجەت/ بەڵێ، ئاگامان لەو بارودۆخە بو، کە دەوری

ناوچەکەمان گیراوەو جێشو جاش هێرشی کردوە لەهەر چوار لاوە؟

پ/ چۆن ئەنفالکرانو لەکوێ سەرەتا جێش هات بۆ دێکەتان؟

حسن بەهجەت/ کۆشک گیرا، هەر ئەو رۆژەی دێی (کۆشک گیرا وەبەیانییەکەیدا فرۆکە دایلێمان، رۆژی دواتردا چوین لەوێ واتا لە (کۆشک)، خۆمان دابەدەستەوە، ژمارەمان (٤٢) کەس بو، کە خەڵکی گوندی (لەک قادر سەرهەنگ) بوینو هەندێک ماڵی ئاوارەو هاروبیش لەوێ بون.

دلێر کەریم/ واتا لە(لەک) دەرچون چون بەرەو (کۆشک)؟

حسن بەهجەت/ بەڵێ هەمو خزمو کەسوکارەکەمان پێکەوە





گوندەکەی خۆمان جێ هێلاو رۆیشتین بەرەو (کۆشکی خوارو) لەبان سەر چەمی (قویلە).

دلێر کەریم/ پێداویستیی رۆژانەو مەرو ماڵاتو شتومەکتان لەگەڵ خۆتان برد، یان بەسەڵتی چونو شتەکانتان جێ هێلا؟

حسن بەهجەت/ شتەکانمان زۆربەی جێ هێلا، هەندێکی کەم نەبێ، کە بەباری (گوێ درێژ) بردمانو مەرو ماڵاتەکەمان هەموی بردو رادەستی جێشەکەمان کرد.

دلێر کەریم/ لەرێگا توشی پێشمەرگە نەبون، کە پێتان بڵێت، خۆتان رادەستی هێزەکانی رژێم مەکەن، ئێمە شەردەکەینو دەتان پارێزین؟

حسن بەهجەت/ نەخێر لەو کاتەدا توشمان نەبون، بەلام پێشتر پێش ئەوەی (کۆشک) بگیرێ، کە خەڵکی گوندەکان لەترسی تۆپبارانی فرۆکەکاندا گوندەکانیان جێ دەهێشتو دەچونە بن کەلۆزەکان پێشمەرگەکان دەیانگوت، ئەوا لەترسی ناندان بەپێشمەرگە دەرۆن.

حسن بەهجەت/ ئێوە خۆتان بەدەستی چ هێزێکەوە دا، جێشی سەر بەسەربازی بون یان جاش؟

حسن بەهجەت/ هێزەکانی رژێم لەجێشو جاش پێکهاتبون، جاشەکانیش جاشی هەولێر بون.



دلێر کەریم/ دوای دەستبەسەر کردنتان بەرەو کوێ بران؟

حسن بەهجەت/ لەوێ نانی بەیانیان پێداین، بارمانیان کرد بە (ئیفا) بردمانیان لەبان سەر (ئاوباریک)، شوێنێکە پێی دەڵێن (گەرە چیاو) دامانیان نا تا ئێوارە، بارانێکی زۆر باری، پاشان بارکراینەوەو براین بەرەو ئاوایی (کانی قادر)، لەوێ کۆستەر وەستابو، هەر لەوێ ئاژەڵەکانمانیان برد.

دلێر کەریم/ چاوتان بەخەڵکی دێکانی تر کەوت؟

حسن بەهجەت/ لەشان گوندی ئاوباریک کە رۆیشتینە بان خەڵکی گوندی کۆشکمان هەمو بینی، تەنانەت ئافرەتێکیان بەفیشەک بریندار کردبو، لەبن کەلۆزێکدا تەقەیان لێی کردبو، ئەویشیان هێنابو، لەوێشەوە بەکۆستەرەکان بەو شەوە بردمانیان بوۆ دوز، بۆ ناو قوتابخانەیەکی چوار پۆلی (مەرکەز شەباب).

دلێر کەریم/ نازانی ناوی قوتابخانەکە چی بو؟

حسن بەهجەت/ نەخێر، نازانم ناوی چی بو، بەلام دەزانم چوار پۆلی بو، وەلای خەڵکی بە(مەرکەز شەبابەکە) ناودەبرا.

دلێر کەریم/ چەند شەو لەوێ مانەوە؟

حسن بەهجەت/ دو شەو لەوێ ماینەوە، پاشان بران بۆ تکریت؟



دلێر کەریم/ تۆ نەبرای؟

حسن بەهجەت/ من نەرۆشتم بۆ تکریت، چونکە لەسجنەکەی دوز جاشەکان پەنجەرەی سجنەکەیان شکاندو منیش دەرباز بوم.

دلێر کەریم/ جاشەکان پەنجەرەکەیان شکاند، یان خەڵک خۆی شکاندی؟

حسن بەهجەت/ جاشەکان بەهاوکاری خەڵک، ئامر سریەیەک بو بەناوی (جەبارە درێژ).

دلێر کەریم/ لەکاتی شکاندنی سجنەکەدا ئایا خەڵکی زۆر دەربازبون؟

حسن بەهجەت/ بەڵێ، رەنگە ٧٠ بۆ ١٠٠ کەسێک رای کردبێ.

دلێر کەریم/ ئێوە چۆن راتان کرد، لەقاتی خوارەوە بون یان لەقاتی سەرەوە؟

حسن بەهجەت/ قوتابخانەکە یەک قات بو لەبەیتونەکەی سەرەوە، کە پەنجەرەکەی (کەتیبە)ی پێوە نەبو، خەڵک بەپشتوێن گوریس خۆی دەکردە خوارەوە، یان دەستی یەکتریان دەگرتو کە کەسێک دەگەیشتە خوارەوە، یارمەتی ئەوانەی سەرەوەی دەدا.

دلێر کەریم/ چۆن خەڵک هەموی دەرباز نەبو، هەندێکی نەبێ؟

حسن بەهجەت/ جاشەکان زۆربەی خزمەکانی خۆیان دەردەکرد، خزم خزمێنەی تێدابو، منیش ئەو کاتە دەرچوم، چومە ماڵ خزمێک، لەوێ نانی نیوەڕۆم خوارد، پاشان برایەکم هات بەشوێنمداو بردمیەوە بۆ کفری.

دلێر کەریم/ ماڵەکە نەدەترسان، کە هەڵهاتویەکی ئەنفالکراو داڵدە بدەن؟

حسن بەهجەت/ نەخێر، چونکە من تەمەنم ١٢ ساڵ بو و بۆ ماوەی تەنها تاقێکیش مامەوە.



# من حەزم لە گیرفانی پڕە!

خەڵەف غەفور

لەم سەردەمەدا، گیرفان گرنگییەکی گەورەی لەژیانی مرۆڤەکاندا هەیە، پڕی گیرفان مرۆڤ دەکاتە پیاوێکی ترو پێچەوانەکەیشی پەراوێزو پشت مەجلیس دەبێتە میوانی هەر پیاوێکی بەشانو شەوکەت.

نایشارمەوە، من حەزم لەگیرفانی پڕە، گیرفانی پڕ وا دەکات، مرۆڤ زیاتر لێت نزیک ببێتەوەو خوشی بوێیت، هەروەک گیرفانی پڕ دەبێتە مایەی ناوو ناوبانگ، دەتوانیت ڕەزامەندی خوایشی پێ بەدەست بێنی، وەکو دەڵێن ئەگەر ڕەحمەتی خوای لەگەڵ بێت.

گیرفان ئەگەر پڕ بو، لای من دەبێتە هۆکارێکی جوان بۆ ڕازاندنەوەی مێژویش، مێژو بەگیرفانی جۆراوجۆرەوە جوانە، بۆیە لەم لایەنیشەوە گیرفان بەهایەکی خۆی لەدەست نادات.

خاڵی ناکۆک لێرە لەسەر گیرفانو پێناسەکەیەتی، ئەوەی لای من گیرفانە ئەسڵەکەیە، شوێنی پولو پارە نییە، بەڵکو شوێنی فێربونو نوسینو بیروبۆچونو زانستو زانیارییە. گیرفان



لای من گیرفانی ئەو پیاوانە نییە، کە تەنیا دەستێکی نەوسنی تیا ئەهاون، بەڵکو گیرفانی قەڵەمو زانستو زانیاریو ئەدەبو هونەرە.

کە لەگۆڤاری گیرفان بومە جێگری سەرنوسەر، پێسپاردنی کارێکی غەریب نەبو، چونکە پێشتریش بەهۆی هاورێتیم لەگەڵ مەلا تەحسین گەرمیانی زۆر لەئیشەکانم وەکو ئەرکێکی هاوڕێیانەو گەرمیانانە دەکرد، بۆیە لەماوەی چەند ژمارەیەک هەوڵی جددیم دا، بۆ ئەوەی گیرفان پڕبێت لە بابەتی بەسودو باشو نوسەرانی دیار تیادا بنوسن.

دەزانم نەمانتوانی ئیشی زۆر بکەین، هەڵەمان هەبو، چاپو چاپخانە بەدڵی ئێمەو خوێنەرەکانمان نەبو، بەڵام زۆربەیان لەدەرەوەی ئیرادەو دەسەڵاتی ئێمە بو.

لەم ژمارەیەوە من بەسیفەتی جێگری سەرنوسەری گیرفان بەشدار نابم، زۆر ئەرکو کاری تر وایانکردوە، لەو ئەرکە بکشێمەوە، بەڵام تەنیا بەناو دورئەبم، بەڵکو وەکو ئیشوکار چیم پێبکرێت بۆ پڕکردنی گیرفان، بێ دودڵی ئەیکەم.

بۆیە دەڵێم حەزم لەگیرفانی پڕە، لەو باوەڕەوەیە پێمخۆشە هەر ژمارەیەکی گیرفان لەوی پێشخۆی باشتربێت، پڕتربێت لەنوسینو وتارو توێژینەوەی جوانو بەپێز.



لای من گیرفان بەپڕی جوانە، چەند خۆشە گیرفانی گەرمیان پڕبێت: پڕ لەوتار، بەرهەمی ناوازەی نوسەرانو ڕۆشنبیران.

ئاواتم ئەوەیە هەمیشە گۆڤاری گیرفان بەپێزبێت، ببێتە یەکێک لەکارە جوانەکانی گەرمیان.

پڕیی گیرفان لێمان دەخوازێ، هەمومان هاوکاربین، خاوەنداریی لێ بکەین، سا ئیتر لەدەستەی نوسەران یان کۆلکە خوێنەوارێکی ئەم گەرمیانە ڕوتو ڕەجاڵەی خۆمان بین. لەنوسەرە باشەکانی گەرمیانەوە تا فایەق، کە سەرنوسەری گیرفان قسەکانی ئەکاتە وتارو نوسین پێویستە خەمی پێشخستنی گیرفان لەکۆڵ بگرین.

من هەمیشە وائەکەمو ئێوەیش کەیفی خۆتانە.